# نارێکییەکانی داگیربوون

**ناوی کتێب: نارێکییەکانی داگیربوون**

**نووسەر: ژیرۆ زاگرۆس**

**بابەت: هزر و ئەندێشە**

**چاپ: ئەلەکترۆنی**

**ساڵ: ٢٠٢٠**

## ناوەڕۆک


پێشگوتن ........................................................ ١

خوێندنگە، قوربانگای یەکەم ........................................ ٤

خوێندەواری و نەزانی ............................................ ٩

شووناس و ناسنامە............................................... ١٧

ناودارانی نەناس ................................................ ٢٥

دەستی شێر و چنگی پڵنگ ........................................ ٣١

زۆری و بۆری(دابەشبوون بۆ یەکگرتن) ............................ ٤٠

پارت، هێمای نەگبەت و پیرۆزی................................... ٥٠

کاوێژی مێژووی درۆ.............................................. ٥٨

ژینۆسایدی ڕەش و سپی .......................................... ٦٤

جەستەیەک لە پسانەوە، هەیکەلێ لە دابڕان......................... ٧٠

زاری بێ زمان و زمانی بێزار ..................................... ٧٩

ناو و ناتۆرە..................................................... ٨٨

جاش، زیخێکی نێو چاو .......................................... ٩٤

جاشایەتی فەرهەنگی و شانازی.................................... ١٠٣

گیرۆدەبوون ...................................................... ١١٣

پرسیارە نارێکەکان................................................ ١٢١

پووکانەوە ........................................................ ١٢٥

کۆچی ناچاری و توانەوەی یەکجاری ............................... ١٢٩

کوردبوون ........................................................ ١٣٤

شەيدايی قوربانی بۆ جەلاد ........................................................ ١٤١
داگيرکەری باش، داگيرکەری خراپ ....................................................... ١٤٧
ناسيۆناليزمی سەرەتايی ................................................................... ١٥٣
بەها بێنرخەکان و بەهاکانی بێنرخی(و پێناسەی سياسيبوون) ..................... ١٥٩
ماڵی وێران و ويژدانی بيمار ............................................................. ١٦٣
بزە و کزەی هاوکات ........................................................................ ١٦٧
نارێکی مەزن و شەڕی مەزن(پاشگوتن) ............................................... ١٧٢

پێشکەش بە:

دێڕێک لە هۆنەی پەشێو

چرکەیەک لە ژیانی ئاپۆ

# نارێکییەکانی داگیربوون

## ژیرۆ زاگرۆس

## پێشگوتن

**من وەک کوردێک زۆر پێشتر لەوەی کە بتوانم مانایەک بۆ نیشتمان بدۆزمەوە و هەست بە داگیربوونی ولاتەکەم بکەم، لە یەکەم ساڵەکانی خوێندنگەوە هەستم بە جۆرێک لە داگیربوونی خۆم کردووە. ئەو وەختانەی کە لە ئێوارانی ماڵدا، باپیرم بە داستانە شێعرییە دوور و درێژەکانی وەک «ڕوستەم و زۆراو» و «ڕوستەم و تەمینە» و «شەڕی ئەفراسیاو» و «شەڕی کەی کۆزادی دێو» و «شیرین و فەرهاد» و دەیان چیرۆکی شێعری حەماسی و ئەویندار ی دیکە بە زمانێکی نزیک لە زمانی خۆم ڕۆحی تێراو دەکردم و بۆ بەیانی کە دەچوومە خوێندنگە و لەوێ دەر و دیوار و کتێب و مامۆستاش بە زمانێکی نامۆ لەگەڵمدا دەدوان و منیش لەنێو ئەو زمانەدا وەک ڕۆحێکی وێڵ و سەرگەردان دەخولامەوە، بە یەکجاری هەستم بە نارێکبوونی ڕۆحی خۆم دەکرد. ئەو کاتانەی کە لە ماڵەوە حەسەن زیرەک دەیبردمە کەشکەلانی ئاسمان و سروودە بێتامەکانی خوێندنگە دیسان دەیانخستمەوە خوارەوە بۆ سەرزەوی، بەڕاستی هەستم دەکرد کە من مرۆڤێکم پڕ لە نارێکی. وردە وردە کە گەورە دەبووم و بالاّم دەکرد نارێکییەکانیش لەبەر چاوم گەورەتر و زیاتر دەبوون، هاوکات منیش ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو ئەو ئاکام و ئەنجامە نزیک دەبوومەوە کە «تەواوی ئەو نارێکییانە بەرهەمی تاڵی داگیربوونی مرۆڤی کوردن». ئەوەی ڕاستی بێ من هەمیشەی ژیانم لەگەڵ تاڵی ئەم نارێکییانەدا ژیاوم، بەلاّم ئەم تاڵییە هیچ وەختێ**

هێندەی یەکەم ڕۆژی خوێندنگەی کچەکانم تۆخ نەبووە و ئازاری نەداوم. من هەمیشەی ژیانم سیستەمی پەروەردەی داگیرکەرانم بە نارێکییەکی گەورەی داگیربوون زانیوە کە بۆ خۆشی ژێدەری یەکەم و سەرچاوەی سەرەتایی و سەرەکی بەرمهێنانی نارێکی گەورەتر بووە لەم کوردستانە(دواتر لەسەر ئەم نارێکییە بە وردی باس دەکەین)، بەڵام لە ڕێگەی خوێندنگەی منداڵەکاندا نەتەنیا ئەم نارێکییە لە خەیاڵمدا مەزنتر و ترسناکتر دەینواند، بەڵکوو خۆیشم بە نارێکترین مرۆڤی داگیرکراوی سەر ئەم سەرزەمینە دەهاتە بەرچاو کە خەریک بووم بەدەستی خۆم منداڵەکانم بەرەو خوێندنگەیەک دەبرد کە لانیکەم چەندین دە ساڵە قوربانگای یەکەم و ڕەنگە گرنگترینی قوربانگەکانی زۆر شتی ئێمەی کوردی داگیربووە. لە گەڕانەوەمدا بۆ ماڵ ئەم خیاڵ و مەراقانە بوون بە یەکەم چەکەرەی نووسینی «نارێکییەکانی داگیربوون».

«نارێکییەکانی داگیربوون» لەڕاستیدا ئاوڕدانەوەیەکی بچووکە لە بەشێکی زۆر کەمی ئەو نارێکییانەی کە داگیربوون هۆکار، ژێدەر و سەرچاوە و پێکهێنەری یەکەم و سەرەکییانە و دەیان ساڵە بە شێوازێکی سیستەماتیک هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش بەردەوام خەریکە لەسەر کوردستان و لەنێو جڤاکی کوردیدا دەیانچێنێ و بەرهەمیان دێنێ . لە هیچکەسێ شاراوە نییە کە کوردستان وڵاتێکی دابەشکراوی داگیرکراوە. ئەم دابەشکاری و داگیرکارییە دیاردەیەکی ئاسایی نییە و بێگومان نموونەی لە مێژووی جیهاندا ئەگەر بێوێنە نەبێ زۆر دەگمەنە. سێ نەتەوە بە چوار دەوڵەتەوە، چوار فەرهەنگ

به‌ سێ زمانه‌وه‌، هه‌ر هه‌موویان به‌ دوو ئایینه‌وه‌، به‌ به‌رچاوی جیهانه‌وه‌ سه‌ریان كردووه‌ته‌ لاشه‌ی هاوسێیه‌كیان و له‌م پێناوه‌شدا چی ئامرازی پێشكه‌وتوو و كه‌ره‌سته‌ی سه‌رده‌مه‌ نه‌ماوه‌ به‌كاری نه‌هێنن، ولاتێ نه‌ماوه‌ یارمه‌تییان نه‌دات و ڕێبازێ نه‌ماوه‌ تاقییان نه‌كردبێته‌وه‌ و فێلێك نه‌ماوه‌ نه‌یانكردبێ بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م داگیركارییه‌ به‌كۆمه‌ڵه‌ و ئه‌م دابه‌شكردنه‌ گه‌له‌كۆمه‌یه‌ به‌ ناڕێكترین شێواز له‌سه‌ر كوردستان جێبه‌جێ بكه‌ن. داگیركه‌رانی كوردستان زیاتر له‌ سه‌د ساڵه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی تۆكمه‌ و توندوتۆڵ و هاوئاهه‌نگ جگه‌ له‌وه‌ی كه‌ به‌ ئاراسته‌ی تالانكردنی كوردستان و به‌ ئاقاری قڕانكردنی كورد هه‌نگاو ده‌نێن، به‌رده‌وام هه‌وڵیانداوه‌ كه‌ ئه‌م كیانه‌ جۆگرافی، دیمۆگرافی، سیاسی و فه‌رهه‌نگییه‌ به‌ شێوازێك به‌رێوه‌ ببه‌ن كه‌ ئه‌گه‌ر بۆیان نه‌كرا به‌ ته‌واوی له‌ناو خۆیاندا بیتوێننه‌وه‌ و بیسڕنه‌وه‌، لانیكه‌م به‌ جۆرێ تووشی ناڕێكی بكه‌ن كه‌ شالووده‌ی تێكبدرێ و هه‌میشه‌ ئازاری ئه‌م ناڕێكییانه‌ بژی و ئیتر نه‌توانێ له‌هه‌مبه‌ر داگیربوونی خۆی و ولاته‌كه‌ی سه‌رهه‌ڵبداته‌وه‌. ئه‌م ناڕێكییانه‌ هێنده‌ ناڕێكن كه‌ ته‌نانه‌ت زۆر جاران به‌ ئاسانی ده‌توانن لایه‌نه‌ به‌هێزه‌كانی جڤاكی كوردی بگۆڕن بۆ بێهێزی، ساته‌وه‌خته‌كانی شانازی و پیرۆزی ئه‌م گه‌له‌ وه‌رچه‌رخێنن بۆ نه‌گبه‌تی، ڕه‌وشته‌كانی بكه‌ن به‌ ناڕه‌وشتی، خۆشه‌ویستی بنوێنن به‌ نه‌فره‌ت و به‌گشتی خاڵه‌ ئه‌رێنییه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی كوردی بگۆڕن بۆ خاڵی نه‌رێنی. بۆ تێگه‌یشتن له‌ به‌شێكی بچووكی ئه‌م ناڕێكییانه‌ ئێستاش ئێوه‌ و «ناڕێكییه‌كانی داگیربوون».

## خوێندنگە، قوربانگای یەکەم

بە درێژایی ئەم نووسینە هێدی هێدی دەپەرژێینە سەر هەندێکی زۆر کەم لە باندۆر و دەرهاویشتە نەرێنی و لێکەوتە نارێکەکانی دیاردەی داگیربوون، بەڵام ئێستا با هەر لێرەوە وەک درێژەی پێشەکی و وەک دەروازەیەک بۆ دەسپێکی ئەم کتێبە تیشک بخەینە سەر خوێندن و خوێندنگە وەک یەکەم وێستگەی شێواندنی کەسایەتی و یەکەم کارگەی چاندنی نارێکی لە ناخی مرۆڤی داگیرکراوی کورد و یەکەمین هەنگاو لە نارێکییەکانی داگیربوون. ساتەوەختی ڕووکردنە خوێندنگە بۆ منداڵی داگیرکراوی کورد لەڕاستیدا ساتەوەختی وێڵبوونە لە دووڕێیانێکی دەسپێک و کۆتادا کە ئەمرۆ لێکیان جیا دەکاتەوە. کۆتایی گەشە و بووژانەوە لە باوەش داب و نەریت و فەرهەنگی دایکدا و دەسپێکی لەناوچوون و توانەوە لەنێو فەرهەنگێکی نامۆی داگیرکەردا. ئەم مرۆڤە داگیرکراوە لەمەولا بۆ ئەوەی لە زمانی مامۆستا تێبگا دەبێ هەر ڕۆژەو چەند پەیڤێک لە زمانەکەی خۆی لەماڵەوە بەجێبێڵێ و وشەی زمانێکی سەردەستی دیکە بخاتە شوێنیانەوە. ئەم ڕۆژە ڕۆژی سەرهەڵدانی کەسێکی دیکە و دەسپێکی ژیانێکی دیکەیە لەنێو ئەم مرۆڤەدا و هاوکات سەرەتای دوئالیتەیەکی دژوازی تراژیدیکیشە. ئەو دەچێ تا لە ڕێگەی زمانەوە زمانەکەی خۆی لێ بزر بکرێ، لە ڕێی دیرۆکەوە مێژووی بشێوێنرێ و بە جۆگرافیا نەخشەی وڵاتەکەی لێ تێکبدرێ و بەکورتی لە ڕێگەی خوێندنەوە نەخوێندەوار بکرێ و لە ڕێگەی زانینەوە تا ئەوپەڕی نامۆیی بە خۆ بێگانە و نامۆ ببێ. لە سبەینێی

دەسپێکی خوێندنەوە ئیتر مرۆڤی بندەستی کورد ئەم دوئالیتەیە بە ڕاسکانی دەژی و دەبێتە بووکەڵەیەک کە خوێندنگە چۆنی دەوێ یاری لەگەڵ دەکا و بەرەو کوێی دەوێ فڕێی دەدا. ئەوەی ئەم ڕۆژە بەرجەستە دەکاتەوە ئەوەیە کە ڕۆژێکی نمادینە بۆ دەستپێکی ژیانێکی نوێ و نامۆی تەواو نارێک کە لەوانەیە دەیان ساڵ بخایەنێت. سیستەمی خوێندن و پەروەردەی داگیرکەری سەر کوردستان جگە لەوەی کە بۆ خۆی نارێکییەکی گەورەی نێو جڤاکی داگیرکراوی کوردە، دەزگایەکی مەزنی بەرهەمهێنانی زۆرێک لە نارێکییەکانی دیکەیە کە لە بەشەکانی داهاتوودا زیاتر تیشک دەخەینە سەر ئەم نارێکییانە. بەکورتی لێرەدا بەسە ئەوەندە بڵێین کە خوێندنگە دەسپێکی ژیانێکی ساختە و درۆکانی و نارێکە بۆ مرۆڤی داگیرکراوی کورد کە ئەگەرچی دەسکردی دیاردەی داگیربوونە، لە هەمان کاتدا ئامێرێکی گەورەی سەپاندن و بەردەوامی دۆخی داگیربوون و ئامرازێکی گرینگە بۆ ئامادەکردنی مرۆڤی کورد بۆ ئاسایی وەرگرتنەوەی داگیربوونی خۆی.

ئەم دەزگایە بە سالان هەموو ڕۆژێ پەیڤێک، داستانێک، گۆرانییەک، مەتەڵێک و پەندێکی پێشینانمان لەبیر دەباتەوە و لەنێو خۆیدا لە چاڵیان دەنێ و بزریان دەکا. ئەم دەزگایە وەک بوونەوەرێکی زیندووی سیستەمی دەوڵەت نەتەوەی داگیرکەر بەبڕیارە دۆخی داگیربوون بەسەر هەموو قۆناخ و هەموو قوژبن و هەموو چرکەکانی ژیانی ئەواندا بسەپێنێ. زمانی ڕەسەنی مرۆڤی داگیرکراوی کورد دەبڕێ و زمانێکی نامۆ دەخزێنێتە زاریەوە، بەها

ڕەسەنەکانی لێ دەستێنێتەوە و بە نرخەکانی فەرهەنگی سەردەست پێیان دەگۆڕێ، کەسایەتی ماڵەوەیان لەبەر ڕادەماڵێ و کەسایەتی دەسکردی خۆی دەکاتە بەریان، مێژوویان دەسڕێتەوە و بە مێژوویەکی درۆ دایاندەپۆشێ و ... هتد. ئیتر خوێندنگە بۆ ساڵانێکی زۆر دەبێتە دەزگایەک بۆ چاندنی هەموو ئەو نارێکییانەی کە بە کاری ژیانی بندەستی و داگیربوون دەشێن و سیستەمی داگیرکەر لەوێ دەیانکا بە بندەستێک کە داگیربوون وەک ژیانێکی ئاسایی بژین و وەک باڵندەیەکی دەستەمۆی نێو قەفەز داگیربوون بە چارەنووسی ئاسایی دەزانن.

ئەگەرچی وەک تا ئێستا دیار کەوتووە ئەم ڕەوتە لەسەر گەلی کورد بە شێوازێکی پەرجووئاسا نەیتوانیوە بە سڕینەوەی تەواوەتی کوردی داگیرکراو بگات و نەیتوانیوە مرۆڤی کورد بە تەواوەتی بگۆڕێ و سەرلەنوێ لە چوارچێوەیەکی تردا بیئافرێنێ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ خوێندنگە لە کوردستانی داگیرکراودا یەکێکە لە سەرچاوە هەرە بنەڕەتی و هەرە کاریگەرەکانی دروستکردنی هەموو جۆرە نارێکییەک لەسەر تاک و جڤاکی داگیرکراوی کوردی. تاکوو ئێستا لە سایەی ئەم دەزگایەدا زۆربەی هەرە زۆری منداڵانی کوردستان بە زمان و فەرهەنگی خۆیان نامۆ کراون و لە بەرانبەردا کەوتوونەتە دۆخێکەوە کە تەنانەت بیرکردنەوەشیان بە زمانی سەردەست بێ. بە شێوازێک لە مێژووی خۆیان بێئاگا کراون کە تەنانەت زۆرجار بە هێما گەورەکانی دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان شانازی دەکەن. بلیمەتان و شانازییە نەتەوییەکانی خۆیان ناناسن، بەڵام

هونەرمەندانی نەتەوەی سەردەست لە لایان تا ئاستی پەرەستن خۆشەویستن و ... هتد.

من بۆ خۆم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە باشی ئاشنای ئەم ناڕێکییانەم. بۆ وێنە زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ماد و ساسانی هیچ نازانن، بەڵام گەوجانە بە شانازییەوە لە کۆرش و تالاننامەی بێستوون و هەخامەنشی دەدوێن. زۆربەی خەڵک هەڵبەسڤانێکی کوردیان نەخوێندووەتەوە، کەچی بەشێکی زۆر لە حافز و سەعدییان لەبەرە. زۆرینەی خەڵک کاتێ ڕووبەڕووی پرسیارێک دەبنەوە ناتوانن بە زمانەکەی خۆیان بیر بکەنەوە و بەرسڤی پێبدەن و پەنا دەبەنە بەر زمانی فارسی...

بەکورتی دەزگای خوێندنی سیستەمی داگیرکەر لە کوردستان یەکێکە لە بناخە سەرەکییەکانی دروست کردنی ناڕێکی لە کوردستان و هەڵە نییە ئەگەر بڵێین سەرچاوەی یەکەمی ناڕێکی داگیربوون لە کوردستان بریتییە لە دەزگای پەروەردە و خوێندن. دەزگایەک کە بەرهەم و داهێنراوی داگیرکارییە بۆ داهێنانی داگیربوون و بەرهەمهێنانی مرۆڤی ئامادەی داگیربوون. ئەڵبەتە ئەوەی کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا ئەم ناڕێکییەی زۆر ترسناکتر و بەباندۆرتر کردووەتەوە ئەوەیە کە جڤاکی کوردی هاوکات کە بە تەواوی دڵنیایی و متمانەوە ڕۆڵەکانی خۆی ڕادەستی دەزگای پەروەردەی سیستەمی سەردەست کردووە، ئەو بەشە لە ئەرکی خۆی لە پێگەیاندنی منداڵەکانی پێکنەهێناوە. لەم ڕوویەوە بێگومان

**بەشێکی زۆری ئەم نارێکییە دەکەوێتە ئەستۆی خودی ئێمەی کورد بۆ خۆمان.**

## خوێندەواری و نەزانی

تا ئەو شوێنەی کە من بەتایبەت لە ڕۆژهەلات تێبینیم کردبێ، ئەوانەی کە بە سیستەمی پەروەردەی دەوڵەتی سەردەست خوێندەوار کراون نەتەنیا زۆر زیاتر لە خەڵکی ئاسایی ئامادەگی توانەوەیان تێدایە، بەڵکوو خۆیانیش زۆرجار بەشێکن لە پرۆسەی تواندنەوەی کورد لەنێو فەرهەنگی سەردەستدا.

بۆ وێنە زۆربەی ئەو کەسانەی کە منداڵەکانیان لە زمانی دایکی بێبەش دەکەن خوێندەوارن، خوێندەوارانی کورد کە دەبنە فەرمانبەری دەوڵەت ئاسانتر و ئاساییتر لەگەڵ داگیربووندا ڕادێن، تەنانەت زۆرێکیان کە دەبنە هاوکاری داگیربوون، هەوڵدەدەن ڕەفتار و زمانیان لە هەڵسوکەوت و زمانی سەردەست نزیک بکەنەوە و تەنانەت لە قسەکردن بە زمانی دایکیشدا دەکۆشن تا ئەو جێگەیە بۆیان دەکرێ چەند پەیڤێکی زمانی سەردەستی تێکەڵ بکەن و هەمیشە زیاتر لە کەسانی دیکە تێگین و چەمک و زاراوەکانی دەسەلات و زمانی سەردەست کاوێژ دەکەنەوە و ... هتد. بەگشتی خوێندەواران زیاتر و زۆرتر بەرەو داوێنی فەرهەنگی سەردەست ڕادەکێشرێن، ئاسانتر لە فەرهەنگی دایک دادەبڕێن و سووکتر پشتی لێدەکەن و ئامادەگی توانەوە و دەستەمۆبوونیان لەلایەن دەسەلاتەوە زیاتر تێدایە.

بەم پێشەکییە کورتە با پێکەوە لە هەندێ ئەنجام و لێکەوتەکانی سالانی خویندنی مرۆڤی بندەستی کورد بکۆلینەوە بۆ ئەوەی هەندێ ڕوونتر و نزیکتر لە واتای دەستەواژەی قوربانگای یەکەم بۆ

پێناسەی خوێندنگە تێبگەین. بەڵام پێش ئەوە با برێ پرسی بنەڕەتی لەمەڕ چەمکی خوێندن لە خۆمان بکەین و بزانین تێگەهی ڕاستەقینە بۆ خوێندن چییە. پرسگەلێکی وەکوو خوێندەواری چییە، خوێندەوار کێیە، ئەو بنەمایانە چین کە کەسی خوێندەوار پێیان دەناسرێتەوە، ئایا خوێندەواری تەنها بریتییە لە توانای نووسین و خوێندنەوە، ئەگەر وابێ گەلۆ خوێندەواری بە زمانی دایک لەگەڵ خوێندەواری بە زمانێکی سەردەست چی جیاوازییان هەیە، ئایا بەدەست خستنی بڕوانامەی خوێندەواربوون بەواتای خوێندەواری دێت؟... و هتد.

بەپێی زۆربەی پێوەرە جیهانییەکان هەندێ لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی خوێندەواری بریتین لە توانای درووست کردن و پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگادا و هەروەها لەگەڵ هزر و بیر و باوەڕە جیاوازەکاندا، توانای بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی داهات و خەرجی ڕۆژانە، توانای لێک جیاکردنەوەی ڕاستی و درووستی ئەو پەیامانەی کە بە مرۆڤ دەگات، توانای پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منداڵەکان بەشێوازێکی سەردەمی و شایستە، توانای کەڵک وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای سەردەم. و ئەڵبەتە ڕوون و ئاشکرایە کە هەموو ئەم تایبەتمەندییانەش باس لە ژیانی مرۆڤێکی ئاسایی لەنێو کۆمەڵگە ئاساییەکەی خۆیدا دەکەن. بە واتایەکی دی بەشێکی زۆر گەورە و گرینگی خوێندەواری بریتییە لە ڕاهاتنی مرۆڤ بۆ ژیانی ئاسایی و بێکێشە لەنێو کۆمەڵگەکەی خۆیدا.

ئەمڕۆ کە دوای ساڵانێکی زۆر لە خوێندن بۆ خۆم بیر لە پێناسەی خوێندەواری دەکەمەوە، دەکەومە یادی یەکەم ڕۆژەکانی ڕۆیشتن بۆ خوێندنگە. لەو ڕۆژانەدا هەموو کەسێ دەیانگوت خوێندن وەکوو ڕووناکی وایە، مرۆڤی نەخوێندەوار وەکوو کوێر وایە و لە هیچ ناگات، هەرکەسێ نەخوێنێ دەبێ بۆ دۆزینەوەی ئادرەسێک دەستی بگرن، مرۆڤ بە خوێندن زانا و ژیر دەبێ و ... هتد. لەڕاستیشدا ئەمجۆرە تێڕوانینەی خەڵک بۆ خوێندەواری تا ڕادەیەکی زۆر هەر ئەوانە بوون کە پێوەرە جیهانییەکان پێناسەی دەکەن. بەڵام ئەمڕۆ با لەگەڵ یەکدی بزانین ئاکامی خوێندنەوەی بەساڵانی هەموومان لە کوێوە بەرەو کوێ ڕۆیشتووە و بە کوێ گەیشتووە. ئێمە هەر لە دەسپێک و سەرەتاوە لە زمانی دایکی خۆمان دابڕاین و نابەدڵ خراینە داوێنی زرزمانێکی سەردەستەوە، نە لەبەر ئەوەی زمانەکەی خۆمان تێری نەدەکردین و نە بۆ ئەوەی زرزمانی سەردەست بەخێومان بکات و بمانگەیێنێ، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بۆ ئەوەی بمانتوێنێتەوە و لانیکەم بەشێک لە ڕۆحمان بگۆڕی و دیسان ئەگەر بۆی نەلوا هەر هیچ نەبێ دەروونمان لیخن بکا و بمانشێوێنێ. ئەوەی ڕاستی بێ دەسپێکی ئەم چارەنووسە نادیارە گەلێ ئاڵۆزتر و مەترسیدارتر بووە. هەمووومان بە تیروپشکی دۆخی داگیربوونمان لەنێوان سێ زمانی داگیرکەردا دابەش کراین و بەم شێوەیە هەر لە سەرەتاوە نەتەنیا لە زمان، بەڵکوو لە بەشێکی زۆری هاوزمانەکانی خۆمانیش دوور کراینەوە و دابڕێنراین. بە واتایەکی دی، تەنیا ئەمە نەبوو کە بە زمانی خۆمان نەخوێنین، بەڵکوو لەمە زیاتر و خراپتر، لەگەڵ

هاوزمان و هاونەتەوەکانی خۆماندا تەنانەت بە یەک زمانی هاوبەشیش نەمانخوێندووە تا بەشکەم لە دوارۆژدا وەک ئەندامانی یەک پەیکەری جڤاکی لەگەڵ یەکتریدا پردێکی هاوبەشی دانووستانمان هەبێ. بەم شێوەیە ئەگەر یەکێ لە ئەرکەکانی پەروەردە و خوێندن بۆ خەڵکی ئاسایی بریتی بووبێ لە دروستکردنی پردی پەیوەندی هاوبەش لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، پەروەردە لەسەر ئێمە بە پێچەوانەوە کاری کردووە و نەتەنیا هەرکامە لە ئێمەی وەک مرۆڤێکی ژێردەست لەگەڵ خۆماندا بە شەڕدا داوە بەڵکوو لە فەزای ڕەسەنی نەریت و زمانی خۆمانیش دایبڕیوین.

ئەگەر لەمە گەڕێین، لەڕاستیدا ئێمە دوای ساڵانێکی زۆر ئەگەرچی زۆر شت فێر کراوین و زۆر زانیاری دەزانین، بەڵام بە تۆزێ سەرنج و وردبوونەوە لە زانستەکانی خۆمان بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی زانیارییەکانمان ڕاست و دروست نین و تەنیا هەندێ ناڕاستین کە بە ڕووکەش و ڕواڵەتێک لە ڕاستی داپۆشراون و خزێنراونەتە نێو مێشکمانەوە. ئێمە لە خوێندنگە بە ساڵان مێژوومان خوێندووە، بەڵام مێژوویەکی دەسکردی درۆکانی. بەشێکی زۆری جۆگرافیامان خوێندووە، بەڵام جۆگرافیایەک پڕ لە ناوی نامۆ و گۆڕدراو. زمانمان خوێندووە بۆ ئەوەی زمانەکەی خۆمان لەبیر بچێتەوە. شێعر و هەڵبەستی زۆرمان لەبیرە، بەڵام زۆرێکمان تەنانەت یەک شاعێری زمان و وڵاتەکەی خۆمان ناناسین و ... هتد. بەکورتی ئێمە سەرەڕای ئەو شتانەی کە دەیانزانین هێشتا مرۆڤێکی

ناتەواوین و ئەوەی بۆ کەسێکی ئاسایی پێویست بێ نایزانین. بە لای منەوە خوێندن چیدی تەنیا بریتی نییە لە زانین، بەڵکوو بریتییە لە زانینی ڕاستییەکان و مرۆڤی نەخوێندەوار ئەو کەسە نییە کە کەم دەزانێ، بەڵکوو ئەو کەسەش کە شتی ناڕاست و هەڵەی زۆر دەزانێ لەڕاستیدا ئەویش نەخوێندەوارە و نەخوێندەواری چقاس نەزانین بێ، هەزار هێندە زانینی ناڕاستییەکانە.

لێرەدا خاڵێکی گرینگی دیکەش هەیە و ئەویش، کەسی خوێندەوار بە کەرستە و تێگینەکانی سیستەمی سەردەست بەراورد بە کەسی نەخوێندەوار هەڵگری نارێکییەکی زۆر کوشندەیە و ئەویش ئەمەیە کە زانیارییەکانی سیستەمی سەردەست هێندە بە گوێ و زار و مێشکیدا قانگ دراونەتەوە کە پێی وایە هەموویان ڕاستی پەتین و مەگەر بەدەگمەن، دەنا زۆر ئەستەمە بتوانرێ ئەو زانیارییە نەڕاستانەی کە وەک بەڵخی نێو کتری ڕەش لە مێشکیدا کەڵەکە کراوە لە وجوودیدا پاک بکرێنەوە. هەر بۆیە مێشکی تاکی خوێندەواری سیستەمی داگیرکەر مێشکێکی خەسێنراوە کە بە باشی لەگەڵ داگیربووندا ڕادێ و زۆر ئەستەمە دوبارە وشیار بکرێتەوە. لایەنێکی دیکەی خوێندەواری مرۆڤی بندەستی کورد بریتییە لە خوێندن بە زمانێکی جیاواز لە ناخی خۆی. بێگومان بەشێک لە واتا و پێناسەی خوێندەواری بریتییە لە خوێندن بە زمانی دایک. بە واتایەکی دی ئەو کەسەی کە هەر لە سەرەتاوە لە زمانێ خۆی دادەبڕێ، چقاس بخوێنێ هێشتا ناتوانێ تەواوی مەرجەکانی خوێندەواری تێدا بێ و بە پێچەوانەوە زۆربەی بەڕواڵەت

خوێندەوارانی کورد لەڕاستیدا نەخوێندەوارن. بە گوتنێکی دی لە سیستەمی داگیرکەری سەر کوردستاندا چەندە زیاتر بخوێنی هێندەش نەخوێندەوارتر دەبی و لەم ڕوویەوە دەتوانین بڵێین هەموو مرۆڤێکی داگیرکراوی کورد چقاس خوێندبێتی بە هەمان ڕادەش نەخوێندەوارە. دڵنیام کەسانێکتان بینیوە کە ئەگەرچی شەل و بڕ و بە زارەکی دەتوانن زمانی خۆیان بپەیڤن، بەڵام کاتێ دەیانەوێ ڕستەیەک لە زانایەک بگێڕنەوە ناچار بە زمانی سەردەست دەیگێڕێتەوە، ئەو وەختانەی کە دەیانەوێ بیر لە پرسیارێک بکەنەوە لەنێو مێشکیاندا، دیسان هەر بەو زمانە سەردەستە دەفکرن و بیری لێدەکەنەوە، کاتێ دەیانەوێ بۆ چەند خولەکێ بە ڕێکوپێکی لەسەر شتێک بدوێن، ناچار دەبن پەنا ببەنە سەر زمانی سەردەست. لە ئاکامدا ئەگەرچی ئێمە هێشتا زمانەکەی خۆمان بە شێوەی زارەکی پاراستووە، بەڵام بەراورد بە زمانی سەردەست کە هەمیشە بە ئێمە وەک زمانێکی زانستی و بەرز داناسراوە، هێشتا لەباری دەروونییەوە زمانەکەی خۆمان بە زمانێکی پەستتر و بێ بایەختر دەزانین، هێماکانی زمان و فەرهەنگی خۆمان ناناسین و لە بەرانبەریشدا هەموو سیمبۆلێکی زمانەکانی سەردەست هەر لە منداڵییەوە لە خەیاڵماندا گەورە کراونەتەوە. لە ئەنجامدا خۆمان و نەتەوەکەمانیش لە بەرانبەر نەتەوەی سەردەست بە کەمتر و خوارتر دەزانین و ئەمەش ڕێک ئەو ئاکامەیە کە سیستەمی داگیرکەر لە یەکەم ڕۆژی خوێندنگەوە دەیهەوێ بە سەر ئێمەدا بیهێنێ.

کەواتە ئەمرۆ زۆربەمان سەرەڕای ئەوەی کە لە پلەیەکی بەرزدا خوێندەواریمان هەیە، بەڵام بەواتای ئەوەی کە خۆمان، زمان و فەرهەنگمان، بلیمەت و کەسایەتییەکانمان، جوگرافیا و مێژوو و ئەفسانەکانی نەتەوکەمان و ... هتد بناسین، هەموومان کەسانی نەزانین و وێڕای ئەمە و زیاتر لەمەش بووینەتە کەسێکی نزمی ئەندامی نەتەوەیەکی نزم لە ئاست نەتەوەی داگیرکەردا. ئەمەش یانی یەکەم پەسنەکانی خوێندن لەڕاستیدا هەمان یەکەم فێڵەکانی سیستەمی داگیرکەری کوردستان بوونە بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی نارێکی داگیرکراو کە بە تەواوەتی ئامادەی هەم داگیربوون و هەمیش ڕاهاتن لەگەڵ داگیربووندا کراوە. بەکورتی لە کوردستان ئەگەر مرۆڤ لە واتای داگیربوون تێگەیشتبێ و بکەوێتە یادی یەکەم ڕۆژ و یەکەم هەنگاوەکانی بەرەو خوێندەواری، تێدەگا کە لەڕاستیدا ئەو هەموو پەسندانەوە و پێداهەڵگوتنانەی ئەوکاتە یەکەم درۆکانی ژیانی بوونە کە لێی کراون. ئەم مرۆڤە کاتێ بە دروستی ورد دەبێتەوە دەزانێ چۆن فێڵی لێکراوە و چۆن گۆڵی خواردووە. لەڕاستیدا دۆخی خوێندەوارانی سیستەمی سەردەست بە ڕوونی دەیسەلمێنێ کە ئاواتی ژیربوونی مرۆڤەکان و هیوای پێگەیشتنی منداڵەکان لەڕێگەی خوێندنگەی سیستەمی داگیرکەرەوە نەتەنیا خەیاڵێکی پووچ و بێ واتایە، بەڵکوو هەوڵدان و بیرکردنەوەیە لە جۆرێ لە تاوان و تەنانەت شێوازێکە لە تاوانێکی گەورەتر. بۆ وێنە هەرکەسێ لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕابمێنێ بێگومان باش دەزانێ کە خوێندەواران زیاتر لە خەڵکی دیکە لە زمان و

**فەرهەنگی دایک دادەبڕێن و بە ئاراستەی فەرهەنگی فارسیدا هەنگاو دەنێن. تاکوو ئێستا ئەوانەی کە زیاتر لەگەڵ داگیربووندا ڕاهاتووون زۆرینەیان توێژی خوێندەوارانن. تەنانەت هەر ئەوانن کە زیاتر بوونەتە هاوکار و داردەست و پاڵپشت بۆ سیاسەتەکانی دەوڵەتی سەردەست.**

**بەکورتی خوێندەواری لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمی سەردەستی کوردستاندا توخمێکی زۆر گەورەی لە نارێکی تێدایە کە بەشێکی زۆر لە نارێکی داگیربوون لە ناخی تاکی داگیرکراوی کوردی خوێندەواری ئەم سیستەمەدا دەچێنێ. نارێکییەک کە دەتوانین ناوی بنێین «نەخوێندەواری بەزانست و نەزانی لە ڕێگەی خوێندەواری».**

## شووناس و ناسنامە

ئەگەر بمانەوێ لە دەسپێکی ئەم بەشەدا بە شرۆڤەیەکی کورت لەسەر واتای دەستەواژەکانی «شووناس» و «ناسنامە» ڕاوەستە بکەین پێویستە بڵێین: لەحاڵێکدا کە ناسنامە(پێکهاتوو لە دوو وشەی «ناس» و «نامە» و بە واتای نامەی داناسین) بریتییە لە گوزارە، تاپۆ، یان هەر پێناسەیەکی دیکە کە بۆ داناسینی هەر کیان و بوونەوەرێکی وەک تاک، کۆمەڵگە یان هەر شتێکی دیکە بەکار دێ، بەڵام شووناس(پێکهاتوو لە واژەکانی «شوون» و «ناس» و بەواتای ئەو شوێنە کە مرۆڤ لێی هاتووە یان تێیدا لەدایک بووە) بریتییە لەو کەسایەتییەی کە کۆی تایبەتمەندییەکانی هەر بوونەوەرێک کە بەهۆی هەڵگرتنیانەوە بە شێوازێکی خوەزایی بۆی دروست دەبێ و بەوانەوە دەناسرێتەوە. بە واتایەکی ڕێکتر و دەقیقتر، شووناسی هەر بوونەوەرێک گوزارەیە لە ناخ و ڕەسەنایەتی و ڕاسەڵەی ئەو بوونەوەرە کە لە دۆخی سروشتیدا تا ڕادەیەکی زۆر جێگیر و مایندەن و بەهۆیەوە دەناسرێ، بەڵام ناسنامە تەنیا پێناسەیەکی ڕواڵەتییە لەو کەسەی کە پێیەوە دەناسرێ. ناسنامە دەتوانێ شتێکی دەسکرد و تەنانەت ساختەش بێ، لەحاڵێکدا بە پێچەوانەوە شووناس خوەزایی و ڕەسەنە و بە واتایەکی دیکە، چقاس شووناس گوزارە بێ لە ڕاسەڵەی هەڵگرەکەی، ناسنامە دەتوانێ بە هەمان ڕادە ڕواڵەتێکی دەسکرد و تەنانەت درۆکانیشی بۆ دروست بکا.

یەکێ لە ڕێبازە هەرە سەرەکییەکانی سیستەمی داگیرکاری سەر کوردستان هەمیشە بریتی بووە لە ڕامالین و داکەندنی شووناسی کوردی لە مرۆڤی داگیرکراوی کورد و بە بەردا کردنی ناسنامەیەک بەو شێوازەی کە ئەو دەیەوێ بندەستەکەی پێ پێناسەی بکا. یەکێ لە بوارەکانی ئەم ڕێبازەش بریتییە لە کاڵکردنەوەی هەرجۆرە هێمایەکی کوردی و هاوکات ڕەنگڕێژ کردنی سیمای ئەم هێمایانە بە دەمامکێ لە خەسڵەتەکانی خۆی وەک نەتەوەی سەردەست. بە گوتنێکی دی، مرۆڤی داگیرکراوی کورد هەم وەک تاک و هەم وەک کۆمەڵ هەمیشە لەنێوان دوو جەمسەری شووناس و ناسنامەدا سەرگەردانە. ئەڵبەتە سەربوردەی زیاتر لە سەد ساڵی داگیربوونی کوردستان هەتا ئێستا دەریخستووە کە پێناچێ چیتر شووناسی کوردی بە ناسنامەی داسەپاوی سیستەمی داگیرکە بیدۆڕێنێ و بە تەواوەتی خۆی بدا بە دەستەوە و ڕەوتی نسکۆی ئەم شووناسە تا ڕادەیەک توانیویەتی بەرۆواژ ببێتەوە. سەرەڕای ئەمەش ئەم سیستەمە توانیویەتی شووناسی کوردی لەبەر بەشێکی بەرچاو لە جڤاکی کورد بسڕێتەوە کە ئەڵبەتە لەچاو ئەو هێزەی کە تاکوو ئێستا لەم پێناوەدا خەرجی کردووە ڕێژەیەکی زۆر کەمە. ئەگەر لە چارەنووسی ئەم کەمینەیە گەڕێین، وێڕای ئەم ڕاستییەی کە پرۆژەی لەناوبردنی شووناسی کوردی و پێچانەوەی لە ناسنامەیەکی ساختە و دەستکرددا پرۆژەیەکی شکست خواردووە، بەڵام هەڵگر و ژێدەری گەلێ نارێکی دیکەیە. گرینگترینی ئەم نارێکییانە ئەوەیە کە زۆربەی وەختەکان تاک و جڤاکی کوردی لە هەمان کاتدا کە

شوێنکەوتە و گرێدراوی شووناسی نەتەوەیی خۆی بووە، بەهۆی گەلێ هۆکاری لێکەوتەی داگیربوون هەوڵی بەدەستخستن و لەبەرکردنی ناسنامەی سیستەمی داگیرکەریشی داوە. دوو میناکی خوارەوە بە ڕوونی دەتوانن ئەم دۆخە دوئالییەمان بۆ وێنا بکەن.
بۆ چەند چرکەیەک وا بزانن کە ئێستا سەردەمی بەهێزی دەوڵەتی سووریایە و کیانی ڕۆژاوا هێشتا سەریهەڵنداوە. دەزانین کە زۆرێک لە خەڵکی ڕۆژاوای کوردستان ناسنامەی وڵاتیبوونیان نییە. لەم دۆخەدا مێردمنداڵێک بێننە بەرچاو خۆتان کە ناسنامەی نییە و تەنانەت وەک وڵاتییەکی سووریش قەبووڵ ناکرێ. ئەڵبەتە ڕەنگە ئەو لە ناخی دڵەوە هێندەش بەم هەڵسوکەوتە نیگەران و دڵشکاو نەبێ و بە شێوەیەکی سروشتی شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە بکا و تەنانەت پێشی خۆش نەبێ کە وەک وڵاتییەکی سووریای عەرەبی پێناسە بکرێ. بەڵام ئەم کەسە وەختێ هێدی هێدی خەریکە تێکەڵاوی جڤاک دەبێ، لە زۆر بواردا ئیدی هەست دەکا پێویستی بە ناسنامە هەیە. بۆ وێنە ئەگەر ناسنامەی وڵاتیبوونی نەبێ ناتوانێ مامەڵەی کڕین و فرۆشتن بە هیچ شتێکەوە بکا، تەنانەت ئەگەر شتێکیش بکڕێ ناتوانێ بەناوی خۆیەوە تاپۆی بکا، ناتوانێ لە هەڵبژاردندا بەشداری بکا، ئەگەر ستەمێکی لێکرا ناتوانێ سکاڵا تۆمار بکا، ناتوانێ منداڵەکانی بنێرێتە بەر خوێندن و ... هتد. بەگشتی ئەم تاکە هیچ نییە جگە لە مرۆڤێکی پووچ و بێکێش لەنێو وڵات و کۆمەڵگەی خۆیدا کە لەچاوی دەسەڵاتی سەردەست و تەنانەت لەوانەیە لەچاوی کۆمەڵگەکەی خۆشی بە نارێک بێتە

بەرچاو. ئەم نارێکییە لەو شوێن و ساتەوەختەوە دەست پێدەکات کە هێزێکی داگیرکەر وڵاتەکەی بە خودی خۆشییەوە لێ داگیر کردووە و ناسنامەیەکی ساختەشی بۆ بڕیوەتەوە، بەڵام تەنانەت ئامادەش نییە کە ئەو ناسنامە ساختەیەشی پێ ڕەوا ببینێ و بەمجۆرە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لە سەنگ و کێشی کۆمەڵایەتی خۆی خاڵی کردووە و دۆخی ئەم مرۆڤەی گۆڕاوە بۆ چارەنووسێکی مەترسیدار کە بە تەواوی مانا بریتییە لە ئاوێزەبوون و کەوتنە نێو هەڵپان و بۆشێکی نادیار. گەلۆ ئاکامی ئەم دۆخە چی دەبێ و بە چی دەگات؟!.

بێگومان لەم دۆخەدا بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی سووری عەرەبی هەرچەندیش ڕەنگە نابەدڵ بێ ئاواتێکی گەورەیە بۆ ئەم مرۆڤە بندەستە بێکێشە و لەڕاستیدا بەدەستهێنانی کاغەزێک بەناوی ناسنامەی وڵاتیبوون ڕێگەیێکی گرینگە بۆ ئەوەی کە بتوانێ بەشێک لەو کێش و سەنگە دۆڕاوەی خۆی لەنێو جڤاکدا بەدەست بێنێتەوە. تاسە و ئارەزووی بەدەستهێنانی ناسنامەیەک کە بەئەنقەست و ڕاستەوخۆ شووناسی مرۆڤ بنپێ دەکا لەڕاستیدا نارێکییەکی گەورەیە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکییەکی دەروونی کە وەک گرێیەک هەتا کۆتایی ژیانی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە.

دەتوانین نموونەیەکی دیکەی ئەم نارێکییە لە قەوارەیەکی گەورەتردا لە چارەنووسی کوردانی فەیلیدا ببینین. کوردانی فەیلی وەک میراتگرانی ڕەسەنی ساسانی و خاوەنە ڕەسەنەکانی کەسرا کە بە سەرهەڵدانی ناسنامەی دەسکردی دەوڵەت نەتەوەی عێراقی

جاری یەکەم وەکوو کورد شووناسیان کەوتە مەترسییەوە، دوا ماوەیەک هەروەک بەشێک لە کوردانی ڕۆژاوا تەنانەت ئەو ناسنامە دەسکردەشیان پێ ڕەوا نەبینرا و ئەمجارە بە بیانووی شیعەبوون و بە پاساوی گوایە ئێرانی بوون! بەرەو باوەشی دەوڵەت نەتەوەی فارس لە وڵاتی خۆیان دەرکران. لەوێش دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی وێڕای نکۆڵیکردن لە شووناسیان تەنانەت ناسنامە دەسکردەکەی خۆشی پێیان نەدا. فەیلییەکان بەدوای وەرگرتنی ناسنامەیەکی وڵاتیبووندا دەیان ساڵ دەیان ڕێبازی ناخۆش ژیان و هێشتاش زۆرێکیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژیانێکی کائۆتیکی پووچدا ژیان دەبەنە سەر...

ئێستا پرسیارێک دێتە پێشێ و ئەویش، گەلۆ ئەو دۆخەی کە کوردانی ڕۆژاوا و کوردانی فەیلی تێیدا ژیاون تەنیا تایبەت بەوان بووە یان هەموو کوردێکی داگیرکراو ئەم دۆخە ژیاوە؟. بەر لەوەی بەدوای وەڵامی ئەم پرسەدا بگەڕێین، پێویستە ئاماژە بکەین کە هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ناسنامە یەکێکە لە ئامێر و ئامرازە سەرەکییەکانی سیستەمی سەردەست بۆ سڕینەوەی شووناس و توانەوەی هەرچی زیاتری مرۆڤی بندەستی کورد. تاکی ئاسایی کورد بەم ڕاستییە بزانێ یان نەزانێ، لە دوئالیتەیەکی ناچاریدا پێویستی بە ناسنامەی سیستەمی داگیرکەر هەیە. لە سیستەمی سەردەستدا لە بڕوانامەیەکی سادەی ئاژۆتن بگرە تا بڕوانامەی خوێندنی باڵا، تاپۆی سامانی کەسی، دەنگدان، بەدەستهێنانی کار و ... هتد پێویستی بە ناسنامەی داگیرکەران هەیە. تا ئێرە پەژێراندنی

ناسنامەی داگیربوون لەلایەن تاکی داگیرکراوی کوردەوە ئاسایی دەنوێنێ. نائاسایی و نارێکبوون وردە وردە لە شوێن و کاتێکەوە دەست پێدەکا کە مرۆڤ لە شووناسی خۆی بەئاگا بێ و لەنێوان شووناسی خۆی و ناسنامە داسەپاوەکەیدا هەست بە دابەشبوون بکا. لەڕاستیدا ساتەوەختی بەئاگا هاتنی ئەم کەسە لەڕاستیدا هەمان ساتەوەختی وێڵبوونە لە دوو جیهانی جیاواز و تا ئەندازەیەکی زۆر دژ بەیەکدا و هەمان ئانوساتی دەسپێکردنی دوئالیتەیەکە لەجۆری سەرلێشێواوی بۆ دۆزینەوەی خود لەنێوان دوو کەسایەتیدا. بەتایبەت ئەو مرۆڤە بەئاگا هاتووانەی کە خاوەن ناوێکی ڕەسەنی ماڵەوە و هەڵگری ناوێکی ڕواڵەتی ناسنامەن زۆر زیاتر لە کەسانی دی لە دۆخی نالەبار و ناخۆشی ئەم سەرلێشێواوییە تێدەگەن.

ئەمە دۆخ و مەرجە ئاستەمەکانی ژیانی داگیربوونە کە وا لە مرۆڤی کورد دەکا کە ئامادەیە تەنانەت بە هەزار خۆزگە و منەت و ماڵئاواش بچێ بە پێر ناسنامەیەکی ساختەوە کە لە بنەڕەتدا بە مەبەستی سڕینەوەی شووناسە ڕەسەنەکەی خۆی بە سەریدا سەپێنراوە. ئەم بەسەرهاتە قیزەونانە بێگومان بە شێوازی جوداجودا بژاردەی بەناچار و نابەدڵ و بەبێزی هەموو تاکێکی ئاسایی کوردن لە هەموو پارچەکانی کوردستان. زیاتر لەمەش، ئەم نارێکییە هێندە بەهێز و قووڵە کە زۆرجار تەنانەت دەبێتە بژاردەی ڕێکخراو، پارت و هەتا پارچەیەکی کوردستانیش. ئەگەر بمانەوێ لەم بوارەدا نموونە بێنینەوە، باشووری کوردستان دوای دەیان ساڵ خەبات لەپێناو جیابوونەوە و ڕزگاربوون لە ستەمی داگیرکاری دەوڵەتی عێراقی

عەرەبی، کاتێ ڕووبەڕووی هێرش و مەترسی لەلایەن دەوڵەتانی فارس و تورک دەبێتەوە، دیسان پەنا دەباتەوە سەر ناسنامە عێراقییە داسەپاوەکەی خۆی و بەو لۆژیکەی کە گوایە هەرێمی باشوور بەشێکە لە عێراق، دەبنەوە بە عێراقییەکەی پێشووتر کە دەبێ عێراق لە دەستدرێژی ئەو دەوڵەتانە بیانپارێزێ. یان لە نموونەیەکی دیکەدا دەسەڵاتی ڕۆژاوای کوردستان دوای ڕزگاربوونێکی ڕێژەیی لە هەژموونی دەیان ساڵەی دەسەڵاتی داگیرکەری سووریای عەرەبی، بە مەبەستی پاراستنی خۆی لە هەوڵە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک دیسان بە ناچاری ڕێگە بە هێزەکانی دەوڵەتی سووری دەدات کە بگەڕێنەوە هەرێمی ڕۆژاوای کوردستان...

خودی دەستەواژەگەلی ناڕێکی وەک کوردستان ئێران، کوردی عێراقی، پارتی دیمۆکراتی کوردستانی تورکیا و هەزاران دەستەواژەی ناڕێکی دروستکراوی دیکە بە پاشگری ئێران و تورکیا و سووریا و عێراق بەدوای وشەی کوردستاندا هەموویان گوزارە لە قووڵی ئەم دوئالیتە ناڕێکە دەکەن. لەم ناڕێکییەدا مرۆڤ و جڤاکی داگیرکراوی کورد بۆ پاراستنی شوناسی خۆی لەلایەک بەردەوام هەوڵی سڕینەوە و لەبەر کەندنی ئەو ناسنامە درۆکانی و ساختەیە دەدا کە داگیرکەر بە زۆر دەیەوێ بۆی بتاشێ، و لەلایەکی دیکەوە گەلێ جار و دیسان هەر بە مەبەستی پاراستنی خۆی پەنا دەباتەوە بەر ئەو ناسنامە درۆکانییەی کە بە ساڵان بە گژیدا چووەتەوە و قوربانی بۆ داوە و نابەدڵیش بێ، دیسانەوە لەبەری دەکاتەوە و خۆی

**پێ دادەپۆشێ. ناڕێکییەک بە تەواوی مانا بەواتای وێڵبوون. وێلبوون لەنێوان شووناس و ناسنامەدا، پەنگ خواردنەوە لەنێوان خود و ناخوددا، گیرۆدەبوون لەنێوان ناخ و داخدا و سەرگەردانی لەنێوان جەوهەر و ڕووکەشدا.**

## ناودارانی نەناس

ئالآیە هەمووومان دەزانین کە لە ئاستی نەتەوەییدا «ناوداری» لەنێو هەر گەلێکدا بریتییە لە بەرجەستەبوونی کەسایەتییەک لە بوارێک لە بوارەکانی هونەری، زانستی، ئەدەبی، سیاسی، دیرۆکی و ... هتد بە شێوازێک کە بتوانێ لە بوارەکەی خۆیدا هێندە ناسراو بێ کە وەک هێما دەستی بۆ ڕابکێشرێ و بتوانێ پەیامەکانی بە فەزای گشتی کۆمەڵگەدا بگەیێنێ. بۆ وێنە پەیوەندی نێوان ناوی نیچە و ئاڵمانەکان، ئەدەبی عەرەبی و جەواهیری، زمانی ڕووسی و چێخۆف، هێمینگوەی و ئەدەبی ئینگلیزی، ئیتالیا و داوینچی و ... هتد ڕێک ئەو مانایە دەبەخشن کە پێی دەگوترێ «ناوداری».

ئێستا با سەبارەت بە چەمکی ناوداربوون و چینی ناوداران تۆزێ لەسەر دۆخی هەیی جڤاکی کوردی ڕاوەستە و تاوتوێی بکەین. ئایا گەلی کورد بە واتای ئەوەی ناسیاوی هەموو کەس بێ ناوداری هەیە و ئایا کورد بە واتای ئەوەی بتوانی خۆی بگەیێنێتە فەزای گشتی کۆمەڵگەی کوردی ناوداری تێدایە، ئایا ناوبانگی چەند کەسی کورد بەشی ئەوە دەکا کە لە ئاستی نەتەوەییدا وەک ناودار ناودێر بکرێن، کامەن ئەو بەربەستانەی کە لە بەردەم ناوداربوونی بلیمەتانی کورد لەنێو نەنەوەکەیاندا ڕێگرن؟.

تکایە پێش ئەوەی دۆخەکە لێک بدەینەوە لەلای خۆتانەوە ناوی چەند ناودارێکی کورد لە بوارەکانی هەڵبەستی کلاسیک، هەڵبەستی نوێ، لە گۆرانیبێژ، لە زانای بیرکاری، لە ڕۆماننووس، لە پەیکەرساز، یان هەر بوارێکی دیکەدا کە خۆتان دەیزانن بنووسنەوە و گەر بۆتان

دەکرێ ڕێژەی ناوداری ئەوانە لە ئاستی تەواوی کورددا تاقی بکەنەوە. بە هەر حاڵ با بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان. من خۆم هیچ گومانێکم لە گەورەیی لەتیف هەڵمەت نییە و تا ئەو ڕادەیەی کە خوێندبێتم پێم وایە وشەکانی ئەو بەشی ئەوە دەکەن کە لە ئاستی جیهانیدا ببێتە ناوێکی دیار و درەوشاوە. بەڵام گەلۆ سەدا چەندی کورمانج ئاخێوەکان هەڵمەت دەناسن، سەدا چەندی کەلهۆرەکان هەر ناویان بیستووە؟. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە هەرکوێی ئەم جیهانە هەواڵی شاملوو لە فارسێک بپرسی بێگومان هەر هیچ نەبێ ناوەکەی بیستووە. ئەگەر پرسی گەورەترین گۆرانیبێژی ئەم سەردەمە لە کوردێک بکرێ، لەحاڵێکدا زۆربەی خەڵکی ڕۆژهەلات دەڵێن ناسر ڕەزازی، زۆرێنەی خەڵکی باکوور دەڵێن شڤان پەروەر. گەلۆ ئەو ناو و دەنگەی کە ناسر لەنێو سۆرانییەکاندا هەیەتی هەمان ناودەنگە لەنێو زازاکاندا، یان شڤان بە هەمان ڕادەی کورمانجەکان لەنێو هەورامییەکاندا ناسراوە؟. لە وەلامی ناودارترین گۆرانیبێژانی نەمری هونەری کوردیدا، بێگومان زۆرینەی کوردی سۆران دەڵێن حەسەن زیرەک، کەچی کورمانجەکان دەڵێن محەمەد عارف جزیری. لە ناوی ڕۆماننوسانی بەناوبانگ بپرسی، باکووری دەڵێن محەمەد ئۆزۆن، بەلام باشووری دەڵێن بەختیار عەلی. ئەگەر لە تەلەڤزیۆنێکدا باسی تیریێژ بکرێ تەواوی بینەرانی ڕۆژاوای کوردستان باش دەزانن کە تیریێژ کێیە، بەلام زۆرینەی ڕەهای بینەرانی ڕۆژهەلاتی ڕەنگە هەر ناویشیان نەبیستبێ. ئەگەر لە خەڵکی سەر شەقامی کوردی بپرسی ناوی

**چەند هەڵبەستڤانی کلاسیکی کورد ببژێرن، بێگومان لە هەمان کاتدا کە زۆرینەی ڕەهای کورمانج ئاخێوەکان ناوی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و حەریری دەبژێرن، سۆرانەکان ناوی نالی و مەحوی پێشکەش دەکەن، لەحاڵێکدا هەورامییەک مسۆگەر باس لە مەولەوی و خانای قوبادی و بێسارانی دەکا. گەلۆ ژمارەی ئەو کەلهۆڕانەی کە قەناتیٚ کوردۆ دەناسن، یان ئەو کورمانجانەی کە سەید ڕەزا ئەکەوازی دەناسن بگاتە چەند کەس؟... و هتد.**
**لێرەدا پێش درێژەدان بە باسەکە پێویستە ئاماژە بەمە بدەین کە ئەو میناکانەی کە لە سەرەوە هاتوون لە تێڕوانینێکی خۆشبینانەدا بەم پێشگریمانەیە هێناومن کە هەر هیچ نەبێ خەڵکی کورد بەگشتی لە ئاستی پارچەکەی خۆیان، یان زاراوەکەی خۆیان تا ڕادەیەک دەیانناسن، دەنا ئەم دۆخە دەتوانێ لە شێوازێکی نارێکتریشدا بێتە ئاراوە و تەنانەت لە ئاستی پارچەکانیشدا بلیمەتانی کورد لەژێر سێبەری ناودارانی نەتەوەی سەردەستدا ون بکرێن. بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوی میرزاخانی وەک بیرکارێکی براوەی خەڵاتی فیلْدز زۆر زیاتر لە کۆچەر بیرکاری براوەی کوردی هەمان خەڵات بەناوبانگترە.**

**پێداچوونەوە بە بەرسڤی پرس و مەراقەکانی پێشوو بە ڕوونی وێنای دیاردەیەک لە نارێکییەکانی داگیربوونی کوردستانمان بۆ دەخاتە ڕوو کە دەکرێ ناوی لێ بنێین «ناوداری و نەناسی هاوکات». ئەوەی ڕاستی بێ زۆرینەی ڕەهای ئەو کەسانەی کە لە پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان یان لە زاراوەیەک لە شێوەزارەکانی زمانی**

کوردیدا بەناوودەنگن هەرکامەیان بەشی ئەوە دەکەن کە لە بوارەکەی خۆیاندا بە شێوەیەکی ڕەها و بە تەواوی مانا لە ئاستی جیهانیدا ببنە هێمایەکی نەتەوەیی تەواو بۆ کورد و زۆرێکیان لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان وەکوو ناودارانی کورد چاویان لێدەکرێ، بەڵام لە ئەنجامی دۆخی داگیربووندا لە بەشێکی زۆری ناوەوەی کورد نامۆ و نەناس ماونەتەوە. ئەڵبەتە لە نیگای یەکەمدا وا دێتە بەرچاو کە بەشێکی ئەم نارێکییە دەکەوێتە ئەستۆی هەندێ خەسڵەتی دەروونی و هەندێ نارێکی نێوخۆیی خودی جڤاکی کوردی. بۆ وێنە هەبوونی شێوەزاری جیاواز و نەبوونی ئالفابێی هاوبەش دەتوانن لەم بوارەدا هۆکاری گرینگ و کاریگەر بن. یان پارچەبوونی جڤاکی کوردی بەسەر چەند بەرە لە پارتی کوردیدا و هاوکات گرینگیدان و بەرجەستەکردنی بلیمەتان و کەسایەتییەکانی نزیک لە خۆیان لەلایەن پارتی کوردییەوە دەتوانێ بەشێکی دیکە بێ لە هۆکارەکانی ئەم نارێکییە... هتد. بەڵام دواجار ئەوەمان لەبیر نەچێ کە بەشی هەرە زۆری ئەم خەسڵەت و هۆکارە دەروونییە نارێکانەی کۆمەڵگەی کوردی بۆ خۆیانیش زادە و لێکەوتەی داگیربوونن. داگیرکاری سەر کوردستان بە دروستکردنی بۆشایی و هەڵپانێکی بەرین و فراوان لە نێوان پارچەکاندا دابڕانێکی وەهای هێناوەتە ئاراوە کە ئەو بلیمەتە کوردانەی کە ناوبانگیان بە ئاسانی سنووری نێوان کورد و نەتەوکانی دیکەی جیهان دەپێوێ بە ئاستەم دەتوانێ لەنێو گەلەکەی خۆیدا ببێتە ناودار. بەم شێوەیە زۆربەی هەرە زۆری بلیمەتانی کورد هەمیشە لە دوئالیتەی ناوداری و

گومنامیدا دەژین. ئەم ناڕێکییە کە بەرۆکی ناودارانی هاوکات نەناسی کورد دەگرێتەوە، بە ڕوویەکی دیکە و بە نەرێنیتر لەسەر جڤاکی کوردیشدا باندۆر دادەنێ. ئێمە دەزانین کە یەکێ لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهاتن و دروستبوونی ڕۆحی نەتەوەیی لەنێو هەر گەلێکدا بریتییە لە ناودارانی ئەو گەلە. درەوشانەوەی بلیمەتانی کورد وەک ناودار لە پارچە یان زاراوەیەکدا و هاوکات مانەوەیان لە سێبەری گومنامی و نەناسی و نامۆییدا لەو بەش و زاراوەکانی دیکەدا لە خۆیدا دارمانی بەشێکی کۆڵەکەکانی نەتەویبوونی کوردە و لە ئەنجامدا دابەشبوون و پارچەبوونی زیاتری جڤاکی کوردی لێدەکەوێتەوە.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە چوار خاڵ زۆر گرینگە. یەکەم، ناڕێکی ناوداری و بێناوی تەنیا لە بواری مرووییدا بەرۆکی کوردی نەگرتووە، بەڵکوو لە بوارەکانی دیکەی ژیانیشدا بەدی دەکرێ. ئەگەر هەر ئێستا بە شوێن مەراقگەلێکی وەک بەرزترین لووتکە، درێژترین ڕووبار، کۆنترین شار، بەرینترین دەشت، کەونارەترین ئاسەواری کوردستان و ... هتد، لە مێشکی خۆماندا بکەوینە لێگەڕین، بێگومان لە ئاست و فراوانی ئەم ناڕێکییە تێدەگەین. دووەم، بە دەسپێکردنی سەدەی بیست و یەکەم بەهۆی گەلێ هۆکار، لەوانە تەکنۆلۆژیای وەک ئینتەرنێت و کاناڵە ئاسمانییەکان، سەرهەڵدانی کیانەکانی باشوور و دواتر ڕۆژاڤا، تێپەڕاندنی سنووورە ڕۆحییەکانی سەر کوردستان و گەشەسەندنی بزاڤێکی گشتگیرتر بەرەو نەتەویبوونی کوردی لەژێر باندۆری ئاپۆئیزمدا و ... هتد ئەم ناڕێکییە کاڵتر بووەتەوە. نموونەی

ئەم کاڵبوونەوەیە لە گەشە و تەشەنەی زاراوەی کورمانجی بەرەو ڕۆژهەلات لەم ساڵانەی دواییدا بە ئاشکرا دەبینرێ. سێیەم، ئەگەرچی ئەم نارێکییە بەرەو پاشەکشێ و کاڵبوون دەچێ، بەڵام تا وەختێ داگیربوون بەسەر سەری کوردستانەوە بێ وێناچێ بە تەواوی بڕەوێتەوە و ناودارانی کورد هێشتا مەترسی گومنامی و نەناسییان لەسەرە. چوارەم، بەشێکی ئەم نارێکییە دەکەوێتە ئەستۆی ناودارانی کورد بۆ خۆیان. بۆ وێنە نووسەری سۆرانی هەیە کە هێندەی خەمی ئەوەیە بەرهەمەکانی بە ئینگلیزی بخوێنرێتەوە خەمی ئەوەی نییە کە کورمانجێک بیخوێنێتەوە، یان بە شێوەیەکی ڕەها زۆرینەی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانی گەورەی کورد ناتوانن لە دەرەوەی زاراوەکەی خۆیان بە کوردی خۆیان پێشکەش بکەن، فەزای نووسین و بۆچوونەکانی زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی کورد پارچەکەی خۆیانە و ... هتد. لەم سۆنگەیەوە ناودارانی کورد بۆ خۆیانیش دەبێ پێش هەر کەسێکی دی سنوورەکان تێپەڕێنن و ناوودەنگی خۆیان بە هەموو بەشەکانی جەستەی دابەشکراو و پارچەپارچەی جڤاکی کوردیدا بوەشێنن دەبێ خۆیان لە فەزای تەسکی یەک پارچە و یەک زاراوەدا بێنەدەرێ.

و کوتا قسە، نامۆبوونی ناودارانی کورد لە ئاستی نەتەوەییدا یەکێکە لە نارێکییەکانی گەلی کورد کە داگیربوون لە کەسایەتی ئەواندا هەوڵدەدا بە سەر جڤاکی داگیرکراوی کورددا بیسەپێنێ و هەر بۆیە بۆ لەناوبردنی ئەم نارێکییە پێویستە ناودارانی کورد بەر لە هەموو کەسێ و لە سەنگەری پێشەوە لە دژی بوەستنەوە.

## دەستی شێر و چنگی پڵنگ

**جارێکیان بە ڕێکەوت تووشی هاوڕێیەک بووم کە کچەکەی بۆ خوێندنگە دەبرد و ئیدی لەگەڵ یەک کەوتینە ڕێ، کە گەیشتینە بەر خوێندنگە لەگەڵ کچەکەی بە واژەی دروود لە یەکتر خاتریان خواست و جیا بوونەوە. بە بێ ئەوەی من پرسیارێک بکەم باوک کەوتە شرۆڤە کردن و گوتی ئێمە لە ماڵەوە بڕیارمان داوە چیدی وشەی عەرەبی بەکار نەبەین و وشەی ڕەسەنی فارسی! بەکار بێنین. جارێکی دیکەش هاوکارێکم لە نکۆهشی عەرەب و ئیسلام دەدوا و لە باسەکەیدا هێنایە سەر ئەوەی کە بۆچی دەبێ ئێمە بە زمانی عەرەبی نوێژ بکەین و بۆچی بە زمانی فارسی نەیخوێنین؟. بێگومان ئەم دوو کەسە کە باسم کردن بەداخەوە کورد بوون.**

**ناوەڕۆکی ئەم دوو بەرکەوتنە شوومە لەڕاستیدا دوو وێنەی جیاوازی یەک ناڕێکین کە لە قسەی پێشینناندا بە پەندی «هەڵنگ هەڵنگ، لەدەست شێر دەرچووم، کەوتمە چنگی پڵنگ» گوزارەی لێکراوە. گەلی کورد لەژێر سێبەری بندەستیدا هەم بە تاک و هەم بە کۆ هەتا بڵێی تێری خۆی ئەم ناڕێکییە ژیاوە. ئەم ژیانە ناڕێکە تەنیا لەباری دەروونییەوە نەبووە و زۆربەی وەخت بە کرداری و لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوویداوە.**

**بۆ ئەوەی نزیکتر لەم ناڕێکییە تێبگەین با چاوێک بە مێژوودا بخشێنین و بە هێنانەوەی هەندی میناکی بەردەست هەوڵبدەین هەندێ ڕوومەتی جیاوازی ئەم ناڕێکییە وێنا بکەین. ئەو میناکانەی کە لە خوارەوە دێن تەنیا نموونەی ڕواڵەتی نین، بەڵکوو وێنای**

**ڕاسەڵەی ژیانێکن کە گەلی کورد لە سەردەمی جیاوازدا ژیاوە و لە کەسایەتی جۆراوجۆردا ئەزموونی کردووە و لە شوێنی جیاجیادا بە سەریدا هاتووە. لە ئاستی سەرکردەکاندا میناک زۆر زۆرن. بۆ وێنە سەرکردە و سەرداری شۆڕشی ئاگری دوای هەڵهاتن لە داگیرکەرانی تورک نزیکەی پەنجا ساڵ لە تاران و لەژێر چاودێری داگیرکەرانی فارسدا ژیانی بەسەر برد. مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥ سەرەڕای ئەوەی کە بە ئاشکرا دەیزانی کە نسکۆی شۆڕشەکەی ئەنجامی ڕاستەوخۆی پیلانی ئێران بووە، دیسان بەناچاری ڕووی کردەوە ئێران و ئێران بە ساڵان بوو بە تاراوگەی ژیانی ئەو. دواتر بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ شارەکانی تاران و کەرەج بەردەوام بژاردەی یەکەم و بەناچاری هەموو سەرکردە دیارەکانی وەک جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی و نەوشیروان مستەفا بوونە بۆ تاراوگەی ئەوان لەدەست عێراقی داگیرکەری باشوور و لە پەنای ئێرانی داگیرکەری ڕۆژهەڵاتدا. قاسملوو وەک سەرکردەیەکی ڕۆژهەڵاتی هەڵاتوو لەدەست داگیرکەرانی ڕۆژهەڵات بە ساڵان وەک کارمەندی دەوڵەتی عێراقی داگیرکەری باشوور ژیانی بردووەتە سەر.**

**ئۆجالان ساڵانێکی زۆر بۆ خۆپاراستن لە داگیرکەری تورک لەنێو سووریایەکی داگیرکەردا ژیاوە و لە دیمەشقی داگیرکەری ڕۆژاواوە دژ بە تورکیای داگیرکەری باکوور خەباتی بەڕێوە بردووە. ئەڵبەتە بەشوێن سەرکردەکانیشەوە زۆرینەیەکی ڕەهای پارتە کوردییەکان هەمیشە قاچیان لە دۆخی ڕاکردن لە داگیرکەرێک و هاوکات**

سەریشیان لە ماڵی داگیرکەرێکی دیکەدا بەمەبەستی پەناهێنان بووە ...

جڤاکی کوردی بەگشتی و هێزی دژەداگیربوونی کوردستان بەتایبەتی بە هۆی ئەو جۆرە دەگمەنە لە داگیربوون کە تووشی هاتووە هەمیشە لە دوئالیتەیەکی نەچاریدا ژیاوە کە بریتییە لە خۆ نواندنی داگیرکەران لە یەک کاتدا هەم وەک دۆست و هەم وەک دژمن، لە یەک ساتەوەختدا هەم وەک داگیرکەر و هەم وەک ڕزگارکەر، لە یەک شوێندا هەم وەک هەڕەشە و هەم وەک هانا. مرۆڤی کورد کە هاوکات لەگەڵ داگیربووندا بە هەمان داگیرکەریش گەمارۆ دراوە، هەموو هاوارەکانی تەنیا لە بازنەی داگیرکەراندا پەنگ دەخواتەوە و دەنگی هەڵبڕاوی لە دەست ئازاری هەرکامەیان ئەوپەڕی دەگاتە یەکێکی دی لەو داگیرکەرانە. مرۆڤی داگیرکراوی کورد هەمیشە چارەنووسی بە شێوازێک بووە کە هەر پشتکردنێکی لە داگیرکەر ڕووکردن بووە لە داگیرکەرێکی دیکە، هەر هەڵهاتنێکی لەمیان ڕووی لە ئەوی دیکەیان کردووە، هەر ڕێگایەکی دەربازبوونی لە دەست و قەپی داگیرکەرێ ڕێنیشاندەر بووە بە ئاراستەی چنگ و داوێنی داگیرکەرێکی دیکەی کوردستان. هەموو بزاڤێکی بەرەنگاربوونەوە دژ بە هەر داگیرکەرێک دەستی هانای بۆ ئەوی دیکەیان ڕاکێشاوە و شەرمەزاکردنی هەر کامەیان بە پەسندانەوەی ئەویتریاندا تێپەڕیوە. بەکورتی ئەوەی ڕاستی بێ چارەنووسی هەموو تەڤگەر و جووڵانەوەیەکی دژەداگیربوون لە کوردستان لە ئاست داگیرکەراندا حیکایەتی ئەو «دەست شێر و چنگی پڵنگ»ـەیە کە

**لە پێشتر گوتمان. بە واتایەکی دی هەتا ئێستا لە کوردستاندا هەموو ڕاکردنێ لە داگیربوون نەتەنیا بە واتای ڕزگاری نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ڕێک بەواتای جۆرێکی دیکەیە لە داگیربوون کە تێیدا تەنیا سیمای داگیرکەر و شێوازی داگیربوونەکە گۆڕاوە.**
**بە درێژایی مێژووی داگیربوونی کوردستان لە سەدەی ڕابردوو هەتا ئێستا دوئالیتەی ڕاکردن لە داگیرکەر و پەنابردن بۆ داگیرکەر تەنیا دوئالیتەی ژیان و سەرپێهاتی سەرکردە و پارتی کوردی نەبووە، بەڵکوو ڕاسەڵەی ژیانی بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی کوردیش بووە. هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانێکی زۆر بۆ دەربازبوون لە زیندانی داگیرکەرێک هەڵهاتوون و لەملاوە زیندانی داگیرکەرێکی دیکە چاوەڕوانی کردوون. ڕاکردنی محەمەد شێخۆ لە بەندیخانەی دەوڵەتی سووریا و تووشبوونی لە بەندیخانەکانی ئێراندا، ڕزگاربوونی حەسەن زیرەک لە بەندیخانەی دەوڵەتانی ئێران یان عێراق و هاوکات دەسگیربوونەوەی لە بەندیخانەی ئەویتریان، سالانی دەربەدەری هەژار و هێمن لە بەغدا بۆ خۆپاراستن لە دەوڵەتی ئێرانی و ... هتد تەنیا چەند میناکی هەزاران نموونەی دیکەی ئەم دیاردە گەورەیەن. لە ئاستی تاکەکەسیشدا هەمیشە دۆخێکی هەر لەم چەشنە لە ئارادا بووە. زۆر کەس لە باشوورەوە وەک دەریچەیەک بەرەو ڕزگاری لە ستەمی دەوڵەتی عێراقی ڕوویان کردووەتە ئێران و لەوێش گرفتاری دەوڵەتێکی داگیرکەری دیکە هاتوون. هەتا ئێستاکەش سەدان کەسی باشووری و ڕۆژهەلاتی بە ڕێگای ڕۆیشتن بەرەو ئەوروپا لە تورکیا تووشی زیندان و**

ئەشکەنجە و لێدان و دەیان دەردەسەری دیکە دەبنەوە. لە ئاستی جڤاکیشدا کورد دەیان جار ئەمجۆرە ژیانی لەدەست شێر دەرچوون و کەوتنە دەست پڵنگەی ئەزموون کردووە و لە دەیان شێوازی جۆراوجۆردا تاقی کردووەتەوە و بەکۆمەڵ تێیدا ژیاوە. بەسەرهاتی کۆچی بەکۆمەڵی کوردانی فەیلی لە عێراقەوە بۆ ئێران، دەربەدەری و پەرتەوازەیی چەندین ساڵەی بارزانییەکان بە خاوخێزانەوە لە شارەکانی ئێران، ئاوارەکانی ڕۆژهەلات کە لە ئەنجامی شەڕی هەشت ساڵەی سەدام و خومەینیدا کەوتنە عێراق و دەیان ساڵ لە کامپەکانی وەک ڕۆمادی نیشتەجێ کران، کۆڕەوە میلیۆنییەکانی خەڵکی باشوور بەرەو کامپەکانی ئێران و تورکیا و ... هتد چەند نموونەی لەم چارەنووسەن.

ئەمجۆرە ژیانە کە لەڕاستیدا بە تەواوی مانا ژیانێکە لەنێوان ترس و پاڕانەوەدا، وێنای جۆرێکی دەگمەنە لە داگیرکردن و داگیربوون کە ڕەنگە تەنیا لەسەر خاکی کوردستان تاقی کرابێتەوە و ڕەنگە کورد تەنیا نەتەوەی ئەم سەرزەمینە بێ کە ئەم دۆخەی ژیان کردبێ. گشت ڕەوتێکی داگیربوونی ئاسایی لە مێژوودا بەم شێوەیە ڕوویداوە کە هێزێکی دیاریکراو دەستدرێژی کردووەتە سەر دانیشتووانی ولاتێکی دیکە و گەلی بەرخوەدێر لە بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەردا زۆر جاران بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ئەم بەرخۆدانەی، بە ناچار ڕووی کردووەتە هێزێکی دیکەی هاوسێ، بۆ بەدەست هێنانی یارمەتی و کۆمەک، لەکاتی تەنگانەدا دەستی هانای بەرەو جیرانەکانی خۆی ڕاکێشاوە و لە ئەگەری دۆڕان و هەلاتنیشدا بۆ

**شوێنێکی پارێزراو و مسۆگەری دیکە هەڵاتووە. بەڵام داگیربوونی کوردستان داگیربوونێکە هاوکات و هاوتەریب لەگەڵ گەمارۆدان. چوار دەوڵەتی دڕندەی بارگاوی بە سێ فەرهەنگی پاوانخوازی فاشیست کوردستانیان گەمارۆ داوە، دابەشیان کردووە و بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ و هاوتەریب هەموو کاتێ هێرشی دەکەنە سەر. لەم شێوازە لە داگیربووندا یەکەم، ڕێگەی دەرچوون و هەڵاتن بە تەواوی گیراوە و دووەم، هەر جۆرە ڕاکردنێک لەدەست یەکیان یەکسانە لەگەڵ کەوتنە دەست ئەوەکەی دی. بە گوتنێکی دیکە هەر بەشێکی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دژمن هەمیشە ناچارە دەستی نیاز بۆ دژمنێکی دیکەی ڕاکێشێ، کاتێ هەڵدێ ناچارە پەنا بەرێتەماڵی ئەم دژمن و کە دەیەوێ هاوار بکا دەنگی تەنیا دەگاتە گوێی ئەو دژمنەکەی دی. ئەم گەلە داگیرکراوە بە هەر شێوازێک ڕەفتار بکا و بە هەر شێوەیەک بیر بکاتەوە قاچی لە دەست داگیرکەرێک و سەریشی لە ماڵ داگیرکەرەکەی دیکەی دەبێ. بەکورتی وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا داستانی هەڵسوکەوتی کورد لە باشترین دۆخیدا لەدەست شێر دەرچوون و کەوتنە دەستی پڵنگە.**

**دوئالیتەی لە دژمن ڕاکردن و بە دژمن پەنابردن لێرەدا کۆتایی پێ نایێت و دوئالیتەیەکی دەروونی سەختتر و دژوارتری دیکەی بەدواوە دێ. تۆ بە ناچاری و لە لاوازیدا هانا دەبەیتە ماڵی کەسێک کە دژمنتە و ئاساییە کە وەک دیلێک چاو لە تۆ بکا، بەڵام لەلای تۆ دژمن چیتر دژمن نییە و تۆ دەبێ لە خۆ گێلکردن و خۆ گۆڵدانێکدا وەک دۆست چاوی لێ بکەی و وەک هەڤاڵ لێی بڕوانی.**

لە ئاکامدا ئەو چۆنی بوێ لەگەڵت دەدوێ، چۆنی پێ خۆش بێ سەبارەت بە تۆ هەڵسوکەوت دەکا، چی لێت بوێ دەبێ بیکەی، سەرەڕای ئەمانەش تۆ ناچاری لەگەڵیدا هەڵبکەیت و لە دۆخێکی دژوازی دەروونیدا بەردەوام لەگەڵ خۆتدا بجەنگی. ئەم دۆخە نالەبارە لێکەوتەی ناڕێکی دیکەش لەگەڵ خۆیدا دەسەپێنێ. لە هەموو ڕاکردن و ڕووکردنێکی کورد لە داگیرکەرێ بەرەو داگیرکەرێکی دی، ئەو دەوڵەتە سەردەستەی کە لە ڕواڵەتی داڵدەدا دەرکەوتووە هەمیشە بە شێوەیەک لە شێوەکان خواستی هەبووە کە پەنابەرەکی باوەشی وەک گرەوێک دژی پارچەکەی بندەستی خۆی بەکار بێنێ. ئەم خوازەیەی داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە یەکێ لە داوەکانی بەردەم هەموو هێزێکی دژەداگیربوونی کوردستان بووە کە هەموو بۆ ئەم هێزانە ڕایانخستووە و ئالایە زۆرینەیەکی ڕەهای ئەم هێزانەش کەم تا زۆر لەم داوەدا تێوەگلاون. کە چاوێک بە مێژووی خەباتی تەڤگەری ڕزگاریخوازی کوردیدا دەخشێنی دەبینی کە لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا مەگەر بەدەگمەن، دەنا زۆرینەی ڕەهای هێزە ڕزگاریخوازەکانی کورد لە بەرەنگاربوونەوەی تێگین و کردەوەی داگیرکاریدا دیسان هانایان بردووەتەوە بۆ باوەشی هەمان تێگینی داگیرکاری، بەڵام لە کەسایەتییەکی دیکەدا. لە ئەنجامدا ئەو هێزانە یان بوونەتە داردەستی داگیرکەر دژی بەشێکی دیکەی جەستەی تەڤگەری کوردی، یان کەوتوونەتە خزمەتکردن بە دەسەڵات و فەرهەنگی داگیرکەر، یان لە باشترین حاڵەتدا وەک پەنابەر و دیل لەکن داگیرکەر ماونەتەوە. لەڕاستیدا بەشێکی زۆری

شەڕی براکوژی لێکەوتەی ئەم دۆخەیە. یەکێتر لە لێکەوتەکانی ئەم بارودۆخە چۆنێتی و چەندێتی و ئاستی تێڕوانینی خەڵکی کوردە بۆ داگیرکەران. مرۆڤی داگیرکراوی کورد لە هاتوچۆی ناچاری لەنێوان داگیرکەراندا و لە دڵەڕاوکێی بەردەوامی دەستاودەستبوونی لەنێوان شێر و پڵنگدا بەردەوام لە دۆخێکی دەروونی ناڕاستدا دەژی کە زۆر دوورە لە ڕاسەڵەی ئەو ژیانەی کە تێیدایە. ئەم مرۆڤە بندەستە ڕێک لەو کاتەدا کە لەدەست شێر(داگیرکەری یەکەم) ڕادەکا و بەرەو باوەشی پڵنگ(داگیرکەری دووەم) دەڕوا، چیدی نەتەنیا ئەو وەک پڵنگ نابینێ بەڵکوو وەک ڕزگارکەرێکی هاوسۆز و دڵسۆز دەیبینێ. بەواتایەکی دی لە یەک کاتدا ئەو لایەنەی کە بەشێکی کورد بە داگیرکەر چاوی لێدەکا بەشێکی دیکە وەک ڕزگارکەری خۆی دەیبینێ. بۆ وێنە ئەگەر لە کوردێکی باشوور بپرسی بێگومان هەزارجار دەوڵەتی ئێرانی لە دەوڵەتی عێراقی بە باشتر دەزانێ. بە هەمان شێوە کوردێکی باکووری تورک وەکوو گەورەترین دژمنی کورد دەزانێ لەحاڵێکدا کوردێکی ڕۆژهەڵاتی فارس بە دژمنی سەرەکی خۆی دەبینێ. لە هەمان کاتدا کە لە چاوی ڕۆژهەڵاتییەکی سنەیی خومەینی هێمای ستەمکاری و چەوساندنەوەیە، زۆر ئاساییە کە کوردێکی ڕۆژاوای کوردستان لە قامشلۆ بنەماڵەی ئەسەد بە سیمبۆلی داگیرکاری بزانێ...

بەکورتی، ئەگەرچی شێوازی هەڵسوکەوتی داگیرکەران و ڕادەی ئەو ستەمەی کە هەر کەسێکی کورد و هەر بەشێکی کوردستان لەوانی بینیوە ڕاستەوخۆ لە دید و بۆچوونی مرۆڤی بندەستی کورد بۆ

داگیرکەران کاریگەری هەیە، ئەوەی ڕاستی بێ هەموویان لە یەک ئاستدا داگیرکەرن، بە یەک ئاراستەدا پرۆژەی داگیرکردنی کوردستان بەڕێوەدەبەن و بەواتایەکی دی هەموویان لە یەک ئاندا هەم شێر و هەم پڵنگیشن، بەڵام لەم بەینەدا ئەوەی کە لە ناڕێکی و لە دۆئالیتەی خۆف و ڕجای هاوکاتدا دەژی مرۆڤی بندەستی کوردە. هەر بۆیە بۆ ئەوەی کورد تۆزێک لەم خۆف و ڕجایە ڕزگاری بێ و بتوانێ لانیکەم کەمڕەنگی بکاتەوە دەبێ لەو شوێنەی کە هەیە کەڵهۆڕ گوتەنی «پا بداتە گەز و هەسان لە چەقۆی خۆی بسوێ». .

## زۆری و بۆری(دابەشبوون بۆ یەکگرتن)

فرەیی لە زۆر شتدا نشانەی ئاسوودەگی و بەرەکەتە، بەڵام هەندێ جاریش فرەیی دەگاتە ڕادەیەک کە چیدی نیشانەی ئاسوودەگی نییە و بە پێچەوانەوە دەبێتە سەرئێشە و سەر لێشێواوی و کورد گوتەنی دەگاتە دۆخێک کە پێی دەڵێن «زۆری و بۆری». زۆری و بۆری هەر شتێک واتە ئەو ئاستە لە فراوانی کە چیدی شتی مەبەست بێ کەڵک و بێ بایەخ دەبێ و نرخ و کارێگەری و پێگەی خۆی لەدەست دەدا و بەتایبەت ئەگەر دیاردە یا بوونەوەرێکی جڤاکی بێ نەتەنیا بۆ خۆی دەبێتە نارێکییەک لەنێو کۆمەڵگەدا، بەڵکوو دەشبێتە ژێدەرێکی گەورەی نارێکی جڤاکی. یەکێ لەو بوارانەی کە بەردەوام جڤاکی کوردی پێیەوە گیرۆدە و گرفتار بووە هەمیشە بریتیی بووە لە دیاردەی «زۆری و بۆری» لەنێو تەڤگەری دژەداگیربوونی کوردستاندا. لەوانە زۆری سەرکردەکان، زۆری پارتەکان، زۆری ئایدۆلۆژیاکان و زۆری ڕێبازەکان، زۆری بەردەنگەکانی پرسی داگیربوون و بەگشتی فرەیی لێڤەگەرەکانی ئەم دۆزە.

پێچەوانەی هەموو ئەو هەوڵانەی دووسەد ساڵی ڕابردووی گەلانی جیاوازی جیهان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت و کیانی سیاسی کە ئالایە سەرکەوتنی هەر هەموویان لە ڕێگەی یەک لێڤەگەر و یەک گوتار و یەک سەرکردە و یەک حیزبی شۆڕشگێڕەوە مسۆگەر کراون، بزاڤی ڕزگاریخوازی و تەڤگەری سەربەخۆییخوازی کوردی هەر لە دەسپێکەوە کەوتووەتە داوی

فرەحیزبی و فرەسەرۆکی و فرەئاراستەیی و فرە ڕەهەندی. بە واتایەکی دیکە کورد لە هەر چیدا کەمی بووبێ لە پارت و سەرکردە و ئایدۆلۆژی و ڕێباز کەمی نەهێناوە. ڕەوتی فرەئاراستەیی تەڤگەری کوردی کە ئەڵبەتە ڕەنگە هۆکاری یەکەم و سەرەکی سەرهەڵدانیشی بریتی بێ لە فرەدژمنی و فرەداگیرکەری، هەر لە سەرەتاوە بووە بە هۆکار و هەوێنی سەرهەڵدانی دەیان ناڕێکی کوشندە و مەترسیدار لەنێو کاروانی تێکۆشانی ڕزگاریخوازی بەتایبەتی و لەنێو شەقامی سیاسی کوردیدا بەگشتی. لێرەدا بەکورتی بە سێ لە ناڕێکییە سەرەکییەکانی دیاردەی زۆری و بۆری ئاماژە دەکەین.

فرە سەرۆکی: فرە سەرکردەیی یەکەم قەڵشی کاروانی دژەداگیربوونی کوردستانە. نەریتی دروستکردنی سەرۆک و سەرکردە کە یەکێکە لە پەتا هەرە کوشندەکانی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە شێوازێکی ناڕێکتر و کوشندەتر لە بزاڤی کوردیدا سەریهەڵداوە. لە حاڵێکدا کە هەمیشە هەموو نەتەوەکان لەژێر باڵی یەک سەرۆک و سەرکردەدا جووڵاونەتەوە، بزاڤی کوردی هەمیشە لە یەک کاتدا شوێنکەوتەی چەندین سەرکردە بووە. ئەگەرچی بەشێکی ئەم دیاردەیە ڕەنگە ئاکامی شێوە ژیانێکی ئەرێنی فرەڕەهەند و تا ڕادەیەک ئاسایی و تا ئەندازەیەک دیمۆکرات و لێبوردەی جڤاکی کوردی بێ کە بە هەزاران ساڵ بە شێوازی میرنشینی لە کوردستان درێژەی هەبووە، بەڵام بەداخەوە کاریگەری و باندۆری نەرێنی ئەم دیاردەیە لەسەر ڕەوتی ئازادکردنی

**کوردستان لە دەستی داگیرکەران باندۆرێکی زۆر خراپ بووە و بووەتە بنەمای گەلێ نارێکی لەم ڕێبازەدا.**
**فرەسەرکردەیی لە هەنگاوی یەکەمدا هەوێنی دابەشبوونی ئەو هێزەیە کە بە ڕێکەوت نیازێکی زۆریشی بە یەکگرتوویی هەیە بۆ سەرکەوتن. ئەگەر بە لایەکی دیکەدا سەیر بکەین، ڕۆحییەتی گوێڕایەڵی و شەیدایی و ئامادەگی توانەوە لە سەرۆکدا، بەشێکە لە خێ و خەسڵەتی تاکی کوردی وەک هەر مرۆڤێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تێکەڵەی ئەم ڕۆحە شەیدایە لەگەڵ ڕۆحی دیکتاتۆر و کاریزمای سەرکردەدا هەمیشە بوونەتە هۆکارێکی بنگەهی بۆ ئەوەی سەربازانی ژێر فەرمانی سەرۆک کە یەکەم هەنگاوەکانیان بە مەبەستی ڕزگاری نیشتمان و مرۆڤی داگیرکراوی کورد هەڵگرتبوو، هێدی هێدی لە سەرۆکەکاندا تواونەتەوە و زۆر جاران زۆرێک لە سامانی ئەم نیشتمانەیان لەپێناو سەرۆکدا بە فیڕۆ داوە. مێژووی بزاڤی سیاسی کوردی لە سەد ساڵی ڕابردوودا هیچ وەخت تاکەسەرۆکی بە خۆیەوە نەبینیوە و هەمیشە لە یەک کاتدا چەندین سەرکردەی ناهاوتەریب و تەنانەت دژبەر بوونەتە دەمڕاست و بەردەنگی پرسی داگیربوونی کوردستان. ئەمە لە خۆیدا هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ پارچەبوونی تەڤگەری دژەداگیربوونی کورد، کۆمەڵگەی کوردی، و تەنانەت خودی پرسی داگیربوونی کوردستانیش هەم لە ناوخۆ و هەم لە چاوی دەرەوە. زۆربەی سەرکردەکان دووجار کوردیان دابەش کردووە، جاری یەکەم لە ئاستی پارچەکاندا و جاری دووەم لە ناوخۆی هەر پارچەیەکیشدا**

بوونەتە هۆکاری پارچەبوون. مێژووی تێکۆشانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕە لە هیچ وەختێ خاڵی نەبووە لە چەند سەرۆکی. بە سەرنجدانە سەر بزاڤی گەلانی جیاواز بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکاری یان بەدەست هێنانی سەربەخۆیی، دەبینین کە سەرەڕای هەبوونی چەندین سەرکردەی بەهێز لە یەک کاتدا، ئاڵایە هەر هەموویان نوێنەرایەتی و سەرکێشی دۆزەکەیان لە یەک سەرۆکدا کۆکردووەتەوە. بەڵام لە ناڕێکییەکی سەیردا جڵەوداران و سەرکێشانی دۆزی کورد هەمیشە وەک سەرەکانی مارێکی چەندسەر دەرکەوتوون کە لەباتی پاراستنی جەستەی هاوبەش هەرکامەیان لە پەرێزی خواردنی سەرەکانی دیکەدا ژیاون.

فرەپارتی: فرەپارتی یان دەقیقتر فرەڕێخراوەیی یەکێکی دیکەیە لە ناڕێکییەکانی تەڤگەری دژەداگیربوونی کوردستان. پێش هەموو شتێ دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە یەکێ لە پاساوە هەرە باوەکان بۆ ئاسایی و ئەرێنی نیشاندانی فرەپارتی لەنێو بزاڤی کوردیدا ئەوەیە کە لە بەراوردێکی نادروست و ناتەندروستی دۆخی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی خاوەن قەوارەی مسۆگەردا، هەمیشە فرەپارتی لەنێو کورددا وەک یەکێ لە نیشانەکانی دیمۆکراسییەتی کورد وێنا دەکرێ. ئەم وێناکردنە و ئەم زیهنییەتە هەمیشە وەک بەستەرێکی سەرهەڵدانی فرەحیزبی کاری کردووە. ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر سەیری هەموو بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی گەلانی دیکە بکەین، مەگەر بەدەگمەن دەنا هیچ گەلێک بە دووان و سێ و چوار و چەند پارت نەیتوانیوە بگاتە ڕزگاری. هەروەک فرەسەرۆکی، فرەحیزبیش

هەمیشە چەقۆیەک بووە بۆ کەرتکردنی ماڵی کوردی و ئەڵبەتە لەم ڕێبازەدا زۆر مەترسیدارتر و کاریگەریش دەرکەوتووە. جڤاکی کوردی هەمیشە بەسەر چەند سەرکردە کە ژمارەیان کەمتر لە پەنجەکانی دەست بوونە دابەش کراوە، لەحاڵیکدا فرەحیزبی لەیەک وەختدا ئەم جڤاکەی بەسەر دەیان بەرەدا پەرش و بلاو کردووەتەوە. ئەم دابەشبوونە تەنیا دابەشبوون نییە بەسەر حیزبەکاندا. پارتی کوردی هەمیشە بارگاوی بووە بە ئایدۆلۆژیایەک کە بە ڕواڵەت بانگەشەی ڕزگاری کردووە، کەچی ئەویش لە ناخیدا شێوازێکی نوێی داگیربوونی بەرهەم هێناوە. مرۆڤی داگیرکراوی کورد کە لە ڕەوەندی تێکۆشان بۆ ڕزگاری خۆی جارێکی دی داگیر و دابەشی فرەسەرکردەیی و فرەحیزبی دەبێ، بەهۆی پارت و لەڕێگەی ئایدۆلۆژیاشەوە دیسان بۆ جاری چەندەمین داگیر دەکرێتەوە و دیسان دابەش دەبێتەوە بە کۆمەڵەی بچووک و بچووکتر. وەختێ ژمارەی پارتە کوردییەکان بەراورد بکەین بەو وڵاتانەی کە خاوەن سەروەری و قەوارە و دەوڵەتی خۆیانن ئەندازەی مەترسی و زیانەکانی ئەم دابەشبوونە ڕوونتر دەبێتەوە. بە گوتنێکی دیکە کوردستان نەتەنیا گیرۆدەی فرەپارتی بووەتەوە، بەڵکوو گیرۆدەی زۆری و بۆری ئەم پارتانەش هاتووە. ئەمجۆرە لە گیرۆدەبوون تەنانەت جێگە و پێگەی پارتەکانی لەنێو جڤاکی کوردی و لە کاروانی خەباتی دژەداگیربوونیشدا زۆر لاواز و بێ بایەخ کردووە. پارتی کوردیش هەر وەک سەرکردەی کوردی و ئەڵبەتە زیاتر لەوان

نەتەنیا لە ئاستی پارچەکان، بەڵکوو لە ئاستی نێوخۆیی هەرکام لە بەشەکان و تەنانەت لە ئاستی ناوچەییش کوردی دابەش کردووە.

ئاماژە بەم خاڵەش زۆر گرینگە کە ئەگەرچی خودی دیاردەکانی فرەپارتی و فرەسەرۆکی لە خۆیاندا هەوێنی پارچەبوونی کۆمەڵگەی کوردین، بەڵام ئەوەی کە ئەم باندۆرە نەرێنییەی فرەسەرۆکی و فرەپارتی کاریگەرتر کردووە ئەمەیە کە هەردوو بوونەوەری سەرۆک و پارت هەمیشە بە هەندێ تایبەتمەندی دیکە بارگاوی کراون کە لەسەر تۆختربوونی ئەم دابەشبوونە کاریگەری هەبووە. بۆ وێنە زۆرینەی ڕەهای سەرکردەکان(بە ڕای من هەر هەموویان جگە لە ئاپۆ) هەتا ئێستاش سەرۆکی ناوچەیی و لە ئەوپەڕیدا، سەرکردەیەکی پارچەیین. ئەم قسەیە بۆ زۆرینەی ڕەهای پارتەکانیش دروستە و سیمای هەردووکیانیش بە سیمای ناوچە یان ئەوپەڕی بە پارچەیەکی دیاریکراوی کوردستانەوە گرێدراوە. ئەم پەیوەستبوونە بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی نەرێنی هەم لە زیهنییەتی ناوچەگەرایی و پارچەگەرایی و تەنانەت زاراوەگەرایی باندۆری وەرگرتووە و هەمیش بە ئاراستەی زەقبوون و قووڵبوونەوە، لەسەر ئەم دیاردە و زێهنییەتانە کاریگەری داناوە.

فرەئایدۆلۆژی: چەندە هەردوو بوونەوەری پارت و سەرۆک ڕاستەوخۆ و بێ ناوبەین، چی بە کاریزما و چی بەهێز و دەسەڵات و چی بە پێگەی بنەماڵەیی و ئایینی بە ئاراستەی پارچەکردنی تەڤگەری دژەداگیربوونی کوردستان و دابەشکردنی جڤاکی کوردی کاریگەرییان هەبووبێ، هێندەش توانیویانە لەڕێگەی چەمکێکی

سێیەمی دیکە بەناوی ئایدۆلۆژیاوە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئەم کارتێکردنە نەرێنییە بەردەوام بکەن و ئەم دابەشبوونە بە ڕەهەندێکی دیکەدا درێژە پێبدەن. کێ بێ نەیزانێ کە هەموو سەرکردە و هەموو پارتێکی کوردی بەردەوام و هەمیشە گیرۆدەی ئایدۆلۆژیا سەرەکییەکانی هەمدەم بوونە و لەم ڕێگەیەشەوە یارانی ژێردەست و ئەندامی خۆیان گیرۆدەی ئەو ئایدۆلۆژییانە دەکرد. کۆمەڵگەیەک کە بەسەر سەرۆک و پارتەکاندا دابەش کرابێ تەنیا لە ڕووی جەستەیی و ڕۆحییەوە پارچە کراوە. ئەم جڤاکە بە جەستە و بە ڕۆحییەوە لە پارت و سەرۆکدا تواوەتەوە و دەبێتە بەردەی هەردوکیان، بەڵام دابەشبوون بەسەر ئایدۆلۆژیادا دابەشبوونێکی هزرییە و بەهۆی ئەوەی کە ئەم ئایدۆلۆژییانە هەموویان دەرەکی و بێگانە بە زمان و فەرهەنگ و نەریتی گەلی کورد بوونە سەرەڕای ئەوەی کە بەردەوام کۆمەڵگەی کوردییان لە بیر و هزری ڕەسەن خاڵی کردووە، بەڵام هەتا ئێستاش بە فەرهەنگی کوردی نامۆن و کورد نە بە لا هزرییەکەیدا توانیویە بە تەواوەتی چێژیان لێ ببینێت و نە بە لای شۆڕشگێڕی و سیاسییەکەشدا توانیویە بە شێوەیەکی تۆکمە و تەواو سوودیان لێ وەرگرێت. ئەم دابەشبوونە بەسەر ئایدۆلۆژییاکاندا وای کردووە کە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، ڕێژەیەکی بەرچاوی هێز و توانای هزری مرۆڤی کورد لەباتی وەبەرهێنانی بەرهەمێکی هزری ڕەسەن و خۆماڵی، ئەگەر توانایەکیشی هەبووبێ هەمووی لەڕێگەی ئایدۆلۆژیای دەرەکی خەرج بکا، ئەویش زۆربەی کات نە بۆ ڕوونکردنەوە و شرۆڤە، بەڵکوو

بۆ پاساو هێنانەوە و چەواشەکردنی لەپێناو مەبەستێکی تایبەتیدا. بەم شێوەیە بە درێژایی ئەم ساڵانە ئایدۆلۆژیای دەرەکی هەمیشە لەجیاتی ڕێنیشاندەر، هەوێنی لێکترازانی بنەما و شیرازەی ڕەسەنایەتی جڤاکی کوردی بووە.

فرەڕێبازی: وەک پێشتر گوتمان هەم پارت و هەم سەرکردەی کوردی هەمیشە بە هەندێ تایبەتمەندی وەک پارچەگەرایی، زاراوەگەرایی، ئایدۆلۆژیا و ... هتد بارگاوی بوونە و جگە لەمەش زۆرینەی ڕەهایان لەژێر هەژموون و باندۆری بەشێک لە دەوڵەتانی سەردەستی کوردستاندا بوونە. هەر بۆیە هەر پارتێک و هەر سەرکردەیەک بە شێوازی خۆی لە پرسی کورد ڕوانیویە و هەر لایەنێک چارەسەری خۆی بۆ ئەم دۆزە هەبووە. لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردودا کورد بەهۆی پارت و سەرکردەکانەوە بۆ یەک پرسی داگیربوونی کوردستان دەیان ڕێبازی وەک مافی چارەنووس، ئۆتۆنۆمی، سەربەخۆیی، فیدراڵی، کۆنفیدراڵی و ... هتد گەڵاڵە کردووە و لەنێو هەمووشیاندا هەمیشە بە سەرگەردانی خولاوەتەوە و زۆرجار لە یەک ئاندا چەند ڕێبازی ناکۆکی گرتووەتە بەر. بەم شێوازە پارت و سەرۆک و ئایدۆلۆژی پێکەوە پرسی داگیربوونی کوردستانیان لەنێوان چەندین ڕێبازدا دابەش کردووە و ئەم ڕێبازانەش دیسان بوونەتە هەوێنی لێکترازان، جیابوونەوە، دابەشبوون و تەنانەت شەڕی براکوژی....

بەمجۆرە فرەیی پارت، سەرۆک، ئایدۆلۆژیا و ڕێباز و بەکورتی زۆری و بۆری چەندین بازنەی خولانەوەی لێکئالاوی لە دەوری دۆزی کورد

دروست کردووە کە بووەتە مایەی بزربوونی ئەم دۆزەی لەم سووڕانەوە بێکۆتا و بێسوودەدا. بەکورتی، زۆری و بۆری پەتایەکی کوشندەی هەردەمی ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستانە کە بەئاگا ویستوویانە دژی داگیربوون بوەستنەوە و بەڵام زۆربەی جار بێئاگا تووشی ئەم پەتایە هاتوون. پەتای زاوزێی پارتی لاسەنگ و زاوزێی سەرکردەی ناتەواو و لە ئاکامیشدا زاوزێی ئایدۆلۆژیای نامۆ و لەدایکبوونی ڕێبازی ناچڵ هەتا ئێستاش یەکێکە لە دیاردە ناشیرینەکان و یەکێکە لە نارێکییە هەرە گەورەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی و دژەداگیربوونی کوردستان.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەو هەڵبەستەی هۆزانی گەورە عەبدوڵا پەشێو بەبیر بێنمەوە کە ئەگەرچی ڕووی دەمی لە باشوورە، بەڵام بە جوانترین و ڕەساترین شێواز ئاسەوارە کوشندەکانی پەتای «زۆری و بۆری» بەمجۆرە لەقاو دەدا. «لەم نیشتمانە چارەڕەشەدا ـ چیتان هێشتووە ـ دابەشی نەکەن وەک ڕەزی خۆتان؟ ـ هەر بە شەهیدان سەرمان بڵند بوو ـ ئەوانیشتان کرد بە پەزی خۆتان! ـ ناوێرم قەڵەمێک هەڵگرم ـ ناوێرم کراسێک لەبەر کەم ـ ڕووتان ڕەش بێ! ـ خۆ ڕەنگەکانیشتان بەش کرد ـ بڵێم خوێندکار یا قوتابی؟ ـ ژن یا ئافرەت؟ ـ ڕووتان ڕەش بێ ـ تا وشەی ناو فەرهەنگەکانیشتان بەش کرد! ـ دوو کەناری زێی جاویدانی ـ خانی و حاجی قادرتان بەش کرد ـ خاک و ئاو و ئاگرتان بەش کرد ـ کوا چیتان هێشت؟ ـ کوا کێتان هێشت؟ ـ بگرە قەحبە و دز و ڕێگریان بەش کرد ـ وەک زڕتەکی گاکوژ بەدەست ـ نیشتمانێکتان کرد بە دوو ـ شار بە شار،

**گوند بە گوند گەڕان ــ لە هەر ماڵێ ــ ئاگردانێکتان کرد بە دوو! ــ خەڵک مێژوویەکی هەیە ــ ئێمە دوو مێژوومان هەیە ــ هەموو دنیا ــ یەک سەرکردەی لێ بەڵایە ــ ئێمە لەویش دوومان هەیە!»[1].**

[1] دیوانی براکوژی، عەبدوڵا پەشێو

## پارت، هێمای نەگبەت و پیرۆزی

به درێژایی مێژووی بەرهەڵستکاری کورد دژ به داگیرکاری، له دوای چیاکانی کوردستان پارتی کوردی یەکێ له سەرەتاییترین و سەرەکیترین ناونیشانەکان بووه که مرۆڤی شۆڕشگێڕ و سەرهەڵدێری کورد ڕووی تێکردبێ. مرۆڤی بندەستی کورد لەو ساتەوەختەدا که هەستی بەوه کردووه که چیدی ناتوانێ لەگەڵ داگیربووندا ڕابێ پارتی کوردی وەک مەتەرێزی سەرهەڵدان بینیوه و ڕووی کردووەته پارتی کوردی. کاریگەری پارت له تێکۆشانی دژەداگیربوونی کوردستاندا هێندە بەهێزە که نەتەنیا مۆڵگەی شۆڕشگێڕان بووه، بەڵکوو تەنانەت ئەو بەشە زۆرینەیەی جڤاکی کوردی که له هەمبەر داگیرکاری بێ دەسەلات بووه هەمیشه به چاوی هیواوه تێی ڕوانیوه. ئەگەرچی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری، گەلێ ڕێبازی جیاوازی ئەزموون کردووه و گەلێ ئامرازی جۆراوجۆری بەکار هێناوه، بەلام بێگومان یەکێ له گرینگترین ڕێبازەکان، هەتا ئێستاش حیزبایەتی و دامەزراندنی پارتی سیاسی و چەکدارییه. دەتوانین بڵێین که دامەزراندنی پارت یەکەمین و بەهێزترین کاردانەوەی بەکۆمەڵی جڤاکی کوردییه دژ به داگیربوونی وڵاتەکەی و هەتا ڕۆژی ئەمڕۆش بەباندۆرترین و کاریگەرترین هێزی گۆڕەپانی تێکۆشانی کورد دژی داگیرکەرانه. هەر بەهۆی ئەمەشەوه یەکەمین یان لانیکەم یەکێ له یەکەمین ناونیشانەکان که مرۆڤی سەرهەلدێری کورد هەمیشه چاوی لێ بووبێ و ڕووی تێکردبێ بەردەوام بریتی بووه له پارتی بەرهەڵستکاری کوردی. دەتوانین

بڵێین کە ئەمە پارتی کوردی بووە کە کاروانی دژەداگیربوونی کوردستانی تاکوو ڕۆژی ئەمڕۆ هێناوە و ئەم کاریگەرییە هێندە زۆرە کە هیچ کەسێ ناتوانێ نکۆڵی لە شکۆ و پیرۆزی پارتی کوردی لەچاو بەشێکی زۆری خەڵکی کورد بکا. ڕەنگە هەر بەم هۆیەوە بێ کە هەموو پارتێکی کوردی هەمیشە هەوڵیداوە خۆی وەک ئەو کەشتی فریشتانە[٢] نیشان بدا کە کلیلی ڕزگاربوونی کوردی لە دەستدایە و لەم ڕێبازەدا ئەوەی کردبێتی هەمووی شانازی و پیرۆزییە. بەڵام ئایا بەڕاستی پارتی کوردی ئەو کەشتی فریشتانەیە کە خۆی دەیڵێ؟!...

بێگومان پارتی کوردی بە درێژایی هەبوونی هێندە سەرچاوەی داکۆکیکردن لە دۆزی کورد بووە هەر ئەوەندەش ژێدەری نارێکی و بەلاڕێدا بردنی ئەم دۆزە بووە. لەتیف هەڵمەت بە هەڵبەستی «من نە پارتیم ــ نە یەکێتیم ــ نە یەکگرتووم ــ نە شیووعیم ــ نە پەکەکەم ــ لێوت هەرچی ڕەنگ بێ ــ من دەنگ بۆ ئەو ڕەنگە دەدەم!»[٣]، بە جوانی گوزارە لە زۆربوونی بێتامی پارتی کوردی و سووکبوونەوەی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی لەنێو جڤاکی کوردیدا دەکا. بۆ ئەوەی لە نارێکییەکانی پارتی کوردی تێبگەین با تۆزێ لە نزیکترەوە بە چەند پرسیارێک مەراقی بخەینە سەر. گەلۆ چەندجار کورد بەهۆی پارتی کوردییەوە لە نێوخۆیدا تووشی شەڕی براکوژی

---

٢ئەم تەعبیرە لە ناوی ڕۆمانێکی بەختیار عەلی بەناوی کەشتی فریشتەکان وەرگیراوە

٣دیوانی ددانی پاشەڕۆژ وەک ددانی جەنگ سپییە، لەتیف هەڵمەت

هاتووه، ژمارەی شەڕەکانی براکوژی زۆرترن یا شەڕەکانی دژ بە داگیرکەران، چەند پارتی کوردی و چەند جار خیانەتی ئاشکرایان لە دۆزی کورد کردووە، چەندجار پارتی کوردی لەپاڵ داگیرکەراندا دژی هێزێکی دیکە یان پارچەیەکی دیکەی کوردستان شەڕی کردووە، بۆ هەمیشە پارتی کوردی لە دانووستاندا دۆڕاندوویەتی؟.
... هتد.

ئەم پرسانە تەنیا پرسیارگەلێکن کە نارێکییەکانی پارتی کوردی لە ئاستی جڤاکیدا دەخەنە ڕوو، لەحاڵێکدا کە لە ئاستی تاکەکەسیشدا و بەتایبەت سەبارەت بە ئەندامەکانی خۆی، پارتی کوردی بەرهەمهێنەری گەلێ نارێکی گەورەیە. مرۆڤی سەرهەڵدێری کورد لە سەرەتاوە یەک پیرۆزی هەڵدەبژێرێ و ئەویش نیشتمان و یەک ڕاستەڕێی دەگرێتەبەر، ئەویش خەبات لەپێناو ئازادی ئەو نیشتمانە. بەڵام ئەزموونی حیزبایەتی کوردی بە ڕوونی دەریدەخا کە حیزب وردە وردە پیرۆزییە ڕاستەقینەکان لە تاکی شۆڕشگێڕ دەگۆڕێ و ڕێبازەکانی لە بەرچاو چەوت و چەواشە دەکاتەوە. یەکەم جار لە سەرۆکدا دەتوێنرێتەوە و دەکرێتە فیدایی و گوێڕایەڵی ئەو و بە ئایدۆلۆژی دەکرێتە سەربازی حیزب. هەر بەو پیرۆزییە دەسکردانە و لەپێناو ئەوانەدا بەها ڕاستەقینەکەی لێ دەگۆڕێ و لەباتی تێکۆشان دژ بە داگیربوون لە نارێکیدا تێوەدەگلێ. بە ساڵان شەڕی براکوژی پێدەکرێ، بە جاران لەباتی شەڕ دژی داگیرکەر بۆ ئەوان شەڕ دەکا. لەپێناو داگیرکەراندا نەتەنیا خیانەتی دژ بە پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکا، بەڵکوو لە ئاستی حیزبەکانی پارچەکەی

خۆشی خیانەت دەنوێنێ. ئەگەر دژی کارە خراپەکانی پارتەکەی وەستابێتەوە، هەمیشە ئەمە ئەوە کە لەلایەن سەرۆکەوە بە جاشایەتی تۆمەتبار دەکرێ، لەلایەن پارتەکەیەوە بە خیانەت و دەرچوون لە ڕێبازی شۆڕش تۆمەتبار دەکرێ. ئەم تاکە ڕەنگە چەندین جار لە حیزبەکەی هاتبێتە دەرەوە و تەقلی هێزێکی دیکە بووبێ، بەڵام پارتەکانی دیکەش جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە و بە هەمان ئاقار و بە هەمان سیاسەتی ئەوانی پێشوودا دەڕۆن. بەکورتی ئەزموونی پارتی کوردی بۆ تاکی شۆڕشگێڕی کورد ژیانێکە بریتی لە دوئالیتەیەکی دژوازی پێکهاتوو لە پیرۆزی و نەگبەتی هاوکات. لەڕاستیدا پیرۆزی و نەگبەتی پارتی کوردی دژوازییەکی دەروونی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردییە کە دەیان ساڵە وەک پەتایەکی کوشندە بەرۆکی تەڤگەری دژەداگیربوونی کوردی گرتووە.
ئەم دوئالیتەیە لێرەوە دەست پێدەکا کە ئالایە هەموو ئەو پارتە ڕزگاریخوازانەی کە بۆ دەربازکردنی کورد لە گێچەڵی داگیربوون سەریانهەڵداوە دوای ماوەیەکی کورت خۆیان بە شێوازی جیاواز و بە ئاراستەی جۆراوجۆر دیسان داگیرکراونەتەوە. لە گۆڕەپانی خەباتی حیزبایەتی کوردیدا کەم نین ئەو پارتانەی کە بە مەبەستی هێنانە خزمەتی پرسی داگیربوونی کوردستان، خۆیان بە ئایدۆلۆژییەکی بە ناو و ڕواڵەت ڕزگارکەر بارگاوی کردووە، بەڵام دواجار هەموو ئەو کەسانەیان کە بە هیوای ڕزگاری نیشتمان ڕویان تێکردبوون لەگەڵ خۆیاندا تووشی داگیربوونێکی دیکە لەنێو بازنەی ئایدۆلۆژیادا کردووە. بەم شێوەیە هەموو جارێ هێزێک هاتووەتە ئاراوە کە

ئەگەرچی بەڕواڵەت بانگەشەی ڕزگاری کوردی کردووە، بەڵام لەڕاستیدا ڕێبازێکی تازە بووە بۆ گیرۆدەبوونی مرۆڤی کورد بە شێواز و ڕەنگێکی جیاوازتر. زۆر کەسان گەلێ جار لەپێناو ئایدۆلۆژیادا پارتەوپارتیان کردووە، زۆرجاران لەبەر حیزبایەتی تەسک تووشی شەڕی براکوژی هاتوون، زۆرجار تامی دابڕان و لەتبوونی نێوان پارتەکانیان بینیوە ... و هتد. بە گوتنێکی دی، پارتی کوردی هەتاکوو ئێستا بە ڕواڵەت ڕێگایەکی ڕزگاری لە داگیربوون و لە ناوئاخن و ناخی خۆیدا کەرستە و ئامێرێک بووە بۆ شێوازێکی دیکە لە داگیربوون، یان ڕێبازێک بۆ وێڵبوون و سەرلێشێواوی ئەو کەسانەی دژی سیستەمی داگیرکەر سەریانهەڵداوە. ئەم پاشخوانەیە کە بووەتە هۆکارێکی گرینگ بۆ ئەوەی زۆربەی ئەو کەسانەی کە سەرەتادا وەک سیمایەکی پیرۆز ڕوانیویانەتە پارتایەتی، ئەمڕۆ وەک هێمایەکی نەگبەتی بۆ ئەم جڤاکە داگیرکراوە دەیبینن. ئەم نەگبەتییە تەنیا لەمەدا کۆتایی نەهاتووە و هەمیشە لە بەرزترین ئاست و بە مەترسیدارترین شێوە تاک و جڤاک و خاکی کوردی گیرۆدە کردووە. لەڕاستیدا جیا لە لە پەتای گیرۆدەکردن بە ئایدۆلۆژیا، پارتە کوردییەکان بە ئاراستەی جیاواز و جودای وەک دابەشکردنی هزری، ناچەگەرایی، زاراوەگەرایی، پیرۆزکردنی ڕێباز و سەرکردایەتی و زۆر بواری دیکە، هەمیشە بەشێکی گەورە بوونە لەو هۆکارە هەرە بەباندۆر و کاریگەرانەی سەر کۆمەڵگەی کوردی کە هەم ژیانی ئەندامانی خۆیان بەتایبەتی و هەمیش ڕەوتی جڤاکی کوردییان بەگشتی

دوچاری گەلێ دوئالیتەی دژواز لە نەهامەتی کردووە. زۆرن ئەو کەسانەی کە دوای چەندین ساڵ، ئێستا کە چاو لە ئەزمونی حیزبایەتی خۆیان دەکەنەوە، گەلێ حاڵەتی دوئالی تەواو دژبەری یەک لە ناخی خۆیاندا بەدی دەکەن. دوئالیتەی وەک نەگبەتی و پیرۆزی هاوتەریب، شانازی و سەرشۆڕی هاوکات، و پێشمەرگایەتی و جاشایەتی هەموەخت. بە درێژایی خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان، زۆرینەی حیزبە کوردییەکان خەڵکیان بە دروشمی شەڕکردن دژی داگیرکەر ڕاکێشاوە، کەچی دواجار لە دژی پارتێکی دیکەی کوردی و بۆ شەڕی براکوژی بەکاریان هێناون. ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەت بە یەک هێزی کوردی نەبووە و هێندە دوبارە کراوەتەوە کە چیدی دەتوانین بڵێین کە لەڕاستیدا حیزبایەتی کوردی هەمیشە بریتی بووە لە براکوژی لەژێر ناوی کوردپارێزیدا. بەسەرهاتی زۆربەی پارتە کوردییەکان وەها بووە کە بە تێگین و زیهنییەتی دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەی سیستەمی داگیرکاری لە بەشێکی کوردستان سەریانهەڵداوە، بەڵام لە ئاکامدا بوونەتە داردەست و چاوساقی هەمان سیستەم بۆ داگیرکردن و چەوساندنەوەی بەشێکی دیکەی ئەم نیشتمانە. بەمجۆرە هەزاران کەس لەوانەی کە بە مەبەستی پێشمەرگایەتی ڕوویان کردوونەتێ، زۆرجار بە نائاگا کەوتوونەتە ڕێگەی جاشایەتی.

ئەم ڕەوتە لە حیزبایەتی کوردی هەتا ئێستاش تا ڕادەیەکی زۆر بریتییە لە ژیانکردنێکی ناڕێکی مرۆڤی کورد لە دوئالیتەی براپارێزی لەڕێگەی براکوژی، ڕزگارکردن لەڕێگەی کۆیلەبوون، پێشمەرگایەتی

لەڕێگەی جاشایەتی، خزمەتکردن لەڕێگەی خیانەت و بە واتایەکی دی، بە ڕێگەیەکی پیرۆزدا هێنانەوەی نەگبەتی. چەندە زۆرن ئەو کەسانەی کە لەڕێگەی حیزبەوە دەستیان بە خوێنی برای خۆیان ئالوودە کراوە، چقاس زۆرن ئەو کەسانەی کە بە فەرمانی حیزب لە خیانەت دژ بە بەشێکی دیکەی کوردستان تێوەگلاون و ... هتد. دوئالیتەی پیرۆزی و نەگبەتی پارتی کوردی لە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە جێگای سەرنجە و ئەویش ئەمەیە کە لەحاڵێکدا هەموو پارتەکان بۆ ئامانجێکی پیرۆز تێدەکۆشن، کەچی بە شێوەیەکی ڕەها هیچ کامیان خۆشەویست و جیگەی قبووڵ و مایەی شانازی هەموو کوردێک نین. لە ئاستی پارچەکاندا، پارتیمان هەیە لە بەشێک وەک شۆڕشگێڕ و لە بەشێکی دی وەک خائین چاویان لێدەکرێ، پارتیمان هەیە کە زۆرکەس وەک جلّەوداری سەربەخۆیی دەیناسن و زۆرکەسیش بە دەسپێچکی کۆیلەتی. ئەگەرچی لە میانەی ڕەوت و بزاڤی دژەداگیربوونی کوردستاندا دەیان قارەمانی بێوێنە لەنێو پارتەکاندا سەریانهەڵداوە کە زۆرێکیان دەتوانن ببنە هێما و کەسایەتی پیرۆزی نەتەوەیی، بەڵام هەموویان بەهۆی نەگبەتی پارتی کوردییەوە دابەش کراون و وەک کەسایەتی لە ئاستی نەتەوەییدا بۆ ئاستێکی نزمی ناوچەیی و تەنانەت حیزبی دابەزیون. هەر بۆیە هەر پارتە و کەسایەتی پیرۆزی خۆی هەیە، هەر پارت و ڕۆژی پیرۆزی خۆی هەیە و سەرۆکی پیرۆزی خۆی هەیە و ڕێبازی پیرۆزی خۆی هەیە و ... هتد. کورت و کورمانجی، حیزب لە کوردستاندا بە شێواندن و لیخنکردنی هەموو چەمکە پیرۆزەکانی

**وەک سەربەخۆیی، ئازادی، ڕزگاری نیشتمانی، شەهید و ... هتد و هێنانەئارای هەندێ تێگین و تێڕوانینی چەوت لە هەندێ وێنادا بووەتە مایەی نەگبەتی و ناتوانی کاروانی تێکۆشانی دژ بە داگیرکەرانی کوردستان. بە واتایەکی دی، پارتێ کە یەکەمجار بە مەبەستی ڕێک کردنی تەڤگەری دژەداگیربوونی کوردستان هاتەئاراوە دەیان ساڵە وەک ئەوەی کاری لەپێشینەی ئەوە بێ کە هەموو بزاوتێکی ئەم تەڤگەرە بەرەو نارێکی ببا خۆی نەتەنیا بووەتە بەشێک لە نارێکییەکان، بەڵکوو بووەتە دەزگایەکی زەبەلاح و گەورەی دروستکردنی دەیان نارێکی لەنێو ئەم کاروانەدا. نارێکیگەلێکی وەک پەتەوازەکردن لەنێوان ڕێبازی جیاوازدا، وێڵبوون لەنێو چارەسەری جۆراوجۆردا، دوودڵی لەنێوان لێڤەگەڕی جوداجودا و بەکورتی سەرلێشێواوی و پاشاگەردانی لە کاروانی دژەداگیربوونی کوردستاندا.**

## کاوێژی مێژووی درۆ

پێشتر باسمان لە خوێندەواری و نەزانی وەکوو یەکێ لە نارێکییەکانی داگیربوون کرد. لێرەدا باسی نارێکییەکی دیکە دەکەین کە بۆ خۆی ئەگەر سەداسەد لێکەوتە و دەرهاویشتەی خوێندەواری و نەزانی نەبێ، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی پێوە هەیە و بەشێکی گەورە لێی بێگومان دەرئەنجامی دیاردەی خوێندەواری و نەزانییە. با سەرەتا بە چەند میناکێک ئەم نارێکییە وێنا بکەین.

ڕەنگە ئێوەش وەکوو من لە ژیاندا تووشی کەسانێکی کورد هاتبن کە کاتێ لە کەڤنارەیی و مێژووی دێرینی وڵاتی ئێران دەدوێن، ڕێک وەک ئەوەی فارسێکی پان ئێرانی خەریک بێ بدوێ، ئاماژە بە هاتنی ناوی ئێران لە شانامەی فیردەوسی دەکەن و وەکوو سەلمێک بۆ گەڤنارەیی وڵاتێک بەناوی ئێران پێشکەشی دەکەن. یان کەسانێکتان دیتبێ کە کاتێ دەیانەوێ باسی ڕیشە و ڕەتەوەی کورد بکەن، یەکسەر دەچنەوە سەر ئەو سەرچاوانەی کە داگیرکەران نووسیویانە. من بۆ خۆم کەسانێکی کوردم بینیوە کە تەنانەت لە شرۆڤەی بنچینەی نەژادی کورد، بەبێ ئەوەی لە سەریان ڕاوەستە بکا و بە درۆیان بخاتەوە، ڕستەگەلی وەک «شاهنامە گوتوویە کورد پاشماوەی ئەو لاوانەیە کە لە مارەکانی زوحاک ڕزگاریان بووە»، یان «لە فلانە سەرچاوە هاتووە کە کورد زارۆی بلقەیس و نیوەیان لە جنۆکەیە» و ... هتد وەک چاوگی مێژوویی هێناویەتەوە. یان لە نموونەیەکی دیکەدا لەنێو ئەوانەی کە مێژوویان خوێندووە من کەسانێکم بینیوە کە وەختانێک پشت بەستوو بە وانەکانی زانکۆ

باس لە سنوورەکانی ئێرانی کۆن تا دەریای مدیتەرانە دەکەن و وەختانێکیش لە شرۆڤەی دیارکەوتنی ئاسەوارێکی دێرۆکی لە سنوورەکانی ڕۆژهەلات دیسان بە گوێرەی هەمان سەرچاوانەی زانکۆ و بەبێ ئەوەی لە دژوازی قسەکانی خۆیان بەئاگا بێن ئەو ئاسەوارانە وەک قەلا و داژی سنوورەکانی ڕۆژاوای ئێران پێناسە دەکەن و وەک ئەو جۆرەی فارس دەیەوێ کورد بە داژداری لەمێژینەی سنوورەکانی ئێران دادەنێن. با نموونەیەکی گشتی بێنینەوە. هەموو کوردێ و بەتایبەت کوردی ڕۆژهەلات بە باشی دەزانی کە فەرهەنگی فارسی ئێرانی چەندە سووکایەتی بە زمان و فەرهەنگی ئەفغانی دەکا. هەر ئەم فەرهەنگە شۆڤینییە بۆ گەورەکردن و سەپاندنی هەژمۆنی فەرهەنگی خۆی بەسەر نەتەوەکانی دیکەی وەکوو کورددا، کەسانی وەک مەولانای بەلخی، ناسرخەسرەو قوبادیانی، سەنایی غەزنەیی، عەبدولای ئەنساری و دەیان بلیمەتی دیکەی ئەفغانی وەک شاعیر و زانا و فەیلەسووفی ئێرانی دەناسێنێ. بەلام مرۆڤی بندەستی کورد کە لە ڕێگەی پەروەردەوە هەر لە منداڵییەوە مێشکی سڕ کراوە بە شێوازێکی زۆر گەوجانە، زیاتر لە خودی فارس ئەم درۆیانە وەک ڕاستی ڕاستەقینە وەردەگرێ و ئەو هەژمۆنەش بە دڵ و گیان و هەست لە ڕۆحی خۆیدا دەپەژرێنێ و نەتەنیا ئەمانە وەک شاعیر و زانا و بلیمەتی ئێرانی دەپەژرێنێ، بەڵکوو وەک ئێرانییەک! بە شانازی خۆشی دەیانزانێ...

نموونەکانی سەرەوە تەنیا مشتێکی زۆر کەم لەو گشتە گەورەیەیە کە بە مەبەستی ڕوونکردنی باسەکە هاتوون. کرۆکی ئەم نموونانە و نموونەکانی هاوشێوە بریتییە لە کاوێژکردنی مێژوویەکی درۆکانی کە ساختە و دەسکردی دەوڵەت نەتەوەکانی فارس، تورک و عەرەبە و کوردی داگیرکراویش بەردەوام بە کاوێژکردنیان هەر ڕۆژ بە ڕۆحی خۆیدا دەیاندا و هێندە نەتەوەی سەردەست بە گوێدا دەیخوێنێتەوە، هەر ئەوەندەش خۆی لەگەڵ ڕۆح و مێشکی خۆیدا دوبارە و دوبارەی دەکاتەوە. لە سێبەری ئەم نارێکییەدا مرۆڤی بندەستی کورد هەمیشە بە چاوی سەردەست دەبینێ و بە مێشکی ئەو بیردەکاتەوە، تا دەگاتە ڕادەیەک کە کەسی بندەست بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز و گەوجانە هەموو شتێکی سیستەمی سەردەست کاوێژ دەکاتەوە. پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم دۆخە تەنیا بە یەک ئاراستە و لەڕێگەی یەک دەزگای وەک سیستەمی پەروەردەوە دروست ناکرێ و بە ڕەهەندی جیاواز و لە بواری جیاوازدا بەڕێوە دەبرێ. تاکی کورد لەوەتەی چاوی دەکاتەوە بە زمانی ئەم سیستەمە دەخوێنی، لە مزگەوتی ئەودا نزا و نوێژ و پاڕانەوە دەکا، لە تەلەڤزیۆنی ئەودا دنیای دەبینێ، بە ڕۆشنبیری ئەو ئاراستە و شوێنکەوتە دەکرێ، بە نوخبەی ئەو دەستەمۆ دەبێ و ... هتد. بە واتایەکی دی، بەساڵان فێر دەکرێ دنیا بە چاوی سیستەم ببینێ و بە گوێی سیستەم ببیسێ و وەک پێشتر گوتمان هەموو ئەو درۆ و دەلەسانە کاوێژ بکاتەوە کە دەسەڵاتی سەردەست بۆ گەورەکردنی خۆی و بچووک کردنەوەی ئەو هەڵیاندەواسێ و دەیخاتە زار و

مێشکییەوە. ئەم مرۆڤە داگیرکراوە لە سێبەری ئەمجۆرە ڕاهێنانەدایە کە تەنانەت وەختێکیش دەبێتە مێژوونووس لە دووتوێی کاوێژگەلێکی وەک «ئێران وڵاتێکی خاوەن شارستانییەتی هەزاران ساڵەیە»، «ئێران دەوڵەتێکی کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوینە»، «ئێرانییەکان سەدان ساڵە ئەزموونی دەوڵەتدارییان هەیە» و دەیان ڕستە و دەستەواژەی دیکەی لەم چەشنە ڕۆحییەتی بندەستی خۆی دەسەلمێنێ. کاتێ دەبێتە ڕۆماننوس نالی دەباتە خزمەت حافزی شیرازی، دەمێ باسی یەکەم شارەکانی مێژوو دەکا لەباتی هەولێر و ئامەد و کرماشان یەکسەر و بێئاگا ئەستەمبۆڵ و شام و ئەسفەهان بە زارییدا دێن. کاتێ دەچێتە بەرگی موسڵمانێتییەوە قودس و مەکە و مەدینە بە پیرۆزترین شوێنەکانی سەرزەمین دەزانێ و کەچی چۆنکە لە فەرهەنگی عەرەبیدا بەرجەستە نەکراوەتەوە خۆشی لە پیرۆزبوونی چیای جوودی گومان دەکا. ئەو بێستوونی هێمای پیرۆزی ئەوین و فەرهاد و شیرین لە ناخی خۆیدا دەشارێتەوە و بە بێستوونی داریۆش و کەتیبەی فەتح و داگیربوونی وڵاتی باپیرانی شانازی دەکا و ... هتد. ئەم کەسایەتییە داگیرکراوە جگە لەوەی داگیرکەران لەچاوی خۆیانەوە دەبینێ و ئەوان بەو شێوازە ئەرێنییەی کە خوازە و دڵخوازیانە وێنا دەکا، تەنانەت کاتێکیش کە دەیەوێ ئاوڕ بداتەوە سەر خۆی و خۆی ببینێتەوە یەکسەر دەچێتە سەر ئەو سەرچاوە درۆکانی و چاوگە نەڕاستانەی کە داگیرکەرانی کوردستان بە ساختە دروستیان کردوون و ئەویش بە کاوێژکردنیان دیسان لەسەر خۆی ساقیان دەکاتەوە. ئەم مرۆڤە لە ئاکامی

پرۆژەیەکی درێژمەودا و هەمەلایەنەدا سیستەمی سەردەست چاو و گوێ و هزر و هەموو هەستە ڕەسەنەکانی خۆی لێ دەکاتەوە و لە جێی ئەوانە چاو و گوێ و هزری خۆی دادەنێ و دەیکا بە کەسێکی نارێکی سەیر. ئەم نارێکییە وەهایە کە مرۆڤی داگیرکراوی کورد هەموو ئەو ناڕاستییانەی کە کاوێژیان دەکا بە ڕاستییەکی مسۆگەریان دەزانێ و وەک ئیمان دایندەنێ و چاویان لێدەکا. ئەگەر کەسێکیش پێی بڵێ کە ئەمانە هەموویان درۆ و دەلەسەی دەسکردی سیستەمی داگیرکەری سەردەستی کوردستانن و بە درۆیان بخاتەوە، لە کاردانەوەیەکی سەیردا وەک ئەوەی هەموو زانیارییەکانی پێشووی بە سەلم و بەرگەوە وەرگرتبێ داوای بەڵگەی سەلمێنەر دەکا...

لەڕاستیدا سیستەمی داگیرکار تا ئەوپەڕی بێ ڕەوشتی مرۆڤی بندەستی کورد وا لێدەکا تا ئەوپەڕی جانەوەربوون بیخاتە کاوێژکردنی ڕشانەوە هزرییەکانی خۆیەوە و بەمجۆرە هەست و نەستی کەسایەتی داگیرکراوی کورد تا ئەو ڕادەیە بە ناڕاستییە مێژووییەکان بارگاوی بکا کە تەنانەت کاتێکیش دەیەوێ باسێکی زانستی و مێژوویی پێشکەش بکا بەڵگە و سەلمەکانی ڕێک لە توورەکەی داگیرکەرانەوە دەربێنێ و وەک بڵێی زمانی لە زار ئەوانەوە بێتەگۆ ڕێک ئەو دیرۆکە پڕ لە شانازی و سەرروەرییە درۆکانییەی سیستەمی داگیرکەر بە ڕۆحی خۆی بفرۆشتێتەوە. لەم ڕێگایەوە بە شێوازێکی نارێک مرۆڤی بندەستی کورد بەمە گۆش دەکرێ کە گوایە جێگەی ئەم وەک بندەستێکی بێ دیرۆک و

پێشینە و ئاستی ئەو وەک سەردەستێکی خاوەن مێژوو دۆخێکی لەمێژینە و هەتاییە و ئەم دانووستاندنی بندەستی و سەردەستییەش دەبێ بۆ هەتایە بمێنێتەوە. ئەم مرۆڤە بندەست و نارێکە لەباتی بەگژداچوونەوەی ئەم درۆیانە بەردەوام درۆی سیستەمی داگیرکەر دوبارە دەکاتەوە. دوبارەکردنەوەی ئەم درۆیانە لە زاری کەسایەتی داگیرکراوی کوردەوە لەڕاستیدا بە نائاگا پەسەندکردنی مێژوویەکی لێخن و تەماوی و شێوێنراوە، ڕەوایەتیدانە بە باڵادەستییەکی ڕۆحی زۆرەملێ لەسەر خود و پەسندانی کەسایەتی ستەمدیدەیە بۆ ستەمکارەکەی خۆی و بەکورتی، ناخواستە چەسپاندنی ئەو هەستی بندەستبوونەیە کە داگیرکەر مەبەستییەتی بۆ هەمیشە بەسەر کەسایەتی کوردیدا زاڵ بێ. نارێکییەک زەمینەخۆشکەر بۆ پەژێراندنی داگیربوونێکی هەمەلایەنەی ڕۆحی و پێشخوانێ بۆ ئاسایی وەرگرتنی داگیربوون و داگیرماوی کوردستان. و بێگومان ئەم نارێکییە بەردەوام دەکا و درێژەی دەبێ مەگەر ئاپۆ گوتەنی «ئێمە خۆمان مێژوو بخوڵقێنین و هەر خۆمانیش مێژوومان بنووسینەوە».

## ژینۆسایدی ڕەش و سپی

**سیاسەتی بەڕێوەبردنی پرۆسەی داگیرکاری سەر کوردستان هەمیشە هاوتەریب لەگەڵ سەرکوتکردنی سەخت، ڕێبازێکی دیکەی بە ڕواڵەت نەرم بەڵام سیستەماتیکتر و تۆکمەتری بەڕێوە بردووە کە لەڕاستیدا بنەما و بناخەی جێگیرکردن و بەردەوامبوونی ئەم داگیرکارییەیە. هیچ گومانی تێدا نییە کە سیستەمی داگیرکەر نەتەنیا هەمیشە ئامادەگی ئەوەی تێدا هەبووە کە هەموو چەشنە سەرهەڵدانێکیی دژەداگیربوون بە توندترین شێواز سەرکوت بکا و لەناوی ببات، بەڵکوو هەمیشە بە کردەوە و دڕندانەترین شێواز ئەم کارەی ئەنجام داوە هیچ سڵێکیشی لێ نەکردووەتەوە. وێڕای ئەمە، سیستەمی سەردەست هەمیشە پێش و هاوکات و پاشی ئەم سەرکوتکارییە بیری لە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نەرم و شەیتانیتر کردووەتەوە، ئەویش بریتییە لە سیاسەتی ڕاهێنان و ئامادەکردنی مرۆڤی کورد بە بندەستی و جێگیرکردن و ئاساییکردنەوەی داگیربوون وەک قەدەرێکی هەتایی. ئەم ئامادەکردنە هەمیشە لە ڕێگەی ئەو چەمک و ئامێرانەوە کراوە کە بە ڕواڵەت سیمایەکی ئەرێنییان هەیە، بەڵام ئەو سیستەمە بە گۆڕینی ناوەڕۆک و کارکرد، بە باری نەرێنیدا بەکاری هێناون. لە گرینگترینی ئەو چەمک و ئامرازانە کە سیستەمی داگیرکەر بە بەردەوامی بۆ داگیرکردنی مرۆڤی کورد، لەسەریان سەرمایەگوزاری کردووە و پشتی پێ بەستوون دەتوانین بە بوارەکانی وەکوو پەروەردە، هونەر، دین و سیاسەت ئاماژە بدەین.**

بێگومان دوو دەزگای گرینگ و کاریگەر کە لەم کەرتانەدا وەک ناوەندی دایک ڕۆڵ دەگێڕن بریتین لە خوێندنگە و مزگەوت کە تێکڕای داگیرکەران هەمیشە هەوڵیان داوە و توانیویانە لە کوردستان پەرەی پێبدەن و جاڵجاڵۆکەئاسا هەموو قوژبنەکانی شار و دێهاتەکانی کوردستان و ڕۆح و مێشکی تاکی کوردیشی پێ بتەننەوە. ئەم دوو ناوەندە هاوکات هەم بە ئاراستەی هزری و هەم بە ئاراستەی ڕۆحیدا، دۆخی داگیربوون وەک دۆخێکی ئاسایی وێنا دەکەن و مرۆڤەکانیش بۆ ئەم دۆخی داگیربوونە ئامادە و پەروەردە دەکەن. سیستەمی سەردەست بە درێژایی دیرۆکی داگیربوونی کوردستان بە ناوی پەردوەردە گەورەترین پرۆژەکانی قڕانی فەرهەنگییان بەڕێوە بردووە و لەڕێگەی مزگەتیشەوە قیزەونترین شێوازی دواکەوتوویی و پاشڤەڕۆییان دەرخواردی خەڵکی کورد داوە. بیرمەندی تورک ئیسمائیل بێشکچی زۆر زووتر و زۆر زیاتر لە ڕۆشنبیرانی کورد هەستی بە مەترسی ئەم دوو دامەزراوەیە لەسەر کوردستان وەک کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی کردووە. مخابن هەتا ئێستاش، لە خەڵکی ئاسایی بگرە، تا ڕۆشنبیران، مامۆستایانی ئایینی، سیاسەتڤانان و تەنانەت شۆڕشگێڕە تۆخەکانی کۆمەڵگەی کوردیش نەتەنیا هەڵوێستێکی دژبەریان سەبارەت بە باندۆری نەرێنی دامەزراوەکانی خوێندنگە و مزگەوتی داگیرکەران لەسەر گەلی کورد نەنواندووە، بەڵکوو بەئاگا و بێئاگا تا ڕادەیەکی زۆر پاڵپشت و لەگەڵیدا بوونە. سیستەمی داگیرکەری کوردستان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە هەر لە سەرەتاوە بە باشی تێگەیشتووە کە

**بەردی بناخەی داگیرکردنی تاک و کۆمەڵگەی کوردی بریتییە لە داگیرکردنی مێشک و ڕۆحی ئەو. سیستەمی کۆلۆنی کوردستان بە باشی تێگەیشتووە کە داگیرکردنی مێشکی مرۆڤی کورد تەنیا بە خوێندەوارکردنی لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەی سەردەستی خۆیەوە دەکرێ. هەر بۆیە هیچکات لە دروستکردنی خوێندنگە لە کوردستان کۆتایی نەکردووە. ئەم سیستەمە لە دووتوێی سیمبۆلێکی ئەرێنی وەک خوێندنگەدا بە باشی توانیویەتی سیاسەتی نەرێنی توانەوەی فەرهەنگی لەسەر کورد بەوپەڕی متمانەوە جێبەجێ بکا. بەگوتنێکی دیکە خوێندنگە وەک گرینگترین ناوەندی قڕکردنی فەرهەنگی ڕۆڵ دەگێڕێ. ئەم قڕکردنە هێندە لەچاوی کۆمەڵگەی کوردیدا ئەرێنی دەنوێنێ کە ئەگەر ناوی بنێین دەزگای ژینۆسایدی سپی هیچ بە هەڵەدا نەڕۆیشتووین.**

**دیسان ئەم سیستەمە چی وەک تورکیا بە ڕواڵەت لائیک یان وەک ئێران ئایینی بووبێ، بەردەوام هەوڵی داوە لەڕێی گەشەپێدانی پێگە و ژمارەی مزگەوت لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا تا بۆی دەلوێ ئەم کۆمەڵگەیە بە ئایین لە نەتەوەیی بوونی خۆی بترازێنێ. ئەم سیاسەتە هێندە بنەڕەتییە کە وڵاتێکی شیعی وەک ئێران هەمیشە تێکۆشاوە تەنانەت مزگەوتە سوننەکانیش پەرە پێبدا.**

**مزگەوت و شوێنە ئایینییەکانی داگیرکەران بەگشتی لەڕێی پێشکەشکردنی ڕوومەتێکی شێوێنراوی ئایین بۆ کۆمەڵگەی کوردی، هەوڵیانداوە کە ئەم جڤاکە گیرۆدەی هەندێ چەمکی نزمی ڕۆحی بکەن و ئاراستەی ئەم کۆمەڵگەیە بەرەو جڤاکێکی داخراو و**

دواکەوتوو بگۆڕن و بەم شێوەیە لەسەر جڤاکی کوردی ژینۆسایدێکی ڕەش پێکبێنن. مرۆڤی کورد لە هەر بەشێکی کوردستاندا بژی لەهەمبەر ئەم سیاسەتە تەنیا سێ بژاردە، یان دەقیقتر بڵێین سێ چارەنووسی دیاریکراوی هەیە. وەک دەزانرێ داگیرکەران بە دوو ئایینی ئیسلامی شیعە و سوننە بەسەر کوردستاندا دەسەڵاتیان هەیە کە بە ڕواڵەت دژی یەکترن. تاکی کورد یان هاوئایینی دەوڵەتی داگیرکەرە، کە لەم حاڵەتەدا بەرەو توانەوەیەکی بێسنوور ڕۆدەچێ. یان هەڵگری ئایینێکی دژی ئایینی فەرمی سیستەمی داگیرکەرە کە ئەم دۆخەش بێگومان بەرەو بنیادگەرایی مەزهەبی دەیباتەوە کە دیسان جۆرێکە لە توانەوە و دوورکەوتن لە نەتەوە و نیشتمان. لە حاڵەتێکی سێیەمیشدا بۆی هەیە بە تەواوی دژی دین و ئایین بوەستێتەوە کە ئاکامی ئەم تێڕوانینەش بە جۆری لە جۆرەکان تا ڕادەیەکی زۆر دژایەتیکردن و دابڕانە لە هەیکەل و شیرازەی گشتی کۆمەڵگەی کوردی. ئەو لە مزگەوتێک دەبێتە ئیخوان، لە مزگەوتێکی دیکە دەبێتە سەربازی ونی سەرۆک، لە قوتابخانەیەکی سووریا دەبێتە بەعسی، لە خوێندنگەیەکی تورکیا شانازی بەوە دەکا کە تورکە، لە قوتابخانەیەکی ئێرانی دەکرێتە موریدی کوورشی کەویر.

بەکورتی مزگەوت و خوێندنگەی سیستەمی داگیرکەری کوردستان هەمیشە وەک دوو مەکینەی ژینۆسایدی ڕەش و سپی گەلی کورد لە خزمەت سیستەمی داگیرکەردا ڕۆڵیان بینیوە. ناڕێکی گەورەی کوردی بندەست و داگیرکراو لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە کە تاک و

**کۆمەڵگەی کوردی چقاس بە گۆڕینی سیما و دەنگی خۆی لەڕێگەی خوێندنگەوە شادمان و خۆشحاڵە، بە هەمان ئەندازەش لە کپ و بێدەنگبوونی دەنگی ڕاستەقینەی خۆی لەژێر سێبەری بانگی مزگەوتدا خۆی بە شادمان و بەختەوەر دەزانێ[4]. لەم بەینەدا نارێکی تاک و کۆمەڵگە و تەڤگەری کوردی بەردەوام و هەردەم زیانەکانی ئەم سیاسەتەیان بە چەند ئاراستەدا چەند هێندە کردووەتەوە.**

**یەکەم، زۆرینەی خەڵکی کورد بە پێشوازیکردن و یارمەتیدانی هەردوو دەزگای مزگەوت و خوێندنگە وەک مەکینەکانی ژینۆسایدی ڕەش و سپی، هەمیشە ئامادەگی خۆی بۆ بە سووتەمەنی بوونی ئەم مەکینانە نیشان داوە و بەڵکوو بە نائاگا ئاویشی بۆ ئاشی هەردوکیان دابین کردووە. دووەم، ئالایە زۆرینەی ڕەهای خەڵکی کورد بە شێوازێکی زۆر نائاسایی نەتەنیا هیچ بەدبینی و بەرتەکێکی ئەوتۆیان لەهەمبەر خوێندنگە و سیستەمی پەروەردەی داگیرکەردا نییە، بەڵکوو بە یەکێ لە هێما گرینگەکانی پێشکەوتن دەیبینن و ئارەزوومەندانە لە کەسایەتی منداڵەکانیاندا پاشەڕۆژی کوردستان ڕادەستی داگیەرکەران دەکەن. سێیەم، ئەو کەسانەش کە بە جۆرێ لە جۆرەکان هەستیان بە مەترسی دەزگای مزگەوت کردووە، لەباتی ئەوەی تێبگەن کە سیستەمی داگیرکەر بە سیاسەتی چەواشەکردن، ئایینی بە هەموو چەمک و هێما و دامەزراوەکانییەوە لە بەرژەوەندی خۆی بەکارهێناوە و لەجیاتی ئەوەی لەم چەمک و تێگینانە لە ڕاستا**

---

٤ئەم تەعبیرە لە ڕۆمانێکی حەلیم یوسف بەناوی دڕندەکەی دەروونم وەرگیراوە

و بە سودی بزاڤی دژەداگیربوونی خۆی خوەدی دەرکەوێ، ڕاستەوخۆ دژ بە هەموو چەمک و هێما ئایینییەکان دەوەستنەوە. ئەم تێڕوانینە لەڕاستیدا کەلێنێکی گەورەی تەڤگەری دژ بە داگیربوونی کوردستانە. تاکوو ئەم تێگەیشتنە بۆ هەر دوو دەزگای مزگەوت و خوێندنگە لە کوردستان لە ئارادا بێ نارێکی ئەم دوو دەزگایە لە دژی گەلی کورد و لەپێناو داگیرکاریدا بەردەوام دەکا و پەیوەستە و بێ ناوبەر مرۆڤی نارێکی ئامادەی داگیربوون دەئافرێنێ.

## جەستەیەک لە پسانەوە، هەیکەلێ لە دابڕان

لە پێناسەی چەمکی نەتەوەدا دەتوانین بڵێین نەتەوە بریتییە لە کیانێکی جڤاکی و دیمۆگرافی بەرچاو و بەرین کە بە شێوەیەکی ئالاّیە گشتگیر، هەڵگری زمان، فەرهەنگ، تێگین، ڕۆح، بەهای کۆمەلاّیەتی، دیرۆک و جۆگرافیای هاوبەش بێ. بە واتایەکی دی، ڕەگەزی سەرەکی و بنگەهی پێناسەی نەتەوە بریتییە لە هاوبەشی و گشتگیری. هەرکام لە چەمکەکانی پێکهێنەری نەتەوە چقاس ڕێژەی هاوبەشی و ڕادەی گشتگیرییان زیاتر بێ، بە هەمان ئەندازەش باندۆر و ڕەنگدانەوەیان لەسەر دروستبوونی نەتەوە زیاترە. بە واتایەکی دیکە، هەرچی گشتگیربوون و هاوبەشبوونی ڕەگەزەکانی نەتەوە لەنێو کۆمەڵگەدا زیاتر ڕەنگ بدەنەوە، زیاتر دەبنە هۆی پەیوەستەگی شادەمارەکانی جەستەی ئەو کیانە جڤاکییە و کۆمەڵگە زیاتر بەرەو نەتەوەبوون دەماسێنن. سیستەمی داگیرکەری کوردستان بە زانینی ئەم ڕاستییانە بە باشی توانیویەتی ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم گەشەی ڕەگەزە سەرەکییەکانی نەتەوەبوونی کورددا و هەر بۆیەش لە تەواوی بوارەکاندا بە ئاراستەی نەرێنی و بە شێوازێکی نارێک بەردەوام کاری کردووەتە سەر ڕەگەزەکانی نەتەویبوون لەنێو جڤاکی کوردیدا. لێرەدا بەکورتی ئاوڕێک دەخەینە سەر هەندێ لەو نارێکییانەی کە پەیوەست بە جۆگرافیا، زمان، فەرهەنگ و مێژوو بەهۆی داگیربوونەوە لە بەردەم نەتەوەبوونی کورددا سەریانهەڵداوە و بەرجەستە کراونەتەوە. با لە گەشتێکی بەرفراوانی تاکێکی کورددا شادەمارەکانی ئەم جەستەیە

**بپێوین تاکوو لە قووڵایی سیاچاڵەکان و لە بەرینی ناوبڕەکانی ئەم شادەمارانە تێبگەین، تاکوو بزانین ئەو هاوبەشی و گشتگیربوونە کە دەبێ وەک تاڵەبەندی تەزبێح هەموو دانەکانی زمان، فەرهەنگ، دیرۆک، ئاسەوار، شوێنەوار و جۆگرافیا، ئایین و ... هتد پێکەوە گرێبدا و بیانکا بە یەک جەستە بەناوی نەتەوە، لەنێو کورددا لە چەند شوێنەوە پساوە و لە چەند لاوە سواوە.**

**جۆگرافیا: کاتێ تاکێکی ئاسایی کورد لە یەکەم هەنگاودا دەیەوێ لایەنی جۆگرافی وەک زەمینەی سەرەکی نەتەویبوون ژیان بکا و بە ئەزموون بە خۆی بیسەلمێنێ ئەو کیانە دیمۆگرافییە کە ئەو ئەندامیەتی هەڵگری ژینگەیەکی جۆگرافی هاوبەشی تایبەت بە خۆیەتی، هەر زوو سنوورە دەسکردەکان لەپاڵ ناوەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا ئەم خەونە لەبار دەبەن و بەشێ لەو جۆگرافیا یەکپارچە و هاوبەشەی کە مرۆڤی کوردی لە هزری خۆیدا وێنای کردووە دەیسڕنەوە و تێکیدەدەن. سنوورەکان یەکێکن لە گرینگترین هۆکارەکانی ناپەیوەستەگی جەستەی نەتەوەبوونی کورد. کەواتە لەژێر سێبەری سیستەمی داگیرکەردا لانیکەم شتێک نییە بەناوی خاکی یەکگرتووی کوردی و جۆگرافیای کوردستان و ئەوەی کە هەیە تەنیا کۆمەڵێ مرۆڤی بێ نیشتمانن کە هەر بەشێکیان وەک مێوان نیشتەجێی ئەو وڵاتانەن کە هێما و داڵدەی دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەستن. تەنیا دەستەواژەکانی کوردستان ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا بەسن بۆ ئەوەی لە ڕادەی دابەشبوونی ئەم نیشتمانە و لە ڕێژەی کاریگەری ئەم دەستەواژانە بەسەر مرۆڤی**

دابەشکراوی کورددا تێبگەین. ئەڵبەتە پێویستە ئاماژە بکەین کە دابەشکردنی جۆگرافیای کوردی تەنیا دابەشکردنی سەرزەمینی کوردستان نەبووە لە ڕێگەی دانانی سنووره دەسکردەکانەوە، بەڵکوو ئەم پارچەکردنە بە ڕێبازی دیکەی هاوتەریب ئەنجام دراوە. یەکێ لەو ڕێبازانە کە زۆر کاریگەر بووە بریتییە لە قووڵکردنەوەی ئەم دابەشبوونە لە ڕێگەی گۆڕینی ناوەکانی جۆگرافیای کوردی بە ناوی زمانە سەردەستەکان. بێگومانم لەگەڵم هاوڕان کە لەباری ڕۆحییەوە چقاس بیستنی ناوەکانی هەولێر و کرماشان و سنە و دێرسیم و کۆبانێ و ... هەستی خاوەنداری و نزیکایەتییەی لە ناخی مرۆڤی کورددا دروست دەکەن، بە هەمان ڕادە ناوەکانی ئەربیل و کرمانشاە و سەنەندەج و توونجەلی و عەینولعەرەب و ... هەستی نامۆیی و دووربوون و جیاوازی لە ناخی مرۆڤی کورددا دەچێنن. دابەشبوونی جۆگرافیای کوردستان لەڕاستیدا هەنگاوی یەکەم و بناخەی دابەشکردنی هەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دیکەی چەمکی نەتەوەیە.

زمان: ئەگەر داگیربوون لەڕێگەی سنووره دەسکردەکانییەوە جۆگرافیای کوردی وەک لایەنی جەستەیی نەتەوبوون دابەش کردبێ، بێگومان لایەنی ڕۆحی ئەم نەتەویبوونەی بەو نارێکییانە کە لە بواری زماندا هێناویەتە ئاراوە پارچەپارچە کردووە. هەبوونی زاراوەی جیاوازی کوردی لە دۆخێکی ئاساییدا دەوڵەمەندییەکی گرانبەهایە کە کەمتر زمانێکی ئەم جیهانە لێی بەهرەمەندە، بەڵام داگیربوون توانیویەتی ئەم بەهرەیە بە شێوازێکی زۆر نارێک بۆ

پسانەوەی فەرهەنگی کوردی بەکاربێنێ. جارێ بەر لە داگیربوون و دابەشبوون لەنێوان دەوڵەت نەتەوەکاندا، زۆر لەمێژتر مرۆڤی کورد بە فەرهەنگی ئەم نەتەوانە داگیر و دابەش کراوە. بێگومان هەموومان دەزانین کە هەتا ئێستاش چەندە زۆرن ئەو هەڵبەستڤانە کوردانەی کە جگە لە زمانی کوردی، بە عەرەبی و تورکی و فارسیش نووسیویانە. بەڵام پرسیارێک، چەند نووسەری کورد هەیە کە بە زاراوەیەک جگە لە شێوەزارەکەی خۆی نووسیبێتی؟!. بەرسڤی ئەم پرسە بە ڕوونی ڕادەی داگیربوون و دابەشبوونی کورد دەخاتەڕوو. ئەگەر لەم لایەنە گەڕێین و لە دۆخی پارچەبوونی ئێستای کورد لە بەرداشی دەوڵەت نەتەوەکاندا ورد بینەوە، پارچەبوون توانیویە لە ڕێگەی قەتیسکردنەوە هەندێ لە زاراوەکان بە تەواوی بەیەک نامۆ بکا و لەیەک دووریان بخاتەوە. بۆ وێنە کاتێ زازایەک دەگاتە کەلهوڕێ، هیچ دوور نییە کە تەنانەت هیچکامیان زمانی ئەویتریان نەناسێ. هەر وەها پارچەکردن و سەرکوتکردنی زاراوەکان هێڵانی نەداوە کە هیچ شێوەزارێک ببێتە پردێکی هاوبەشی دانووستانی هەموو کوردان و بە دوورخستەوە توانیویەتی جیاوازی شێوەزارەکان هێندە گەورە نیشان بدات کە ئاخێوەرانی زاراوەکانی کوردی بەر لەوەی لەباری دەڤۆک و وشەوە لەیەک تێنەگەن لەباری ڕۆحییەوە لێک ترازاون و پارچە کراون. بۆ وێنە نامۆیی هەورامی ئاخێوەکان لەگەڵ کەلهۆڕیدا و بە پێچەوانەشەوە، وێڕای ئەو هەموو هاوبەشییە زۆرەی نێوان هەورامی و کەلهۆڕی تەنیا و تەنیا ئەنجام و ئاکامی ئەو دابڕان و نامۆبوونە ڕۆحییەیە کە

داگیربوون تووشی کردوون. سیستەمی سەردەستی کوردستان لەم بوارەدا زۆر بە وردی هاوکات و هاوتەریبی پەرتەوازەکردنی شێوەزارەکان تەنانەت سیاسەتی بەرجەستەکردنی بنزارەکانیشی بە باشی بەڕێوە بردووە. نموونەی تەلەڤزیۆنی سنە میناکێکی بەرچاوە لە زەمینەی دابەشکردنی زمانی کوردی، ئەویش نە لە ڕێگەی زاراوە، بەڵکوو لە ئاستی نزمتر و لەڕێگەی بنزارەکانەوە. لایەنێکی دیکەی ئەم دابەشبوونە بریتییە لە ئالفابێ. ئالفابێ یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی پارچەبوونی کورد لەباری زمانەوە. بۆ ئەوەی لە ئاستی گەورەیی ئەم ئاستەنگییە تێبگەین، بەسە کە لە درێژەی پرسیارێکی پێشووتردا بۆ وەڵامی ئەمە بگەڕێین کە گەلۆ چەند نووسەری کوردمان هەیە کە بە هەردوو ئالفابێ سەرەکییەکە بتوانی بنووسێ و بەرهەمی هەبێ؟!. ئەگەر ئەم پرسیارە ببەینە ئاستی شەقامی کوردیش بێگومان دۆخەکە لەمە باشتر نییە. بە هەر حاڵ ئەوەی کە ڕوونە نەبوونی ئالفابێیەکی هاوبەش لەشێکە لە پسانەوەی جڤاکی کوردی کە سیستەمی سەردەست هەمیشە لەسەری گرەوی کردووە و گرینگی پێداوە. بۆ تێگەیشتنی گرینگی ئالفابێ لە دابەشکردن یان هاوبەشکردنی ڕۆحی فەرهەنگی جڤاکی کوردی، تەنیا نموونەی گوشارەکانی دەوڵەتی تورک بۆ ڕێگریکردن لە بەفەرمیبوونی ئالفابێی لاتینی لە عێراق بەسە.

فەرهەنگ: ئێمەی کورد لە باری فەرهەنگییەوە بە دوو ئاراستەدا دابەش کراوین. ئاراستەی یەکەم، دابەشبوون و لێک دابڕانی کیانی فەرهەنگی کوردییە و ئاراستەی دووەمیش دابەشبوونی جڤاکی

کوردییە بەسەر فەرهەنگەکانی سەردەستی کوردستاندا. ئەڵبەتە لێک دابڕانی فەرهەنگی چقاس توانیویەتی کیانی فەرهەنگی کوردی دابەش بکا، دابەشبوونی کورد بەسەر فەرهەنگی داگیرکەرەکانی کوردستاندا چەندین هێندە ئەم دابەشبوونەی قووڵتر کردووە. بەشی زۆرینەی کورد لە هەر پارچەیەک لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لاسایی نەتەوەی سەردەست دەکەنەوە. لە ئاساییترین لایەنەکانی ژیانی وەک پۆشاک و خۆراکەوە بگرە هەتا شێوازی قسەکردن، ڕازاندنەوە و دیکۆری ماڵ، تا بەکارهێنانی کەرستەکانی ژیان و ... هتد ئێمە ڕاستەوخۆ بە گوێرەی جووڵانەوەی نەتەوەی سەردەست دەجووڵێینەوە. بۆ وێنە وێڕای هەبوونی فەرهەنگێکی خواردنی گشتگیر و هاوبەش لەنێو کورددا، کەچی لەژێر باندۆری فەرهەنگە سەردەستەکاندا جیاوازییەکی زۆر لە خواردنەکانی بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا دەبینرێ. لە نموونەی جیاوازی تردا، بۆ وێنە لە حاڵێکدا زۆرینەی ڕەهای کوردی ڕۆژهەڵات لە تەلەگرامدا بەشدارن و پێکەوە لە پەیوەندیدان، کەچی خەڵکی باکوور زۆر بەدەگمەن ئەم بوارە بەکار دێنن. بوارێکی دیکەی دابڕانی فەرهەنگی بریتییە لە بۆنە و بەها کۆمەڵایەتییەکان. بۆ وێنە هیچ دوور نییە چوار کەسی کورد دوای مانگێک ڕۆژووگرتن لە چوار ڕۆژی جیاوازدا جەژن بکەن. ئەگەر ئەم نموونەیە بەرینتر و فراوانتر بکەین و لە زەمینەکانی وەک بەروار و ڕێکەوتەکان، بۆنە ئایینییەکان، ڕۆژەکانی پشوو و ... هتد، ژیانی جڤاکی پارچەکانی کوردستان لەگەڵ یەکدیدا بەراورد بکەین، بە باشی دەتوانین لەو

پەرتەوازەیی و دابەشبوونە فەرهەنگییە تێبگەین. بۆ وێنە لە هەمان کاتدا کە سێزدەبەدەر لە ڕۆژهەڵات بۆنەیەکی جڤاکییە، کەچی ئەو بەشەکان زۆر نامۆیە. یان جەژنی سەرساڵی زایینی لە پارچەکانی دی بەڕێوە دەچێ، کەچی لە ڕۆژهەڵات هەر بوونی نییە و زۆریش نامۆیە ... هتد. با لە دوا نموونە لەم دابڕانەدا دیسان بگەڕێینەوە بواری ناوەکان. پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە چۆن داگیرکەران لە ڕێگەی سڕینەوە، چەواشە و گۆڕینی ناوەکانی جۆگرافیای کوردییەوە ئەم لایەنەی نەتەوبوونی کوردیان تووشی ئاڵۆزی کردووە. بەڵام نارێکی لە بواری ناودا تەنیا لە ئاستی جۆگرافیادا نەماوە و بۆ بوارەکانی دیکەی ژیانی کوردیش پەلی هاویشتووە. بە درێژایی تەمەنی داگیربوونی کوردستان هەمیشە تاکی کوردی لە ساتەوەختی لەدایکبوونیدا ناوێکی نارەسەن لێ دەبڕێ لە بنەماڵەی کوورش و چەنگیز و جەعفەر. هەر بۆیە لە پێکگەیشتن و یەکتر ناسینی دوو کەسی کورددا بێگومان نامۆیی ناوەکانیان لەمپەرێکی ڕۆحی گەورەیە لە بەردەم هەستکردنیان بەوەی کە هەردوکیان لە یەک بنەماڵە و یەک فەرهەنگ و یەک نەتەوەن. ئەگەر لەم سۆنگەیەشەوە بڕوانین کە ناو بەشێکە لە زمان، دەبینین کە ئەم کێشەیە بە لایەکی دیکەدا و پەیوەست بە زمان بە جۆرێکی دیکە جڤاکی کوردی دابەش دەکا. ئەوان نەتەنیا لەنێو نامۆیی ناوەکانی خۆیاندا ون دەبن، بەڵکووئەوان لە زاری زمانە سەردەستەکانەوە لە هەر ناوێکی دیکەی ئەم جیهانە دەدوێن. ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی دیکەی هەستکردن بە جیاوازی و دوورکەوتنەوە لە یەکدی. بۆ وێنە

زۆرجاران ڕوودەدا کە یانەیەکی تەکانە خەریکی یاریکردنی تۆپێنە و بەڵام سێ کەسی کورد لە هەمان یاریدا خەریکی تەماشای سێ یانەی جیاوازن. یەکیان خەریکی تەماشای یانەی نەمسایە، ئەویتر خەریکە تیپی ئائووستۆریا دەبینێ و ئەوەکەی دیش سەیری تیمی ئوتریش دەکا. ئەمجۆرە گۆیەکردنەی ناوەکان لە زاری زمانەکانی سەردەستی کوردستانەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی هەستکردن بە جیاوازی نێوان زاراوەکان و لە ئاکامدا جیاوازی فەرهەنگی پارچەکانی کوردستان...

بەکورتی ئەم کیانەی کە ئێمە پێی دەڵێین کوردستان لەژێر سایەی داگیربووندا هیچ نییە جگە لە جەستەیەکی پارچەکراو. شێرکۆ بێکەس ئەم دابەشبوونە هەمەلایەنەیە بە ڕوونی لە دووتوێی هەڵبەستی «چوار گوێچکیلەین و یەک دڵین ــ چوار پەنجەرەین و یەک ماڵین ــ چوار کارێزین و یەک باخچە و ــ چوار هەنگاوین و یەک ڕێگا»[5] دا بە ڕوونی وێنا دەکا. ئەم هەیکەلە جۆگرافیایەکی دابڕاو و جڤاکێکی بڵاوە کە سیستەمی داگیرکەر لە بوارێکی زمان و فەرهەنگدا وا لێکی ترازاندووە کە لەنێوخۆیدا هیچ چوار کەسێکی لەیەک ناچن، کەچی لەم لاشەوە ئەم سیستەمە هێشتا هەرکەسێکی بە چوار کەس دێتە بەرچاو. ئەم کیانە کراوە بە ڕێگایەکی لە هەزار لاوە ناپەیوەست، ئەم جۆگرافیایە بووە بە ماڵێک پڕ لە ژووری دابڕاو و داخراو لە یەکتر. ئەم فەرهەنگە کراوە بە

[5] دیوانی ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن، شێرکۆ بێکەس

زمانێکی دابەشکراو، دابەشکراو لە ناوەکان و بێژەکان، لە گرامەری زمانە سەردەستەکان، لە جەژنەکان، لە شیوەن و شادی و لە بۆنەکان و ... هتد. بەمجۆرە پێناسەی نەتەوە لەژێر سێبەری داگیربووندا بە شێوازێکی زۆر ناڕێک هەزاران گرێ و هەزاران پچڕانێشی تێکەوتووە و ئەم ناڕێکییە هێندە گەورەیە کە هەندێ جار گومان لە نەتەوەبوونی کورد دروست دەکات. لە هیچکەسێ شاراوە نییە کە ئەم ناڕێکییە تا ڕادەیەکی زۆر توانیویەتی لەسەر کەسایەتی تاک و جڤاکی کورد بە ئاراستەی پەرتکردنی بەرەو ئەوەی کە خۆی وەک نەتەوە نەبینێ باندۆرێکی کاریگەری داناوە. سەرەڕای ئەمەش ئەوەی جێگەی سەرنج و مەراقە و دڵخۆشییە بەرخۆدان و خۆڕاگری ڕەگەزە بنیادی و بنەماکانی پێناسەی نەتەوەیە لەنێو کورددا، بە شێوازێک کە وێڕای بەردەوامی داگیربوون ڕۆژ دوای ڕۆژ خەریکە پاشەکشێ بە ئەم ناڕێکییە دەکات.

## زاری بێ زمان و زمانی بێزار

لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان بەوە کرد کە بواری زمان یەکێکە لە بوارەکانی پسانەوەی فەرهەنگی و دابڕانی جڤاکی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا. ئەم دابڕانە ناڕێکییەکی تاک ڕەهەند نییە و لە پەیوەندی نێوان تاکی کورد و زمانەکەی خۆیەوە بگرە، هەتا مەودای نێوان پارچەکان، تاکوو دانووستاندنی نێوان زاراوەکان و تەنانەت نێوان بنزارەکانیش، بە گەلێ ئاراستەدا خۆی نواندووە. هەوڵدان بۆ بەرسڤدان بە پرسیارگەلی وەکوو ڕێژە و ژمارەی ئەوانەی کە خۆیان بە کورد دەزانن و بە کوردی نادوێن چەندە؟، تاکی کورد چقاس لە زمانی کوردی دەزانێ؟، تاکی کورد چەندە لە زاراوەکەی خۆی شارەزایە؟، ئایا تاکی کوردی بە واتای ئەوەی کە بتوانێ بە زمانی خۆی بخوێنێ، تاکێکی خوێندەوارە؟، گەلۆ پەیوەندی نێوان ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە چی ئاستێکدایە؟، و ... هتد، بێگومان دەتوانێ بەشێکی زۆر لە ناڕێکییەکانی بەرۆکی زمانی کوردی، ڕەوشی ناڕێکی ئاخێوەرانی زمانی کوردی و پەیوەندی ناتەندروست و ناڕێکی نێوان مرۆڤی کورد و زمانی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر بۆمان ڕوون بکاتەوە.

جارێ بەشێکی بەرچاوی کورد هەر بە تەواوەتی لە زمانی کوردی دابڕاون. ئەم دیاردەیە بە ئاشکرا لە ڕۆژهەڵات و باکوور بەرچاوە و ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی پێ نەهاتووە و بگرە لە هەندێ ناوچەی وەکوو کرماشان و هەر وەها لەنێو کۆچبەرانی کەلانشارەکانی داگیرکەراندا خەریکە تەشەنە دەستێنێ. هیچ

گومانێک لەوەدا نییە ئەم کەسانە هەرچەند خۆیان زیاتر بە کورد بزانن و هەرچەند زیاتر وڵاتپارێز و دژ بە داگیربوونی کوردستان بن، ئەو دابڕان و مەودا بەرینەی نێوان ئەوان و زمانی دایکی بە شێوەیەکی تراژی کۆمێک زیاتر نارێک دەنوێنێ. با لەم توێژە گەڕێین و بێنە سەر ئەوانەی کە بە ڕواڵەت و زارەکیش بووبێ بە کوردبوونی خۆیانەوە گرێدراون و بە کوردی دەپەیڤن. ئەو نموونانەی خوارەوە بە ئاشکرا نیشان دەدەن کە ئەمانەش لە گەلێ بواری پەیوەست بە زمانەوە دوچاری نارێکین و مامەڵەیان لەگەڵ زمانی دایکیدا مامەڵەیەکی نارێک و ناتەندروستە.

یەکێ لە نارێکییەکان بریتییە لە هەبوونی دابڕانێکی ڕۆحی گەورە کە لەنێوان شێوەزارەکاندا. لەحاڵێکدا هەندێ شێوەزار هەن کە زۆرینەی ڕەهای وشەکانیان هاوبەشن و لەوانەیە تەنیا لە بەلێوکردندا جیاوازییان هەبێ، کەچی ئاخێوەرانیان لە دیمانەی یەکتریدا بە بیستنی تاقە وشەیەکی جیاواز پێیان وایە لەگەڵ زمانێکی بیانی دوورەدەستدا بەرکەوتوون. پێشتر ئەم بێگانەگی و نامۆییە لەگەڵ زاراوەکانی دیکەدا هێندە زەق و بەرچاو بوو کە تەنانەت لە گاڵتە و گەپی سەرشەقامیشدا ڕەنگی دەدایەوە. لێرەدا ئاماژە بە دوو نموونە دەکەین. جارێکیان کەسێکی هەورام دەگاتە هاوسێیەکی کەلهوڕ و لە خۆشی و باشیدا دەپرسێ «خاسەنی؟». ئەویش بەرسڤ دەداتەوە، «خا ئڕا چەمە، لە ماڵ فرە دیریم». جارێکی دی سنەییەک بە شۆفێر پاسێک کە مەهابادییە دەڵێ ڕاوەستە دادەبەزم. کابرای شۆفێر لە وەستاندا بە پرسیاری «ئی

دیکەیشن؟»، دەیەوێ بزانێ کەسی دیکەش هەیە پیادە بن، کابرای سنەییش وادەزانێ لەگەڵ ئەویەتی و بەرسڤ دەداتەوە «سۆری، ئای کەنت ئسپیک ئینگلیش». ئەم نموونە گاڵتەجاڕییانە کە تەنانەت هەندێ جاریش دەگەنە ئاستی سووکایەتی پێکردن، دەرخەری بۆش و هەڵپانێکن کە لەڕاستیدا خوەزایی و ئاسایی نین و دەسکردی دۆخی ناڕێکی داگیربوونی کوردستانن کە بە سیمای زمانی کوردی و پەیوەندی نێوان ئاخێوەرانی زاراوەکانەوە وەک ناڕێکییەکی کۆمەڵایەتی وەدیار کەوتوون.

ئەم جیابوونەوە و تەراکەوتنەی ئاخێوەرانی شێوەزارەکان لە یەکتری تەنیا لە ئاستی شەقامدا نییە، بەڵکوو ناڕێکییەکە کە تەنانەت بەرۆکی خوێنەرانی زمانی کوردیشی گرتووەتەوە. بەگریمانە وا بگرن کە خۆتان کتێبێکتان بە دەستەوەیە و لە شوێنێ تووشی کۆمەڵێ کورد دەبن و ئەوانیش کە چاویان پێدەکەوێ، مەراقیان دەجووڵێ و داوا دەکەن سەیری کتێبەکە بکەن. هەموو کەس دەزانێ کە ئەگەر دانووستاندنێکی لەم شێوەیە لەنێوان ئەندامانی هەر نەتەوەیەکی دیکەدا پێش بێ، بە شێوازێکی ئاسایی ناوەڕۆکی کتێبەکە دەبێتە باس و خواستی نێوانیان. بەڵام لەم بەرکەوتنە گریمانەییەدا ئێوە چاوەڕێی چی دەکەن؟. ئەگەر وا دەزانن کە کاردانەوەکان لەمەڕ پێڕست و ناوەڕۆک و ڕستە و بیردۆزییەکانی نێو کتێبەکەیە، دەبێ بڵێم کە بە ئەگەرێکی زۆر مەراق و هەڵسوکەوتەکان زۆر سەرەتاییتر و زۆر لە پێشتری ئەم باسانەوەیە. چۆنکە بێگومان بەر لەوەی دەلاقەی باسەکە بێتە سەر ناو، ناوەڕۆک، نووسەر و مژاری ئەم

پرتووکە، ئەوە زاراوە، ناوچە، ئالفابێ، پارچە و ... بەگشتی بارودۆخ و شێوازی داگیربوونی جیاوازی هەرکام لەو کەسانەیە کە دەبێتە بەربەستی چوونە ناوەوەی کتێبەکە و هەر وەها دەبێتە هەوێنی کاردانەوەی هەرکامەیان لەمەڕ ئەو پرتووکە. جاریٚ زۆر کەس هەن کە بەهۆی هەژموونی بەسالانی زمانی سەردەستەوە هەر بە ڕۆح لە زمانی کوردی دابڕاون و بە زانینی ئەوەی کە پرتووکەکە کوردییە بە نامۆییەوە دایدەنێن و چاوی لێناکەن. ئەوانەش کە چاوی لێدەکەن ئەگەرێکی زۆر هەیە کە زاراوە، ئالفابێ یان هەردوویان پێ نامۆ بێ. بۆ وێنە ئەگەر یەکێ لەمانە خەڵکی باکووری کوردستان بێ و پرتووکەکەش بە شێوەزاری هەورامی و بە ئالفابێی ئارامی نووسرابێ، کەلهورێکی خەڵکی ئیلام بێ و کتێبەکە بکاتەوە و بپرسێ ئەمە کامە زمانە و وەڵام بدرێتەوە کە زازاکییە، خەڵکی ڕۆژاوای کوردستان بێ و بڕوانێتە کتێبێکی سۆرانی، یان هەورام بێ و کتێبەکە بە لاتینی نووسرابێ، ئەنجام بریتی دەبێ لە نامۆیی و تەنانەت جۆرێک لە شەڕی دەروونی لەگەڵ ناخی خۆدا. کەواتە هەر بەرکەوتنێکی تاکی کوردی لەگەڵ پرتووک یان بەگشتی هەر نووسراوەیەکی کوردیدا بە ئەگەرێکی زۆر دەرکەوتنی نارێکییەکە لە جۆری نامۆبوون، بێزاری لە خود و هەستکردن بە نەزانی و نەخوێندەواری. مەودا و ڕادەی ئەم نارێکییە هێندە زۆرە کە تەنانەت لە بالاترین ئاستی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کوردینووسیشدا بە ئاشکرا دیارە. هەر ڕۆشنبیرێکی کورد لانیکەم زمانێکی ناکوردی دەزانێ، بەڵام ئایا چەند نووسەری کورد هەن کە شارەزای شێوەزارەکانی زمانی کوردین، چەند

هەڵبەستڤانی کورد بە دوو زاراوە بەرهەمیان هەیە، چەند نووسەر بە دوو ئالفابێی سەرەکی نووسینیان هەیە، ڕێژەی ئەو ڕۆشنبیرانەی کە دەتوانن هەر هیچ نەبێ بە ئاخاوتنی زارەکی خۆیان بگەیێننە بەردەنگی کورد لە زاراوەکانی دیکە چەندە؟ ... و هتد. وەڵامی ئەم مەراقانە بە ڕوونی دەریدەخا کە کورد نەتەنیا لە ئاستی شەقامی ئاسایی، بەڵکوو تەنانەت لە ئاستی ڕۆشنبیران و بلیمەتانیشدا لەنێوان چەندین گراڤی تەرە و جیاکەوتووی بەنێو زاراوەدا دابەش بووە.

ئێستا با زمانی کوردی بۆ هەر کوردێک لە شێوەزارەکەی خۆیدا کۆ بکەینەوە و وا بزانین کە بۆ هەر تاکێکی کورد زمانی کوردی بریتی بێ لە شێوەزارەکەی خۆی و لەم سۆنگەیەوە سەرنج بخەینە سەر پەیوەندی تاکی کورد و زمانی کوردی. ئایا دیسان پەیوەندی مرۆڤی کورد لەگەڵ زمانەکەی خۆیدا پەیوەندییەکی تۆکمە و پتەوە، ئایا تاکی کورد و بەگشتی جڤاکی کوردی توانیویە لەژێر داگیرکاری زمانی سەردەست خۆی ڕزگار بکا، ئاسەواری زمانی سەردەست چقاس بە زاری مرۆڤی داگیرکراوی کوردەوە دیارە؟، ... و هتد. ئاپۆ گوتەنی «جڤاکی ئەمڕۆ جڤاکێکی مەجازییە و لەڕاستیدا فەزای مەجازی بەشێکی بەرچاوی سیمای ڕاستەقینەی کۆمەڵگە وێنا دەکا»[٦]. هەر بۆیە ئەگەر لە فەزای مەجازی کوردیدا دەست بە لێگەڕین بکەین، ڕەنگە بە ئاسانی بتوانین بەرسڤی بەشێک لە

---

٦ مانیفێستی جڤاکی دیمۆکراتیک، بەرگی سێیەم(سۆسیۆلۆژی ئازادی)، عەبدوڵا ئۆجالان

**ئەمجۆرە پرسانە بدۆزینەوە. هەرکەسێ تەنیا یەک ڕۆژ لەو پەیامانەی کە خەڵکی باشوور لەڕێگەی موبایلەوە ئاڵوگۆڕی دەکەن بڕوانێ، یان چاوێک بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێتدا بخشێنێتەوە، بە ئاسانی تێدەگا کە دوای سی ساڵ پەروەردەی کوردی هێشتا ڕێژەیەکی بەرچاوی خەڵکی باشوور زمانی کوردی لە لایان هێندە بێ بایەخ و سووکە کە ئامادە نین تەنانەت تەختەکلیلێکی کوردیش لەسەر ئامێرەکانیان دابەزێنن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەدان و هەزاران کاناڵی تەلەگرامی بەناوی جوان و ڕەسەنی کوردی کراونەتەوە، کەچی لە ناوەڕۆکدا هیچ نین جگە لە مەکۆیەک بۆ بانگەشە و زیاتر چەسپاندنی سەردەستی زمانی فارسی. دەیان ماڵپەڕ و کاناڵی بەناو فێرگەی زمانی کوردی دامەزراون، بەڵام کە دەچیتە ژوورەوە وەک ئەوەی نان بە نانی بخورێتەوە زمانی کوردی لەڕێگەی فارسییەوە فێر دەکرێ...**

**ناکرێ لە پەیوەندی زمانی کوردی و تاکی کورد بدوێین و ئاماژە بە بواری دەنگ و گۆرانی نەکەین. ڕەنگە بواری گۆرانی بتوانێ زۆر ئاسانتر و ڕوونتر لە بوارەکانی دیکە نارێکییەکانی پەیوەندی کورد و زمانی کوردی بخاتە ڕوو. خەزێنەی گەورە و دەوڵەمەندی گۆرانی کوردی ڕەنگە لە ئاستی هەموو گەلانی جیهاندا بێوێنە و ناوازە بێ. هەرکام لە بوارەکانی سیاچەمانە، لاوک، حەیران، هۆرە و دەنگبێژی و بەندبێژی و ... هتد، بەسن بۆ ئەوەی تێبگەین شێوەزارەکانی سۆرانی، کەلهۆڕی، هەورامی، زازاکی و کورمانجی، هەرکامەیان بە سەری خۆیان بە قاسی هەر زمانێکی زیندووی ئەم جیهانە**

**خەزێنەیەکی گەورەی گۆرانین و بەشی زمانێکی سەربەخۆ دەوڵەمەندن و هەرکامەشیان بۆ خۆیان جیهانێکی جیاوازن. بەڵام دۆخی داگیربوون ئەم خاڵە ئەرێنییانەی رێک پێچەوانە کردووتەوە و هەموویانی بۆ خاڵی نەرێنی گۆڕیوە. با بزانین نارێکی لێرەدا چۆن خۆی دەنوێنێ و خۆی دەسەپێنێ. گەلۆ کەسێکی هەورام یان کەلهوڕ چووزانێ لاوک و حەیران چین، ئەگەر کەسێ کەلهوڕ یان کورمانج بێ کەی لە سیاچەمانە تێدەگا، کەسی کورمانج یان سۆران چی لە هۆرە دەزانێ، کوردێ کە لە ڕۆژاوا بژی و گوێ لە سیاچەمانەیەک بگرێ، ئەگەر زازا بێ و لە دێرسیمەوە گوێ بۆ هۆرەیەک ڕادێرێ، ئەگەر لە هەورامان لەدایک بووبێ و حەیرانێکی دەشتی هەولێر ببیسێ، داخۆ سەدا چەندی پەیڤەکان تێدەگا؟ ... و هتد. بەرسڤی ئەمانە زۆر ڕوون و ئاشکرایە و ئەویش، تاکی کوردی بەهۆی نائاشنابوون بە زاراوەکانی دیکە، هەر لە یەکەم هەنگاودا و لە چوارچێوەی هونەری کوردیدا ڕێژەیەکی زۆر لە پانتایی زمانی کوردی لێ ون دەبێ. بە واتایەکی دی، ئەو هەرگیز ناتوانێ لەو سامانە بێکۆتایەی خۆی بە تەواوی چێژ ببینێ و لەزەتی لێ ببا و تەنیا دەتوانێ لە ڕووبارێکی بچووکی ئەم دەریایەدا مەلە بکا. کەواتە تاکی کورد چەندی گوێ لە گۆرانی بگرێ، هێشتا بەشێکی گەورەی وجوودی خاڵییە و ناتوانێ ببێتە گوێگرێکی باش و بەردەنگێکی باشی زمانی کوردی...**

**کورت و کورمانجی، نموونەکانی سەرەوە تەنیا چەند میناکن لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەی کوردی کە بە ڕوونی نیشاندەدەن کە پەیوەندی**

نێوان زمانی کوردی و تاک و کۆمەڵگەی کوردی لە دۆخی داگیربووندا پەیوەندییەکی تا بڵێی نارێکە. لەم دانووستاندنە نارێکەدا مرۆڤی کورد هیچ نییە جگە لە بوونەوەرێکی داگیرکراو کە لەنێوان زمانی سەردەست و زمانی دایکدا وێڵ و سەرگەردانە. هەتاکوو ئێستا لەم وێڵبوونەدا ئەگەرچی زمانی دایک نەیهێشتووە بە تەواوەتی لە زمانی سەردەستدا بتوێتەوە، بەڵام زمانی سەردەستیش دەرفەتی پێنەداوە کە بگاتە ناخی زمانەکەی خۆی و ڕەسەنایەتی و کەسایەتی خۆی بە تەواوی بدۆزێتەوە و بیپارێزێ. لە ئەنجامدا ئەم بوونەوەرە بووەتە خاوەن زارێکی بێ دەسەڵات و بێ زمان کە توانای ئەوەی نییە وەک مرۆڤێکی ئاسایی لەگەڵ هاوزمانەکانی خۆیدا پەیوەندییەکی ئاسایی بژی، هەروەک زمانی کوردیش لەم دۆخە نارێکەدا تا ئەمڕۆ نەیتوانیوە ببێتە پردی پەیوەندی نێوان ئاخێوەرانی خۆی و هیچ نەبووە جگە لە زمانێکی بێزار و بەستەزمان.

ئەڵبەتە لە کۆتاییدا شایانی ئاماژەیە کە لە ماوەی بیست سی ساڵی ڕابردوودا بە هەستانەوە و گەشەکردنێکی ڕێژەیی هەموو شێوەزارەکان و تا ڕادەیەک هەنگاونانی کورمانجی و سۆرانی بەرەو گشتگیربوون، دۆخی نارێکی زمانی کوردی و هەروەها پەیوەندی ئەم زمانە لەگەڵ تاک و جڤاکی کوردیدا خەریکە بەرەو ڕەوینەوە دەچێ. لەم ڕێبازەدا سەرەڕای ئەوەی کە هەنگاوەکان هێشتا سەرەتایی و کرچ و کاڵ و هەندێ جاریش هەڵەن، بەڵام هەموو ئاماژەکان دەریدەخەن کە زمانی کوردی لە ئەگەری بەردەوامی ئەم

ڕەوتەدا بە باشی دەتوانێ لەم ناڕێکییە دەرچێ و کۆمەڵگەی کوردیش لەم دۆخە ناڕێکە دەرباز بکا.

## ناو و ناتۆره

ڕەنگە تا ئێستا بۆتان پرسیار بووبێ کە بۆچی زۆرێک لە شار و دێهات و چیا و لووتکە و شوێنەکانی کوردستان دووناوەن و جگە لە ناوە ڕەسەنەکە ناوێکی دیکەی فەرمییان هەیە کە بە زمانی سەردەستە. یان بۆتان پێشهاتبێ دوای سالانێکی زۆری ئاشنایی لە خوێندنگە، ڕۆژێک دەبنە میوانی دۆستێک و کەچی دەبینن لە مالەوە بە ناوێکی دی بانگی دەکەن. یان بۆ خۆتان تا هەوت سالان لەگەڵ ناوێکدا ژیابن و ڕۆژی یەکەمی خوێندنگە کاتێ ناوی ناسنامەکەتان خوێندرابێتەوە، یەکسەر هەستتان بە داگیربوونێکی نامۆ کردبێ... و هتد. ئەم حالەتانە و هەموو حالەتێکی هاوشێوەی دیکەی بەشێکن لەو نارێکییەی داگیربوون کە لە باسی شووناس و ناسنامەدا باسمان کرد و گوتمان کە مرۆڤی داگیرکراوی کورد هاوکات کە هەولی سڕینەوەی شووناسی دەدرێ، هەولدەدرێ ناسنامەیەکی ساختە و دەسکردیشی بکرێتە بەر. یەکێ لە بوارە گرینگەکانی ئەم ناسنامە دەسکردە بریتییە لە «ناو».

یەکێ لەو دەقە دەگمەن و جوانانەی کە بە شیاوترین و جوانترین شێوە ئاماژە بە گرینگی و بایەخی چەمکی «ناو» دەکات ڕستەیەکە لە عەتا نەهایی کە دەڵێ، «یەکەم بەرهەمی گەڕانەوەیان ناو بوو بۆ منالەکان، یەکێک لەو ناوانە دوای چەند ڕۆژ لە پشت قورئانە گەورەکە نووسرایەوە»[٧]. دوای ئەوەی بنەماڵەی وسۆئاغا سەرباری

[٧] ڕۆمانی گوڵی شۆران، عەتا نەهایی

**لەدەست دانی چەند ئەندامێکیان، زستانێکی پڕ لە مەینەت و برسێتی و کوێرەوەری دەرباز دەکەن و دەگەڕێنەوە شوێنەواری ماڵە سووتاوەکەیان، لە خەلاتی گەڕانەوەیاندا، بەندەیەکی خودا ناوی لاس لە کوڕەکەی دەکا و ناوی برازاکەشی دەنا خانزاد. لەم رۆمانەدا ناودێر کردنی منداڵەکان وەکوو نماد و هێمایەک بۆ چرکەساتی کۆتایی هاتنی مەترسی و دەسپێکی مسۆگەری ژیانی بنەماڵە و مناڵەکان وێنا دەکرێ.**

**ناولێنان یەکەم هەنگاوە بۆ سەلماندنی هەبوونی کەسەکان، دیسان ناو یەکەم هێمای مانەوەی مرۆڤ، شوێن، یان هەر شتێکی دیکەیە. هەر بوونەوەر و تەنانەت هەر دیاردەیەک یەکەمجار لە دووتوێی ناوێکدا خۆی پێناسە دەکا و بەو ناوە، بەرانبەرەکەی ناچار دەکا رێز لە هەبوونی بگرێ. دوای ئەوەی لە هێما و سیمبۆلی ناوەکەیدا خۆی دەسەلمێنێ، ئیتر ئەو ناوە وێدەتر دەچێ و دەبێتە بەشێک لە شۆناس و کەسایەتی خاوەنەکەی. گرینگی ناو لێرەدا کۆتایی نایێ و لە ئانوساتی بڕینی ناوک و لێنانی ناو، کەسایەتی مرۆڤ لە ناوەکەیدا کۆ دەبێتەوە. لەلایەک هەرجۆرە هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ تا رادەیەک لە ناوەکەیدا رەنگ دەداتەوە، لەلایەکی دیکەوشەوە بە بیستنی ناوی هەرکەسێک کەسایەتی و هەڵسوکەوتی خاوەن ناوەکە لە مێشکدا وێنا دەکرێ. ئەم لێکئالانە دەگاتە ئاستێک کە ئیدی ناو هەم رواڵەتە و هەم ناوەڕۆکیشە.**

**شرۆڤە و لێکدانەوەی ناوەکانی هەر نەتەوەیەک، لە ناوی مرۆڤەکانەوە بگرە هەتا ناوی گوند، شار و بەگشتی شوێنەوارە**

جوگرافییەکان، تا ئاسەواری دیرۆکیّ و ... هتد، تا ئاستێکی زۆر داب و نەریت و فەرهەنگ و شۆناسی ئەو نەتەوەیە پیشان دەدات. بە واتایەکی دی، لە هەر زمانێکدا ناو هەڵگری بەشێکی گرینگی پێناسەی ئاخێوەرانی ئەو زمانەیە.
ناو یەکێکە لە هێما سەرەکییەکانی هەموو شووناسێک. ناو تەنیا پێناسەیەکی ڕواڵەتی نییە، بەڵکوو بەشێکە لە کەسایەتی خاوەنەکەی و هەر بۆیە سیستەمی سەردەست بۆ هەرچی زیاتر کاڵکردنەوەی کەسایەتی و شووناسی کوردی بەردەوام هەوڵیداوە ناوە کوردییەکان بسڕێتەوە و بە واتایەکی دی ناونیشانی شووناسی کوردی بە جۆرێک بزر بکا کە وەک نەبوو بێتە بەرچاو. ئەوەی پەیوەست بێ بە ناوی مرۆڤ وەک تاک، ئێمە دەزانین کە لە هەر بوارێکدا ناولێنان یەکەم هەنگاوە بۆ سەلماندنی هەبوون و یەکەم هێمای مانەوەیە. هەر بوونەوەر و تەنانەت هەر دیاردەیەک یەکەمجار لە دووتوێی ناوێکدا خۆی پێناسە دەکا و بەو ناوە، بەرانبەرەکەی ناچار دەکا ڕێز لە هەبوونی بگرێ، یان لانیکەم دان بە بوونیدا بنێ. دوای ئەوەی لە هێما و سیمبۆلی ناوەکەیدا خۆی سەلماند، ئیتر ئەو ناوە وێدەتر دەچێ و دەبێتە بەشێک لە شۆناس و کەسایەتی خاوەنەکەی. تاکی کورد بەگشتی لەژێر ستەمی سیستەمی سەردەستدا یان بە تەواوی ناوێکی ئەو سیستەمەی لەبەر دەکرێ، یان لەپاڵ ناوی سەپێنراوی ئەم سیستەمە ناوێکی ڕەسەنی دووەمیش بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ. هەڵبژاردنی ناوی فەرهەنگی سەردەست بێگومان یەکسانە بە سڕینەوە و بزرکردنی بەشێک لە

شووناس و کەسایەتی کوردی. لەحاڵێکدا کە لە بژاردەی دووەمدا ئەم تاکە بە کردەوە دەبێتە هەڵگری دوو کەسایەتی و بەردەوام لەنێوان ئەم دوو کەسایەتییەدا دەستاودەست دەبێ. بە واتایەکی دی، کەسایەتی تاک لەنێوان دوو ناودا دابەش دەکرێ و بێگومان ئەم دابەشبوونە تەنیا لە خۆیدا ڕوونادا و لە تێڕوانینی خەڵک بۆ ئەویش جۆرێ لە دوگانەگی دروست دەکا. ئەڵبەتە بەهۆی بەهێزبوونی سیستەمی سەردەستەوە هێدی هێدی ئەو کەسایەتییەی کە لە هێمای ناوی دووەمدا خۆی پێناسە دەکا ئەگەری بەهێزتربوونی زیاترە و کەسایەتی یەکەم کە کرۆک و ناخی ڕاستەقینەیە بەرەو لاوازبوون دەچێ. ئەمجۆرە دانوستاندنە لەنێوان دوو کەسایەتییەکەدا یەکێکە لە ڕێبازە هەرە گرینگەکانی سیستەمی سەردەست بۆ لەناوبردنی شووناس و کەسایەتی کوردی و لە ئاکامدا فەرهەنگی کوردی.

بە هەمان شێوە کە لە ئانوساتی بڕینی ناوک و لێنانی ناو، بەشێکی مەزن لە کەسایەتی مرۆڤ لە ناوەکەیدا کۆ دەبێتەوە، بە لایەکی دیکەدا هەرجۆرە هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ تا رادەیەک لە ناوەکەیدا رەنگ دەداتەوە. بەشێوەیەک کە بە بیستنی ناوی هەرکەسێک کەسایەتی و هەڵسوکەوت و تایبەتمەندییەکانی خاوەن ناوەکە لە مێشکدا وێنا دەکرێ. ئەم لێکئاڵانە دەگاتە ئاستێک کە ئیدی ناو هەم رواڵەتە و هەم ناوەڕۆکیشە. شرۆڤە و لێکدانەوەی ناوەکانی هەر نەتەوەیەک، لە ناوی مرۆڤەکان بگرە هەتا ناوی گوند، شار و بەگشتی شوێنەوارە جوگرافییەکان، تا ئاسەواری دیرۆکێ و... هتد

تا ئاستێکی زۆر داب و نەریت و فەرهەنگ و شۆناسی ئەو نەتەوەیە پیشان دەدات. بە واتایەکی دی، لە هەر زمانێکدا ناو هەڵگری بەشێکی گرینگی پێناسەی ئاخێوەرانی ئەو زمانەیە. هەر بۆیە سیستەمی سەردەست دەیەوێ لەڕێگەی ناوی دەسکردی خۆیەوە هەم لە ڕواڵەت و هەمیش لە ناوڕۆکدا مرۆڤی بندەستی کورد بگۆڕێ و ئەگەریش پێی نەکرا و نەیتوانی بەتەواوی بیگۆڕێ لانیکەم کەسایەتییەکی دوگانە بئافرێنێ کە لەنێوان دوئالیتەی خۆیدا سەرگەدان بمێنێتەوە. بە درێژایی مێژووی داگیربوونی کوردستان هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەوە هەتا ئێستاکەش ناوی کوردی یەکێک لە بەربەستەکانی سیستەمی داگیرکەر بووە و ئەو سیستەمە بە ڕێبازی جوداجودای وەک بەکارهێنانی ناوی دووەم، قەدەخە کردن، لەناو بردن، سڕینەوە و گۆڕینی ناوە ڕەسەنەکان و پاشان سەپاندنی ناوی نوێ هەوڵیداوە بەرەنگاری ببێتەوە. ئەم سیاسەتە وەکوو یەکێ لە خەسڵەتە پیشەییەکانی داگیرکاری زەبرێکی کوشندەی گەورە بووە بە ئاراستەی گۆڕینی کەسایەتی تاکی کورد، جوگرافیا و دیمۆگرافیای مرۆیی و هەروەها مێژووی کوردستان. ئەم سیستەمە نەتەنیا بە گۆڕینی ناوی ڕەسەنی کوردی لەسەر تاکەکان بووەتە هۆی خولقاندنی تاکی دوئالی و جووت کەسایەتی، بەڵکوو بە گۆڕینی ناوی دێهات، شارەکان، ناوچە و چیاکان و بەگشتی ناوی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی ئەم دوئالیتەیە لە هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانی تاکی کوردیدا پێکهێناوە. تاکی کوردی هەڵگری ناوی دەسکردی فارسی و عەرەبی و تورکی یەکەمجار لە فەرهەنگی

کوردی وەک ژینگەی ڕۆحی ژیانی دوور دەکرێتەوە، بە سڕینەوەی ناوی شوێنەوار و ئاسەوارەکان، لەباری دیرۆکییەوە بێکێش دەکرێ و پاشان بە گۆڕین و سڕینەوەی ناوەکانی جوگرافیاکەی تەنانەت بە ژینگە فیزیکییەکەشی نامۆ دەکرێ. کە وابوو بە هەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین ئەو ڕێبازەی کە سیستەمی سەردەست لە سڕینەوە، چەواشە و گۆڕینی ناوی کوردی و هەڵبەستنی ناتۆرەی دەسکردی خۆی پەیڕەوی دەکا بەشێکی زۆر گرینگە لە پرۆسەی شۆردنەوەی شووناسی کوردی.

کورت و کورمانجی، ئەوەی ڕاستی بێ چقاس ناوی کوردی وەکوو چەکێکی بەرگری لە کوردستان ڕۆڵی بینیوە، بە هەمان ڕادەش ناتۆرەی داگیرکەران بۆ سڕینەوەیان وەک چەکێک بۆ سەپاندنی داگیرکاری بەکار هاتووە ولەم ڕێبازەدا زیانەکانی کوشتنی ناوی کوردی لە کوشتنی مرۆڤی کورد کەمتر نەبووە و لەم پەیوەندییەدا بەداخەوە گەلی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان تێری خۆی ئەزموونێکی دوور و درێژی ئەم نارێکییە ژیاوە. نارێکییەک کە بریتییە لە ڕۆیشتن بەرەو هەڵدێری لەناوچوون لەرێگەی دوئالیتەی نێوان ناوی ڕەسەن و ناتۆرەی دەستکرد.

## جاش، زیخێکی نێو چاو

**هێدی سالانێکی زۆر لەمەو پێش بە هۆنەی «هێندێ دیومە ڕۆژێ تورک و ڕۆژێ عارەب دەمکوژێ ـ ڕۆژێ فارس دێ بە فتوای دین و مەزهەب دەمکوژێ، گەر لەسەر ئەو بستە خاکە هەرچی دێ پێمدا دەدا ـ کوردەکەی خۆم چی دەوێ ئەو بۆچی یا ڕەب دەمکوژێ؟» گلەیی لە دیاردەیەک دەکا کە ئەمڕۆ بە جاشایەتی ناوی دەرکردووە. جاشایەتی وەکوو یەکێ لە لێکەوتەکانی داگیربوون یەکێکە لە نارێکییەکانی جڤاکی کوردی. ئەگەرچی وشەگەلی جاش و جاشایەتی تا ڕادەیەک دەتوانن ناوەڕۆک و واتای بوونەوەرێک بەناوی جاش و دیاردەیەک بەناوی جاشایەتی وێنا بکەن، بەلام ئەوەی ڕاستی بێ زیاتر لەوەی کە پەیڤەکە گوزارە لە قێزەونی ئەم دیاردەیە بکات، ئەمە خودی دیاردەکەیە کە بووەتە هۆی ئەوەی کە پەیڤی جاش ناشیرینتر لە ئاستی مانایی خۆی دەرکەوێ. هیچ گومانێ لەوەدا نییە کە جاشایەتی دەرهاویشتە و لێکەوتەی پرسی داگیربوونی کوردستانە و بەهۆی ئەوەی کە داگیربوونی کوردستانیش یەکێکە لە ئالۆزترین نموونەکانی داگیربوون لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ڕەهەندەکانی ئەم نارێکییە زۆر ئالۆز و پێچاوپێچن و هەر بۆیە جاشایەتی جگە لەوەی کە خۆی نارێکییەکی مەزنە، ژێدەرێکی گەورە و بنگەهینی گەلێ نارێکی دیکەشە.**

**یەکەم خالی گرینگ ئەوەیە کە هێشتا جڤاکی کوردی نەیتوانیوە پێناسەیەکی ڕێک و تۆکمە بۆ واتای دیاردەی جاشایەتی و شرۆڤەی بوونەوەری جاش لە زمانی کوردیدا بدۆزێتەوە. بۆ وێنە لە فەرهەنگە**

کوردییەکاندا پەیڤی جاش بە دەستەواژەی وەکوو «کوڕی کەر»، «بێگانەپەرست»، «خۆفرۆش»، «بەکرێگیراو» و ڕستەی وەک «کەسێ کە دژی گەلی خۆی ئالیکاری دژمن دەکا» پێناسە کراوە کە هیچیان پێناسەیەکی پوخت و تەواو نین. بە هەر حاڵ بەهۆی ئەم ناتەواوییە لە تێگەیشتن و پێناسەکردنی جاشایەتی و جاش تاکوو ئێستا نازانین سنوورەکانی جاشایەتی لە کوێوە دەست پێدەکەن و لە کوێدا کۆتاییان پێدێ، جاش کێیە و تاوانی جاشایەتی چەندە گەورەیە و سزای ئەم تاوانە دەبێ چی بێ، جیاوازی هەڵە لەگەڵ جاشایەتی چۆنە و ... هتد. بە واتایەکی دی، بەهۆی ئەوەی کە ئاست و ڕەهەندەکانی جاشایەتی هێشتا بە تەواوەتی نادیارن و تێگینێکی هاوبەش لە پێناسەی ئەم دیاردەیەدا بوونی نییە، لەنێو جڤاکی کوردیشدا ئەم دیاردەیە هەزاران دوئالیتەی دژوازی لێدەکەوێتەوە. لە یەک کاتدا مرۆڤی کورد دەتوانی هەم جاش بێ و هەم وڵاتپارێز، لەلای هەندێ کەس جاش و لەلای هەندێکی دیکە شۆڕشگێڕ، هەر هەنگاو و هەڵسوکەوتێک لە هەمان کاتدا کە دەتوانی شۆڕشگێڕانە بێ هاوکات بە جاشایەتیش بزانرێ. بەکورتی، لە بچووکترین ئاستەکانی تاکەکەسیدا هەتا بەرینترین ڕەهەندەکانی جڤاکی، هەڵسوکەوتی تاک و کۆمەڵگەی کوردی سەبارەت بە جاش هەمیشە دوئالیتەیەکە بریتی لە بێز و ڕێزی هاودەم، ڕق و خۆشویستنی هاوتەریب و گومان و بڕوای هاوکات.

ئەم ئاڵۆزییە لە هەڵوێست و ئەم ناڕوونییە لە تێڕوانین سەبارەت بە چەمکی جاشایەتی لەڕاستیدا بەشێکی زۆری بەرهەمی تێگەیشتنی

ناچڵ و ناتەواوی جڤاکی داگیرکراوی کوردە بۆ پرسی داگیربوونی خۆی و نیشتمانەکەی. تاکی کورد و جڤاکی کوردی بەهۆی ئەم ئالۆزییانەوە هەتا ئێستاش نازانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیە بکا. ئەم پرێشانییە لە ئاستی تاکەکەسیدا بگرە هەتا ئاستی پارتی کوردی و تەنانەت تا دەگاتە ئاستی کۆمەڵگەش بە سیمای جڤاکی داگیرکراوی کوردەوە بە ئاشکرا دیارە. بۆ وێنە با تۆزێک لە ئاستی تاکەکەسیدا تێی بڕوانین. ئەگەر ئێوە کەسێکی وڵاتپارێزیماڵی خۆتان بن و برایەکی جاشتان هەبێ، بەڕاستی چی دەکەن؟!. دەیکوژن، وەک خەڵکی ئاسایی لەگەڵێدا ڕادەبرن، ئەگەر ببێتە میوانتان دەرگای بۆ دەکەنەوە یان دەریدەکەن، ئەگەر هاتە ماڵ گەلۆ چۆن لەگەڵێدا دەجووڵێتەوە و چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، ئایا بە گەرمی لێی نزیک دەبنەوە یان بە ساردوسڕی دەیدوێنێن، ئایا لێی ناترسێن وەختێ دەتانەوێ لەسەر شتێکی هەستیار بدوێن، بەڕاستی ڕقتان لێیە یان ڕێزی لێدەگرن، ئایا لە ترسان ڕێزی لێدەگرن، ئایا ئەو دەوێرن بە کەیفی خۆ لەگەڵێدا لەبارەی هەموو شتێکدا بدوێن یان بەپێچەوانەوە لە بێدەنگی خۆیدا دەیهێڵنەوە، ئەگەر کێشەیەکی ئەمنیتان بۆ دروست بووبێ داوای یارمەتی لەو کابرایە دەکەن؟. ئەگەر ئێوە لە سەنگەری دژ بە داگیربووندا بن و دەستتان بە جاشێک بگات چی ڕوودەدا؟، بە تاوانی خیانەت دەیکوژن یان وەک بزنێ شاخی لە تیسکی خۆی گیری خواردبێ و هیچی لێناکەن، ئەگەر ئەو کەسە خزمتان بێ، ئەگەر هەمان براکەی خۆتان بێ چی دەکەن؟. ئەگەر لە دانووستانێکدا لەگەڵ هێزێکی

داگیرکەردا بزانن کە یەکێ لە ئەندامانی وەفدی داگیرکەر جاشێکی هاوزمان و هاوشاری خۆتانە چۆن ئەو دانووستانەتان بۆ دەچێتە سەر؟... هتد. ئەم پرسانە و هەزاران مەراقی دی لەم شێوازە لە چۆنێتی هەڵسوکەوت و تێڕوانینی کەسانی ئاسایی وەکوو ئێمە لە ئاست کەسێکی جاش گوزارەیەکی ڕوونە لە وجوودی بوونەوەرێکی نارێک لەنێو جڤاکی کوردیدا کە دەیان و سەدان نارێکی ئاڵۆز بە خۆیەوە دێنێتە ئاراوە.

ئێستا با ئەم پرسە ئاڵۆزە نارێکە لە ئاستی پەیوەندی و دانووستاندنی تاکەکەسیدا بگوازینەوە بۆ ئاستی جڤاکی و لە سۆنگەیەکی فراوانتر و بەرینتردا بەگریمانەش بووبێ هەوڵبدەین لە دیمەنێکی گەورەتردا تێیدا بژین. بۆ وێنە لە ڕوانگەی پارتێکی ولاتپارێزی کوردییەوە بڕوانینە دیاردەی جاشایەتی و بزانین کە ئەم پارتە چۆن لەگەڵ ئەم دیاردەیە دەبێ هەڵسوکەوت بکا. پێش هەموو شتێک پارتی کوردیش وەک تاکی کورد هێشتا ناتوانێ پێناسەیەکی دروست و تەواو بۆ جاشایەتی بێنێتەوە و ئەوەی ڕاستی بێ زۆرینەی ڕەهای پارتە کوردییەکان نە لە تێڕوانینێکی نەتەوەیی و نە لە ڕەهەندێکی دژەداگیربوونەوە، بەڵکوو لە سۆنگەی حیزبییەوە ئەم دیاردەیە پێناسە و شرۆڤە دەکەن. دوای ئەمە، ئەگەر بێینە سەر هەڵسوکەوتی پارتی کوردی سەبارەت بە دیاردەی جاشایەتی، ئەوەی ڕاستی بێ پارتی کوردیش هەر وەک تاکی کورد هەمیشە لە دۆخێکی هاوکاتی دژایەتیکردنی جاشایەتی، نزیکبوونەوە لە جاشەکان، ڕاهاتن لەگەڵ هەبوونی جاشایەتی، یان

تێوەگلان لە جاشایەتیدا ژیاوە و وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکرێ ئالایە ئاکامی هەر چوار ڕەهەندەکەش زۆربەی کات بە زیانی کورد کەوتووەتەوە.

هەرکاتێ بزاڤی کوردی بەگژ جاشایەتیدا چووبێتەوە لەڕاستیدا تفی سەرەوژووری هاویشتووە و ئەوەی ڕوویداوە کوشتن و لەناوبردنی کورد بووە بەدەست کوردەوە و ئاکامەکەشی مسۆگەر بە سوودی سیستەمی داگیرکەر تەواو بووە. ئەزموونی شۆڕشی کوردی نیشاندەدا کە داگیرکەران بە کوشتنی هەر جاشێک دەستبەجێ خزم و نزیکەکانی ڕادەکێشن و بە پێدانی هەندێ بەرتیل ئەوانیش دەخەنە نێو سیستەمی خۆیانەوە. بە واتایەکی دی لەناوبردنی هەر جاشێک سەرهەڵدانی جاشێکی نوێی بەدواوە هاتووە و ئەم ڕەوتە هەتا ئێستاش یەکێکە لە هۆکارەکانی بەردەوام کردنی جاشایەتی. هەر وەختێکیش تەڤگەری ڕزگاریخوازی کوردی وەک بزنێ کە شاخی لە تیسکی خۆی گیری خواردبێ، هیچی پێنەکراوە و لە بەرانبەر جاش و جاشایەتیدا دەستەوەستان ماوەتەوە، دژمن بەو سیستەمەی کە پەیڕەوی کردووە هەموو کون و قوژبنەکانی کۆمەڵگای کوردی بە جاشایەتی تەنیوە و تا بۆی کراوە بەکرێگراوی خۆی لەنێو کورددا پەروەردە کردووە. بژاردەی سێیەم ئەمە بووە کە بزاڤی کوردی بە هەر مەبەستێک هەوڵی داوە لە بوونەوەری جاش نزیک بێتەوە. لە ئاکامی ئەم بژاردەیەدا ئەم پەیوەندییە گۆڕاوە بۆ هاوکارییەکی دوولایەنەی جاشەکان کە بەهۆی لاسەنگی هێز بەلای داگیرکەراندا ئەوەی کە زیانە گەورەکەی بەرکەوتبێ کۆمەڵگەی

کوردی بووه. تەنیا یەک نموونەی ئەنفال بەسە بۆ ئەوەی کە تێبگەین زیانەکانی ئەم ڕەوتە چەندە گەورەیە. گەلێ جاریش هەبووە کە پارتی کوردی بۆ خۆی ڕۆڵی جاشایەتی گێڕاوە. زۆرێک لە شەڕەکانی براکوژی بە ئاشکرا دەکەونە خانەی جاشایەتییەوە.

وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا دیاردەی جاشایەتی جگە لە تاکی کورد و پارت و بزاڤی کوردی، لە ئاستی گشتی کۆمەڵگەی کوردیشدا کاریگەری زۆری هەیە. لەم پەیوەندییەدا ئەم دیاردەیە وەک یەکێ لە نارێکییەکانی داگیربوون هەمیشە بە دوو لایەنی زۆر ترسناکدا کاری کردووە. لایەنی یەکەم، لەنێو کورددا جاشایەتی هێندە لە پەیوەندی و دانووستاندنی نێوان خەڵکدا کاریگەرە کە زۆرجاران خەڵک لەنێو خۆشیاندا ئەم دیاردەیە وەک چەکێکی بەهێز دژی یەکتری بەکار دێنن. زۆر جار تۆمەتی جاشایەتی وەکوو یەکێ لە ڕێبازەکانی لۆمەکردن و ناوزڕاندنی خەڵک بەکار هێنراوە. گەلێ جار تەنانەت خۆناساندن وەکوو جاش وەک ڕێبازێک بۆ هەڕەشە و تۆقاندنی بەرانبەر بەکار هاتووە.

ئەم ڕەفتارانە لە نزمترین ئاستی جڤاکیدا و لە شەڕەجنێوی سەرشەقام هەتا بەرزترین ئاستی پارت و ڕێکخراوە و تەنانەت لە ئاستی سەرکردەکانیشدا هەتا ئێستاش بە ڕوونی دەبینرێ. لە گوزارشتی جووڵەیەکی بچووکی هاوسێماڵ بگرە هەتا هاوکاری پارتێک لەگەڵ دەوڵەتێکی داگیرکەر، تاکوو دیدارێکی نهێنی سەرکردەیەک، هەتاکوو شکستێکی سەربازی و ... هتد لەنێو کورددا دەتوانێ بە ئاسانی بە جاشایەتی لە قەڵەم بدرێ. بەکورتی

چقاس دیاردەی جاشایەتی بە درێژایی تەمەنی سەد ساڵەی ڕابردووی داگیربوونی کوردستان هۆکارێکی گرینگی لێکترازانی جڤاکی کوردی بووە، بە هەمان ڕادەش بەکارهێنانی وشەی جاش لەلایەن خودی کوردەوە بۆ ناوزڕاندن و ڕەشکردن لەنێو خودی خۆیدا بووەتە هۆی پەرش و بڵاوی کۆمەڵگەی کوردی. بەشێک لە دەرکەوتەکانی ئەم ڕەفتارە نارێکەی کورد لە بەکارهێنانی هەڕەمەکی ئەم واژەیە بریتین لە بڵاوبوونەوەی ترس لە هەناوی تاک و جڤاکی کوردیدا، توانەوەی متمانەی نێوان تاکەکان و متمانەی جڤاکی، کەمبوونەوەی ئاستی سووکی و قێزەونی دیاردەی جاشایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا. ئەم شێوازە لە بەکارهێنانی چەکی جاشایەتی چی وەک هەڕەشە و چی وەک ناوزڕاندن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەپاڵ ڕەوینەوەی ناشیرینی ئەم کردەیە لەچاو خەڵکی، هەموو هۆکارن بۆ بەردەوام بوونی ئەم دیاردەیە.

بە هەر حاڵ وەک دەبینرێ جاشایتی نارێکییەکی مەزنە کە داگیربوون تاک، ڕێکخراوە و کۆی جڤاکی کوردی پێیەوە تووشی هاتووە و نەتەنیا دەربازبوون لێی گەلێ ئەستەمە، بەڵکوو بە کردەوە بووە بە بەشێک لە ژیانی جڤاکی مرۆڤی داگیرکراوی کورد. لەڕاستیدا بە درێژایی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردووی مێژووی داگیربوونی کوردستان، پەیوەندی کورد و جاش چارەنووسی دایکێکی داماوە بەدەست منداڵێکی خراپەوە و ئێشی جاشایەتی ئێش و ژانی زیخێکە کەوتبێتە گلێنەی چاوەوە و گیرۆدەی گلێکی هەمیشەیی کردبێ. جاشایەتی وەک سیستەمێکی هاوبەش

**بەشێوەی هاوتەریب و هاوئاهەنگ بە ئەزموون وەرگرتن لە یەکدی لەلایەن هەموو داگیرکەرانەوە پەیڕەو دەکرێ، بەڵام بە ڕێباز و ناوی جوداجودا بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا سەپێنراوە. بەکورتی**

**ئەگەرچی «دوو سێ خاسە جاش چاوشی پیرەپنۆک نابن بە پێناسەی شارێ»[٨]، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ بە درێژایی سەدەی ڕابردوو و هەتا ئێستاش سیستەمی داگیرکەر هێندە ڕێکوپێک و بە بەرنامە ئەم دیاردەیە خزاندووەتە نێو ژیانی کۆمەڵگەی کوردییەوە کە مرۆڤ واتێدەگا کە شێرکۆ گوتەنی «لە دە پەنجەی هەردوو دەستما، هەشتیان جاش بوون»[٩]. ئەم وێنایە کە شێرکۆ دەیکا وێنایەکی ڕاستەقینەیە و دیاردەی جاشایەتی دیاردەیەکی زەقی نێومالّی کوردییە و قەڵشێکی گەورەیە کە کەوتووەتە نێو جڤاکی کوردەوە و کاردانەوەی کۆمەڵگەی کوردیش سەبارەت بە ئەم دیاردەیە هەمیشە بریتی بووە لە دوئالیتەیەکی ناڕێک کە سەرێکی سکالاکردنە لە ژانگرتن و سەرێکیشی ڕاهاتنە لەگەڵ ئەم ژانەدا. کەی چارە دەبێ، کەس نازانێ!.**

**لە کۆتایی ئەم بەشەدا با جارێکی دی بگەڕێینەوە سەر پێناسەی جاشایەتی وەک لێکەوتەیەکی داگیرکاری کە هاوتەمەنی داگیربوونی کوردستانە. وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا لایەنی یەکەم و سەرەکی ئاڵوزی دیاردە و چەمکی جاشایەتی وەک لێکەوتەیەکی**

---

٨دێڕێک لە هەڵبەستێکی جەلالی مەلەکشا

٩دیوانی زنەی شێعر، شێرمۆ بێکەس

نارێک لە نارێکییەکانی داگیربوون بریتییە لە ئاڵۆزی پێناسەکردنی دەقیق و بەپێزی ئەم چەمکە. بەڕاستی واتای دەقیقی جاشایەتی چییە و جاش کێیە؟. ئایا جاش تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دەبنە چاوساغ و ڕێنوێنی هێزەکانی داگیرکەران بۆ سەر شۆڕشڤانانی دژەداگیربوونی کوردستان، ئایا مامەڵە و بازرگانی کردن لەگەڵ داگیرکەران بە زانینی ئەوەی کە سوودی ئەم بازرگانییە یارمەتی بەردەوامی داگیربوونی کوردستان دەدا جاشایەتی نییە. بە زانینی ئەوەی کە سیستەمی داگیرکەر بە ئەنقەست لە کوردستان بێکاری برەو پێدەدا، ئەو سەرمایەدارەی کە سەرمایەکەی دەگوازێتەوە بۆ نێو شارەکانی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان جاش نییە، ئەو مامۆستایەی کە تەمەنێک شەریکی ژینۆسایدی فەرهەنگی سەر مندالانی کوردە، ئەو هونەرمەندەی کە خزمەتی هونەری داگیرکەر دەکات، ئەو نووسەرەی لەباتی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی دەیان بەرهەمی ناوازە وەردەگێڕێتە سەر زمانی سەردەست و ... هتد، ئایا ئەمانە دەکەونە نێو بازنەی پێناسەی جاشەوە یان نا؟. ئەگەر ئێمە لە دۆخی داگیربووندا جاشایەتی بە واتای «هەر شێوازێ لە هاوکاری و یارمەتی بە سیستەمی سەردەستی کوردستان کە بە زیانی کورد بشکێتەوە و ببێتە هۆی زیاتربوونی هەژموون و سەردەستی ئەوان بەسەر بەشێک یان تەواوی کورددا» پێناسە بکەین، بێگومان ئەوانەی سەرەوە دەکەونە چوارچێوەی پێناسەی جاشایەتییەوە.

## جاشایەتی فەرهەنگی و شانازی

وەک پێشتر باس کرا دیاردەی جاشایەتی لەنێو جڤاکی کوردیدا لە سیمای جیاواز و لە بواری جیاجیادا خۆی جێگیر کردووە و بە درێژایی خەباتی دژەداگیربوون هەتا ئێستاش هاوتەریب لەگەڵیدا هاتووە. یەکێ لەو سیمایانە کە سیمایەکی شاراوە و نەرم بووە و بە بێدەنگی و دوور لە هەستیاری زۆرینەی ڕەهای خەڵکی کورد بەردەوام لە ڕەوت و گەشەکردندا بووە بریتییە لە جاشایەتی فەرهەنگی. جاشایەتی فەرهەنگی بە کورتی بریتییە لە هەر جۆرە خزمەتکردن بە فەرهەنگی سیستەمی داگیرکەری کوردستان. جاشایەتی فەرهەنگی یەکێکە مەترسیدارترین شێوازەکانی جاشایەتی کە دەکرێ بە جاشایەتی نەرم، یان جاشایەتی سپی ناودێری بکەین کە بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە یەک ناخ و یەک ڕۆحی هەیە و ئەویش بریتییە لە دابڕان لە کۆمەڵگەی کوردی بەرەو خزمەتکردن بە سیستەمی داگیرکەر و سەردەستی کوردستان. بێگومان بەختیار عەلی لەو هەڵبەستەیدا کە دەڵێ «بە باڵی حیکمەت بەرەو ماڵی دێوانەکان دەفڕین، ئێمە واین ـ بە باڵی وەفا ڕووەو کوچەی جەفا دەفڕین، ئێمە واین ـ دەست لە نەزاکەت بەردەدەین ـ ئێمە واین ـ دەڕۆینە بەر قاپیی خودایان ـ ئێمە واین ـ دەڕۆین بۆ هەراجی شەرەف ـ ئێمە واین ... بە باڵی جوانی ڕووەو ماڵی دزێوان دەفڕین ـ ئێمە واین... بە باڵی ویقار ڕووەو کووچەی قەلەندەران دەفڕین ـ ئێمە واین...»، ئەگەر دەقاودەق مەبەستی بوونەوەرێک بەناوی جاشی فەرهەنگی نەبووبێ، گۆشەچاوێکی لەوانە

بووە. مرۆڤی کورد لە ڕێبازی جاشایەتی فەرهەنگیدا بە پێنج قۆناخدا تێدەپەڕێ. یەکەم قۆناخ قۆناخی دابڕانە. لە هەر چوار پارچەی کوردستان سیستەمی پەروەردەی داگیرکەر بە هەموو هێز و توانایەوە هەوڵیداوە کە مرۆڤی کورد لە کولتووری خۆی دوور بخاتەوە، ئاسەواری شانازی و سەروەرییە فەرهەنگییەکانی بسڕێتەوە و وای تێبگەیێنێ کە کورد لەباری فەرهەنگییەوە سەرمایەیەکی ئەوتۆی نیە. بەم شێوەیە بەستەرێک بۆ نائومێدی مرۆڤی کورد لە فەزای فەرهەنگی کورددا دێنێتە ئاراوە کە هەست بە هەڵپان و بۆشایی فەرهەنگی دەکا و ئاکامی دەبێتە دابڕانێکی ڕۆحی لە فەرهەنگی دایک.

قۆناخی دووەم بریتییە لە شەیدایی. وەرگێڕی بەناوبانگی فارسی نووسی کورد محەمەدی قازی دەڵێ «یەکێ لە خەون و خولیاکانی من ئەوە بووە کە ڕۆژێ بتوانم بە زمانی شیرینی حافز و سەعدی بنووسمەوە». ئەم ڕستەیە چڕ و پڕ زمانحاڵی دەیان نوخبەی کوردە کە هەر کەسەو بە جۆرێک شەیدای فەرهەنگی سەردەست و داگیرکەر بوونە و ڕۆحی خۆیان لە بەردەم ئەم فەرهەنگەدا بە تەواوی ڕاخستووە. ئەم شەیداییە کە شەیدا بوونی مرۆڤی کوردە بە فەرهەنگێ کە بە توندترین شێوە بێ ڕێزی بە فەرهەنگی دایکی دەکا یەکێکە لە ناسازگارییە دەروونییەکانی مرۆڤی داگیرکراوی کورد. لە کاتێکدا کە تاکی ئاسایی کورد لە ئەگەری گیرۆدە بوون بە فەرهەنگی سەردەست تەنیا ڕۆحێکی داگیرکراوە و هیچی تر، بەڵام

نوخبەی تەریدە لە خۆ و گیرۆدەی داگیرکەر دەبێتە نۆکەر و غولام و سەربازی ئەو فەرهەنگە سەردەستە.

سێیەم قۆناخ قۆناخی خزمەتە. کە مرۆڤ لە چاندی دایک دابڕا و بە خولیایەکی زۆرەوە دەربازی چاندی سەردەست دەبێ، بۆ سەلماندنی خۆی وەک ئەندامێکی نوێی فەزای فەرهەنگی ئەو جڤاتە سەردەستە دەبێ زیاتر تێبکۆشێ و زیاتر خزمەتی خۆی بسەلمێنێ. ئەم کەسانە بە هێزێکی زۆرەوە دەکەونە خزمەتی چاندی سەردەست و زۆربەیان بەرهەمی گەورە و ناوازە دەئافرێنن و لە بەرزترین ئاستدا باشترین خزمەت دەنوێنن. محەمەدی قازی نموونەیەکی گەورەیە کە زیاتر لە هەفتا شاکاری ئەدەبی جیهانی پێشکەش بە زمانی فارسی کردووە و تا ئێستا زمانی فارسی وەرگێڕێکی بە گەورەیی قازی بە خۆوە نەبینیوە.

لە قۆناخی چوارەمدا بۆ یەکەمجار جاش دەگەڕێتەوە فەرهەنگی دایک. ئەم گەڕانەوەیە گەڕانەوەیەکی سەیرە. گەڕانەوەیە بۆ دۆزینەوەی ئەو بەشە لە لە فەرهەنگی دایک کە مرۆڤ لە باوەشیدا پەروەردە کراوە. لەلایەک ئەو کەسەی کە دەیهەوێ لە داب و نەریتی جڤاکی خۆی دوور بکەوێتەوە ناتوانێ بە تەواوی لێی داببڕێ و فەرهەنگی دایک بە جۆرێک لە جۆرەکان لە نەست و ناخودئاگایدا هەر دەژی و لەلایەکی دیکەوە هیچ کەسێکیش ناتوانێ بە تەواوی بچێتە ناخی فەرهەنگێکی دیکەوە و ببێتە بەشێک لە جەستەی ئەو فەرهەنگە. هەر بۆیە نوخبەی کورد لە ڕەوتی خزمەتکردنی بە فەرهەنگی سەردەستدا هەست بەم کەماسییە دەکا و بۆ

پڕکردنەوەی ئەم ناتەواوییە بە ناچار و ناخودئاگا دەستەودامێنی فەرهەنگی دایک دەبێ و بە کەرەستەی چاندی کۆمەڵگەی دایک دەکەوێتە خزمەتکردنی فەرهەنگی سەردەست. عەلی ئەشرەف دەرویشیان و یاشار کەماڵ دوو نموونەی بەرچاون لەم بوارەدا. ئەگەرچی دەرویشیان بە فارسی و یاشار بە تورکی چیرۆک و رۆمان دەنووسن و لە خزمەتی ئەو دوو زمانەدان، بەڵام بە ئاشکرا فەرهەنگی کوردستان هەوێنی دێڕ بە دێڕی بەرهەمەکانی ئەوانە. بەم شێوەیە بلیمەتی کوردی خزمەتکاری فەرهەنگی داگیرکەر لە میانەی پێشکەشکردنی بەهرەی خۆیدا، دەگەڕێتەوە بۆ چاندی دایک و وەک دزێکی خۆماڵی دەست دەکا بە تاڵانی فەرهەنگی دایک بەرەو فەرهەنگی سەردەست. نموونەیەکی دیکە و ئەڵبەتە قێزەون لەم چەشنە ئیبراهیم تاتلیسەزە کە لە ڕێگەی تاڵان کردنی گۆرانی و مۆسیقای فۆڵکلۆری کوردییەوە زیانێکی گەورەی بە چاندی کوردی گەیاندووە.

قۆناخی پێنجەم لە جاشایەتی فەرهەنگی بریتییە لە گەڕانەوەی دووەم. دوای ماوەیەکی درێژ مانەوە و خزمەتکاری، هەندێ کەس بە جۆرێ لەنێو جڤاکی سەردەستدا دەتوێنەوە کە تەنانەت نکۆڵی لە ڕیشە و پەیوەندی خۆیان لەگەڵ جڤاکی دایکدا دەکەن. دیسان تاتلیسەز نموونەیەکی بەرچاوە. هەندێکی دیکە بە تەواوی دانابڕێن و جار بە جار دەگەڕێنەوە باوەشی چاندی ڕەسەنی خۆیان و ئەڵبەتە لەوانەیە هەندێ بەرهەمی کرچ و کاڵیش، ئەڵبەتە بە هەزار منەت و ماڵئاوا پێشکەش بکەن. وەک میناک شەهرامی نازری لە پاڵ

داهێنانەکانی بە زمانی فارسی، هەمیشە چەند گۆرانی فۆلکلۆری کوردیش کاوێژ دەکاتەوە. ئەم کارانە نەتەنیا ناچنە خانەی خزمەت بە زمان و فەرهەنگی کوردی، بەڵکوو جۆرێکن لە سووکایەتی پێکردن. تەنانەت هەندێ جاریش ئەم گەڕانەوەیە بۆ باوەشی دایک هێندە درەنگ ڕوودەدا کە کاریگەرییەکی ئەرێنی ئەوتۆی نابێ. بەکورتی گەڕانەوەی دووەم نەتەنیا هیچ بەرهەمێکی بۆ فەرهەنگی کوردی تێدا نییە، بەڵکوو بە جۆرێک ڕەوایەتی دانە بە چاندی جاشایەتی فەرهەنگی. لە باوەش گرتنەوەی جاشە فەرهەنگییەکان یەکێ لە هۆکارە هەرە گرینگەکانی ڕەوایەتی و بەردەوامی ئەم جاشایەتییەیە.

گەڕانەوە بە ماکیاجی خۆشەویستی نیشتمان و فەرهەنگی دایک ڕوودەدا، بەڵام ئەم ڤەگەڕە ئەگەر بە ڕاستیش بێ، لەڕاستیدا بەختیار عەلی گوتەنی خۆشەویستییەکی درەنگ وەختە کە هەمیشە لە بەزەیی و پەشیمانییەوە نزیکترە تا خۆشەویستی...

ئەگەرچی دەزانین کە جاشایەتی فەرهەنگی بە دەیان هۆکار و سەدەم لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەردەوام بووە، بەڵام یەکێ لە هۆکارە سەرەتایی و گرینگەکانی بریتییە لە لەو ڕێز و گەورەیی و شانازییەی کە جاشە فەرهەنگییەکان لەنێو جڤاکی کوردیدا لێیان دەگیرێ.

من زۆرجار لەو فەزایانەدا ژیاوم کە باسکردن لە بلیمەتی کوردی خزمەتکاری سیستەمی داگیرکەری کوردستان لێوانلێو بووە لە خۆ بادان و شانازیکردن بەوانەوە. بۆ وێنە کاتێ لە نێوان چەند کورددا

باس لە کەسێکی وەک سەلیم بەرەکات دەکرێ، یەکسەر شانازیکردن بە کوردبوونی سەلیم بەرەکات بە سیمای باسەکەوە دیارە. کە کتێبێکی یاشار کەماڵ دەدەیتە دەست کەسێکەوە بە پۆزێکی بێماناوە دەڵێ یاشاریش خۆ کوردی خۆمانە!.

بەکورتی، ئەمە ڕاستە کە سەربکێشێتە هەر بوارێکی هونەری و زانستی نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان سیمای چەندین بلیمەتی کوردیان تێدا دەبینیتەوە. بە لێشاو نووسەری کورد دەناسیتەوە کە بە فارسی و تورکی و عەرەبی دەنووسن و کەم نین ئەو کوردینووس و کوردیبێژانەش کە خۆویست و ئارەزوومەندانە بە زمانێکی سەردەست بەرهەمیان هەیە. بەڵام سەرنجڕاکێشتر لەو بلیمەتانە ئەو شانازیکردنە بێمانایەیە کە مرۆڤی کورد بەمجۆرە کەسانەوە دەیکا. ڕاستە کە ڕیشە و دەسپێکی سەرهەڵدانی جاشایەتی فەرهەنگی بریتییە لە کوشتنی ڕۆحی کوردی لەنێو مرۆڤی داگیرکراوی کورددا و تاکی کورد کە لەلایەک بەهۆی حەرامکردنی زمانی دایکییەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە فەرهەنگی دایک دادەبڕێ و لەلایەکی دیکەوە دۆخی داگیربوون و سیستەمی داگیرکەر بەرەو خزمەتکردنی خۆی ڕایدەکێشێ. بەڵام مەراقی گەورەی ئەمەیە کە ئایا تاوانی بەردەوامبوونی ئەم جاشایەتییە فەرهەنگییە دیسان لە ئۆباڵی سیستەمی داگیرکەرە یان بەشێکی دەکەوێتە سەر چۆنێتی فەرهەنگ و نەریتی کوردی؟.

بێگومان چاندی کوردی یەکێکە لە فاکتەرە هەرە گرینگ و بنەڕەتییەکانی ئەم بەردەوامبوونە. کەم کەس هەیە کە لە میانەی

باسکردن لە جاشێکی فەرهەنگی، خۆی بە گوزارەی وەک » دەزانی فلانکەس کوردە« نەکەوتبێتە شانازی و باییبوونێکی بێهۆدە و پووچەوە، یان لانیکەم ڕووبەڕووی پاشگوتنێک نەبووبێ کە گوزارە لەم شێوازە ڕەفتارانە نەبووێتەوە. پاشگوتن و ڕستەگەلێ لە شانازیکردن بەوەی کە شەهرامی نازری خەڵکی کرماشانە، بەوەی کە مۆسیقای ئێرانی لەسەر دەستی عەندەلیبی و کامکاران و پوورناززی و... گەشەی کردووە، بەوەی کە وەرگێڕی بەناوبانگی ئەدەبی فارسی محەمەدی قازی کوردە، تاتلیسەزی گۆرانیبێژی تورکیبێژ کوردە، بەوەی فلان دایکی کوردە، بەوەی فیسار باوکی کوردە، بەوەی بێوان لەسەری باوان دەگاتەوە کورد، و ... سەدان پێداهەڵگوتنەوەی لەم وێنەیە کە بە زار و گوێی هەموو تاکێکی کورددا زۆر ئاشنایە، لەڕاستیدا لە بێماناترین شێوازەکانی باییبوون و پووچترین ڕێبازەکانی شانازی پێکردنن کە لەنێو جڤاکی داگیرکراوی کورددا باوە و زۆر وەختیش لە دووتوێی جۆرێک لە شانازی گێلانە و باییبوونی کوێرانەدا دوبارە دەکرێنەوە.

ڕستەی «دەزانی فلانی کوردە» کە بۆ پێناسەی جاشی فەرهەنگی بەردەوام کاوێژ دەکرێتەوە لەڕاستیدا یەکێکە لە فیگۆرە هەرە باوەکانی مرۆڤی داگیرکراوی کورد کە لە ڕەوتی داگیربوونی ڕۆحی خۆیدا بەردەوام هەڵگرییەتی و بەردەوام دوبارەی دەکاتەوە. لە ڕواڵەت و ڕوخساری ئەم فیگۆرەدا بە ئاشکرا شانازی کردن بە جاشایەتی فەرهەنگی دەبینرێ. فەزای گشتی جڤاکی داگیرکراوی کورد بەردەوام سەرسام بووە بەو جۆرە نوخبانەی کە نۆکەری

فەرهەنگی داگیرکەریان کردووە. ئەم هەڵسوکەوتە هەمیشە ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ دوبارە و دوبارە هەڵکەوتنەوەی جاشی فەرهەنگی لەنێو کورد دا.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی گرینگی ئەمجۆرە جاشایەتییە بدەین کە هەم لە بەردەوامبوون و هەمیش لە بەرەو پیرچوونی خەڵکی بۆ دیاردەکە کاریگەرییەکی زۆری هەیە. ئەم دیوە مەترسیدارەی جاشایەتی فەرهەنگی ئەمەیە کە تێیدا بە پێچەوانەی جاشایەتی سیخوڕی و سەربازی، بە ڕواڵەت ژیانی تایبەتی تاک و ڕێکخراوەکانی جڤاکی کوردی ڕاستەوخۆ ناکەونە مەترسییەوە. بە گوتنێکی دیکە جاشایەتی سیخۆڕی و سەربازی چەند بە شێوەی فیزیکی هەستی پێدەکرێ، ئەوەندەش جاشایەتی فەرهەنگی بە شێوەیەکی نەرم و میتافیزیکی ڕوودەدا. هەر بۆیە تاک و کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ هەست بە زیانەکانی ناکەن و لە ئەگەری هەست پێکردنیشیدا ناتوانن لە بەرانبەریدا کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان هەبێ. چۆنکە جاشی فەرهەنگی تاکێکی بەهرەدارە و تاکی ئاسایی کۆمەڵگا خۆی لە بەرانبەر بلیمەتی ئاوەهادا بە کەمتر دەزانێ و ناتوانێ بەرەنگاری بێتەوە.

بەداخەوە هەتا ئێستاش زۆرن ئەو بلیمەتە کوردانەی کە بەئاگا و بێئاگا لەوەی کە سیستەمی داگیرکەری سەر کوردستان دەیان ساڵە بە دڕندانەترین شێواز خەریکی بڕینێ ڕەگ و ڕیشەکانی مێژووی فەرهەنگی و لق و پۆپەکانی داب و نەریتی نەتەوەی کوردە، بە لێبوردەیی و بەخشندەگییەوە ئارەزوومەندانە دەکەونە خزمەت

فەرهەنگی ئەو سیستەمە. لەم ڕوویەوە مرۆڤ دەتوانێ یەكێ لە زیانە مەعنەوییە هەرە گەورەكانی گرفتی داگیربوونی كوردستان لەسەر جڤاكی كوردی، خزمەتكاری و پێشخزمەتی هێزی مرۆیی و سەرمایەی فەرهەنگی كورد بۆ سیستەمی داگیركەر بزانێ. بە هەر پێوەرێک هەڵسەنگێنری خودی ئەم كردارە لە خۆیدا كردەوەیەكی ناتەندروستە و جۆرێكە لە بێڕەوشتی و بێحورمەتی بە خود.

ڕاستە كە ناڕێكییەكی مەزنە كەسانێ بێن و هەموو سامانی نەتەوەیەک بە مەبەستی لەناوبردن بنپێ بكەن، یان بۆ خۆیان تالآنی بكەن و لەملاشەوە ئەندامانی ئەو گەلە هیچ هەڵوێست و دژەكردارێكیان نەبێ، بەڵام لەمە ناڕێكتر ئەوەیە كە ڕۆڵەكانی ئەو گەلە تەنانەت بە ڕەزامەندی و سەرخۆشیش بكەونە خزمەت ئەوانی تالآنكەرەوە.

ئەم ناڕێكییە چقاس لە خۆیدا هەڵوێستێكی قیزەون و دوورە لە كەرامەتی مرۆیی، بە لایەكی دیكەدا مایە و هەوێنی سووككردنەوەیەكی بەردەوامی مرۆڤ و كۆمەڵگەی داگیركراوی كوردیشە. ئەم دیاردەیە سۆنگەیەكی تاڵی دیكەشی هەیە، زۆربەی ئەوانەی كە لە خزمەتی فەرهەنگی داگیركەردان هەمیشە بە شانازییەوە خۆیان بە كورد و كوڕی ئەم خەڵكە دادەنێن و وەک پەندێكی پێشینان دەڵێ، دەیانەوێ هاوكات هەم كوڕێ ماڵ و هەمیش نۆكەری ماڵان بن. ئەم شێوازە لە نۆكەری و چاكەری سیستەمی سەردەست و هاوكات گرێدانی ڕووكەش و ڕواڵەتی خود بە فەرهەنگی دایكەوە لە ڕاستیدا زیاتر لەوەی كە گەڕانەوە بێ

بەرەو باوەشی دایکی نیشتمان، ڕاکێشکردنی ئەودوای خەڵکە بەرەو خزمەتکاری ئەو سیستەمە سەردەستانە. ئەم خەسڵەتە چەوتە لە پاڵ نەریتی نارێکی شانازیکردن بە نوخبە و هەڵکەوتەی کوردی خزمەتکار بە سیستەمی داگیرکەر هەمیشە بەستێن و بەستەرێک بوونە بۆ بەردەوامبوونی دیاردەی نارێکی خزمەتکاری بلیمەتەکان بە سیستەمی سەردەست. ئەم شانازی پێکردنە هێندە ئاسایی بووتەوە کە بە ڕۆژانە دەبینرێ و خەڵکی کورد بە شێوەیەکی سەیر لەگەڵیدا ڕاهاتوون. لە دیاردەی خزمەتکردنی بلیمەتی کورد بە سیستەمی داگیرکەر و هاوکات شانازیکردنی خەڵکی کورد بەم بلیمەتانە ئەوەی کە جێگەی سەرنج و ڕاوەستەیە ئەمەیە کە هەردوو لایەنەکە بە شێوەیەکی بازنەیی و هەرکامەیان بە هێزی ئەوی دیکە بە دەوری خۆیاندا دەسووڕێنەوە و تا ئەو وەختەی یەکێ لەم دوو هێزە واز لەو خواست و خەسڵەتەی خۆیان نەهێنن ئەم سووڕانەوە بێمانا و پووچە کۆتایی پێ نایێ. سووڕانەوەیەکی نارێک و بێکۆتا لە بازنەیەکی بێکۆتای نارێکیدا.

## گیرۆدەبوون

دەڵێن کوردێکی مەهابادی لە وڵاتێکی ئەوروپی نەخۆش کەوتبوو، هاوڕێکەی بە دوکتۆرەکە گوتی ئەگەر حاڵی زۆر خراپە با ببیەین بۆ تەوریز!. ئەم قسەیە ئەگەرچی نوکتەیەکی هەڵقوڵاوی سروشتی خۆشکەیفی خەڵکی موکریانە، بەڵام گوزارەیەکی بەهێزە لە دیاردەیەک لە لێکەوتەکانی داگیربوون کە دەکرێ ناوی بنێین «گیرۆدەبوون». بەر لە شرۆڤە و پێناسەی گیرۆدەبوون با لە پێشدا بە چەند میناکێ هەوڵبدەین لە واتای ئەم دیاردەیە نزیک بینەوە.

کاتێ سەیری تەلەڤزیۆنی کوردی دەکەین، یان باس لە داگیرکاری سەردەستەکانی سەر کوردستان دەکا، یان وەرگێڕانی دراما و گۆرانی هەمان سەردەستانمان پیشان دەدە، یان بە زمانی سەردەستان لەگەڵمان دەدوێ. کاتێ دەمانەوێ خۆمان پێناسە بکەین لە داگیرکراوترینمانەوە هەتا بەرخوەدێرترینمان، هەرخۆمان وەک ئێرانی و عێراقی و تورکی و سووری دەناسێنین. زۆربەی هەرە زۆری پارتی کوردی پاشناوی ئێرانی و ... هەیە. جاری وا هەیە هەواڵی ناخۆشی داگیرکارییەکی دەوڵەتانی سەردەست لە تەلەڤزیۆنێ تا ناخی ڕۆح بێ تاقەتمان دەکا، بەڵام بۆ دەربازبوون لەو بێ تاقەتییە بەگۆڕینی کاناڵەکە خۆمان خەریکی تەماشای درامایەکی هەمان داگیرکەر دەکەینەوە. کە دەمانەوێ ڕستەیەک لە زاری کەسێکەوە بگێڕینەوە بێ ئەوەی خۆمان هەست پێبکەین یەکسەر بە هەمان زمان کە لە کتێبێکی زمانی سەردەست نووسراوەتەوە دەیگێڕینەوە. من زۆر کەسم بینیوە کە وەختێ

دەیانەوێ شتێکی وەک پرسیارێکی بیرکاری بۆ بەرانبەرکەیان شرۆڤە بکەن بە زمانی قوتابخانە نەبێ ناتوانن ئەو کارە بکەن. لەمە ئاڵۆزتر تەنانەت زۆر کەسم بینیوە کە کاتی لێکدانەوە و حیسابکردن و بیرکردنەوە لەگەڵ مێشکی خۆیاندا هەر بە زمانی سەردەست ئەو کارە دەکەن. کەسانێک هەن کە بۆ گرینگ نیشاندانی پەیامێک وا هەست دەکەن کە ئەگەر بە زمانی سەردەست بیڵێنەوە کاریگەری زۆرترە. بۆ وێنە خوێندنەوەی ئایەتێکی قورئان بە زمانی عەرەبی زۆر زۆر پیرۆزتر و ڕاستتر لە هەمان ئایەت بە زمانی کوردی دێتە بەرچاو. من زۆرجار کەسانێکم بینیوە کە تا مانای وشەیەکیان لێ پرسیون، تەنانەت ئەگەر کوردیش بووبێ یەکسەر فەرهەنگێکی فارسییان کردووەتەوە و لەوێ بەدوای مانایدا گەڕاون. زۆربەی ئەو کوردانەی کە دەچنە تاراوگە تەنانەت ئامادە نین ناسنامەی وڵاتیبوونەکەیان فڕێدەن و وەک هێمایەکی هەمیشەیی داگیربوون هەڵیدەگرن. زۆرێکیان تەنانەت لە تاراوگەش زمانی داگیرکەر بە ڕۆحیانەوە زاڵە و بە ئومێدی گەڕانەوە لەوێندەرێش زمانی داگیرکەری پارچەکەی خۆیان فێری منداڵەکانیان دەکەن. دەمێک دەمانەوێ لە مێژووی خۆمان بکۆڵینەوە یەکسەر دەچینەوە سەر ژێدەرە تورکی و فارسی و عەرەبییەکان. بۆ دڵنیابوون لە ئاستی گەورەیی بلیمەتانی خۆمان دەڕوانیین تا بزانین فارس و عەرەب لەبارەیانەوە چۆنیان گوتووە و چۆن وێنایان کردوون. لە بەگژدا چوونەوەی داگیرکاریدا یەکەم ناونیشانێ کە پارتی کوردی و مرۆڤی سەرهەڵدێری کوردی بۆ یارمەتی یان هەلاتن بیدۆزێتەوە

داگیرکەرێکی دیکەیە... هتد. ئەمجۆرە ژیانە ژیانی مرۆڤی داگیرکراوی کوردە کە لە هەموو بوارێکی ژیانیدا و لە هەر چرکەیەکی تەمەنیدا بوونەوەرێک بە ناوی داگیرکەر لە وێنای جیاواز و بە بیانووی جیاواز هەمیشە تێیدا ئامادەیە. بە واتایەکی دی،
ژیانی مرۆڤی داگیرکراوی کورد وەک لە ناخی وێناکانی سەرەوە بە ئاشکرا بە سیمایەوە دیارە ژیانێکە بریتی لە «گیرۆدەبوون». گیرۆدەبوون بەکورتی بریتییە لە هەبوونی بەردەوامی شتێک لە ژیانی مرۆڤدا. ئەم شتە دەتوانێ کەسێک، هزرێک، خەیاڵێ، نیگەرانییەک، گرفتێ، نەخۆشییەک، یان هەرجۆرە گرفتاربوونێکی دیکە بێ کە لە ژیانی مرۆڤدا بەردەوام ڕەنگ دەداتەوە و بوونی هەیە. جا ئەم هەبوونە ڕەنگە لە شێوەی هزر و خەیاڵ لە مێشکی مرۆڤدا بێ یان لە ژیانی ڕۆژانە و بە شێوەی فیزیکی. مرۆڤی داگیرکراوی کورد هێندە بە سەردەستانی خۆیەوە گیرۆدە کراوە کە هەمیشە لە ناخی خۆیدا یان سێبەرێک لە ژیانی داگیرکەرەکەی دەژی، یان کاردانەوەی ژیانی داگیرکەرەکەیەتی. تەنانەت ئەوەش کە لە ناخەوە بە کوردی دەژی بە ئاشکرا ڕووکەش و ڕواڵەتێک لە گیرۆدەبوون بە سیمای ژیانییەوە دیارە. ئەم مرۆڤە گیرۆدەیە جگە لەوەی کە بە زاری سەردەستەکەی قسە دەکا، بە چاوی ئەو دەبینێ، بە گوێی ئەو دەبیستێ و بەگشتی لاسایی ئەو دەکاتەوە، هەمیشە بە مەراقە کە ئەو وەک سەردەست چۆنی دەڕوانێتێ و چۆن پێناسەی دەکا. ئەم کەسە دەزانێ کە حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی گەورەیە، بەڵام تەنیا لە ساتەوەختی بینینی پەسندانەوەی

مۆسیقارێکی فارس لەسەر حەسەن زیرەک ئیمانی پێ دێنێ. شەیدای هەڵپەڕکێی کوردییە و بە باشی دەزانن کە لە هەموو فێستیڤاڵێکدا گۆڤەندی کوردی هەمیشە لە ئاست و پلەی بەرز دەردەکەوێ، بەڵام وەختێ شانازییەکەی دەبێتە ڕاستەقینە کە هونەرمەندێکی عەرەب لە تەلەڤزیۆن باسی هەڵپەڕکێی کوردی دەکا. ئەم حاڵەتە ڕۆحییە دۆخێکی حاشاهەڵنەگرە کە مرۆڤی داگیرکراوی کورد تێیدا دەژی. ئەم مرۆڤە بۆ ئەوەی مەولەوی کورد لەلای ڕەفیقەکانی گەورە نیشان بدا، وا هەست دەکا بیخاتە پاڵ مەولانای بەلخییەوە و لەگەڵ ئەودا بەراوردی بکا باشتر دەتوانێ شان و شەوکەتی مەولەوی نیشانبدا. وەختێ دەیەوێ باس لە کەڤنارەیی زمانی کوردی بکا یەکسەر هاوماڵباتی زمانی کوردی لەگەڵ فارسیدا وەک سەلمێک بۆ ئەم پێشینەیە دێنێتەوە. بۆ سەلماندنی گەورەیی بەختیار عەلی پێویستی بەوەیە کە بڵێ کتێبەکانی وەرگێڕاوەنەتە سەر زمانی فارسی... و هتد. بە گوتنێکی دی، مرۆڤی داگیرکراوی کورد بە چەشنێک لەباری ڕۆحییە پەیوەست کراوە بە سەردەستەوە کە هەمیشە پێی وایە بۆ دەرکەوتن دەبێ خوی بخاتە پاڵ سەردەستەکەیەوە و گەورەیی خۆی لەپاڵ گەورەیی ئەودا ئەزموون بکا.

مرۆڤی گیرۆدەبووی کورد تەنانەت ئەو وەختانەش کە دەیەوێ خۆی بنوێنی و قسەی خۆی بکا، پێشتر بیر لە کاردانەوەی داگیرکەرەکەی دەکاتەوە. دڵنیام ئێوە زۆر کەسایەتی سیاسی کوردتان بینیوە کە لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ فارس یان تورکێکدا بە وردی ئاگای لێیە کە

شتێک نەڵێ کە گومانی جیاخوازی و سەربەخۆییخوازی لێ بکرێ. لەپێشدا بیردەکاتەوە کە لە فیدراڵی و مافی چارەنووس و خۆبەڕێوەبەری و ... باسی کامەیان بکا تا بەرانبەرەکەی زویر نەبێ. ئەم تاکە ئەگەر لە حاڵەتی بندەستی و لە ئاستی کەسێکی ئاسایی شەقامیشدا بێ دیارە هەمیشە لە ژیانیدا کاردانەوە و پێگە و جێگەی دەسەڵاتی داگیرکەر لە بەرچاو دەگرێ. گیرۆدەبوون بە سەردەستەوە

تەنانەت لە سەرەتاییترین بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەشدا، تەنانەت لە دەرەوەی داگیربوونیش مرۆڤی کورد بەرنادا. سەیری ئەو ژمارە زۆرەی ئەو کوردانە بکەن کە لە داگیربوون هەڵهاتوون و کەچی لە تاراوگەشدا دیسان بۆ بژێوی ژیانیان بەناچار لەنێو سازییە فەرهەنگییەکان و تەلەڤزیۆن و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی نەتەوەکانی سەردەستی کوردستاندا ئیش دەکەن، تەنیا لەبەر ئەوەی بە زمانی سەردەست گیرۆدە کراون و بەو زمانە نەبێ کاریان دەست ناکەوێ. سەیری ئەو ژمارە زۆرەی کوردانی تاراوگە بکەن کە ئێرانی بوون و عێراقی بوون هەڵهاتوون، کەچی لەوێندەرێش لە هەمان ناسنامەوە دەناسرێنەوە، بە هەمان شووناسی دەسکردی ئێرانی و عێراقی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. ئێمەی کورد هێندە تا ناخی دەروونمان گیرۆدەی ئەو فەرهەنگە سەردەستانەین کە تەنانەت ناتوانین لەو ناوە فارسی و تورکی و عەرەبییانەی کە ناوکیان پێ بڕیوین خۆ ڕزگار بکەین و ناوێکی ڕەسەنی کوردی هەڵبژێرین. سەرەڕای ئەوەی کە دەزانین ڕەنگە تا ماوین داگیرکەر نەهێڵێ چاومان بە نیشتمان

بکەوێتەوە، بەڵام نەستێکی ناخودئاگا هێشتا پێمان دەڵێ کە ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بچینەوە وڵاتی خۆمان و هەر ئەو ناخودئاگایە ناچارمان دەکا ناسنامە ئێرانییەکەمان و پاسپۆرتە تورکییەکەمان هەڵگرین و زمانە عەرەبییەکە فێری منداڵەکانمان بکەین بۆ ئەو ڕۆژانە کە دەگەڕێینەوە.

گیرۆدەبوون لەڕاستیدا یەکێکە لە گەورەترین و بەباندۆرترین لێکەوتەکانی داگیربوون کە وەک تارمایی هەمیشە لەسەر سەری تاک و جڤاکی بندەستی کوردیدا ئامادەیە و لە ژیانیدا بەردەوام ڕەنگ دەداتەوە. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ئەم دەرکەوتەیە بریتییە لە دیاردەی بەردەوام ئامادەبوونی کارەکتەری داگیرکەر لە هەناو و لە ڕوالەتی ژیانی کەس و کۆمەڵگەی داگیرکراوی کوردیدا. داگیرکەر لە هەر هێمایەکدا بێ بە تۆخی لە ژیانی مرۆڤی داگیرکراوی کورددا بوونی هەیە و لە ناخیدا ڕەنگ دەداتەوە و بە شێوەیەکی هەمیشەگی ڕەگ دەکوتێتەوە و خۆی دوبارە دەکاتەوە. ئەم ئامادەبوون و ڕەنگدانەوەیە ئەگەرچی لە ژیانی مرۆڤی کورددا بە وێنای جۆراوجۆر دەردەکەوێ و دەتوانێ لە بواری جیاجیا و لە شوێن و کاتی جیاوازدا ڕوبدا، بەڵام لە هەموو شێوازەکانیدا لە هەر شوێن و کاتێکدا بێ و لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی هەر کەسێکی بندەستدا ڕەنگ بداتەوە لەڕاستیدا هەڵگری یەک ناخ و یەک کرۆکی دیاریکراوە کە ئەویش بریتییە لە هەبوونی سێبەرێک لە داگیرکەر بەسەر ژیانی کەسی بندەستەوە. گیرۆدەبوون لە هەزاران وێنا لە ژیانی ئێمەی داگیرکراودا ڕەنگی داوەتەوە، بە هەزاران شێواز

لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا ڕەخنە دەکا و بە دەیان بیانوو دێتە ناخمانەوە. هێندە بچووک کراوینەتەوە زۆربەی ئەو کاتانەی کە دەمانەوێ باسی بلیمەتێکی خۆمان بکەین بە شەرمەوە ناوی بێنین و هەزارجار خواخوامانە سیستەمی داگیرکەر بە درۆومان نەخاتەوە. وەختێ سیستەمی داگیرکەر لە شانازی خۆی دەدوێ ئێمەش بە تووڕەبوونێکی دەروونی قووڵەوە لە هەمان نموونە شانازی خۆمان دێنینەوە. هەموو شتێکی خۆمان لەگەڵ ئەواندا بەراورد دەکەین و داشتەکانمان بە هی ئەوان هەڵدەسەنگێنین. زۆر جاران کە بە ڕواڵەت بە ئاراستەیەکدا دژی سیستەم دەوەستینەوە بە نائاگا و بە ئاراستەیەکی تردا خەریکین خزمەتی پێدەکەین. ئەو کاتەی کە خەریکین لەقاوی داگیرکاری دەدەینەوە ڕێک لە حاڵێکداین کە خزمەت بە زمان و فەرهەنگی هەمان سیستەمی ستەمکار و داگیرکەر دەکەین. چۆنکە زمانی ئەو بەرمان نادات و دەبێ بەشێک لە گەشتی زیندووبوونەوەی زمانەکەمان بە هەرێمی زمانێکی سەردەستدا تێبپەڕێنین. ئەو کاتەی کە وەرزشڤانێکمان بە نوێنەرایەتی هەرکام لەم وڵاتانە دەبێتە پاڵەوان و ئێمە شانازی پێوە دەکەین ڕێک هەمان ساتەوەختە کە سیستەمی داگیرکەر بە بەرزکردنەوەی ئاڵای خۆی لەسەر شان و ملی وەرزشڤانەکەی ئێمە شانازیکردنەکەمان دەگۆڕێتەوە بۆ توانەوەیەکی خێراتر لەنێو خۆیدا. بە واتایەکی دی تەنانەت لە کاتی بەرجەستەبوونیشدا داگیرکەر لەوێ ئامادەیە و دەیەوێ دامانپۆشێ و تێیدا بتوێینەوە.

بەکورتی گیرۆدەبوون بە داگیرکەر لە گەورەترین هاوکێشەکانی ژیانەوە هەتاکوو بچووکترین مامەڵە و هەڵسوکەوتەکان، لە خوارترین پلەکانی بندەستییەوە هەتا بەرزترین ئاستەکانی یاخیبوونی مرۆڤی کورددا خۆی دەنوێنێ. گیرۆدەبوون بە داگیرکەر تەنیا ئەنجامێکی ڕواڵەتی داگیربوون نییە، بەڵکوو لەڕاستیدا ناخی داگیربوون بۆ خۆیەتی. بەواتایەکی دەقیقتر، گیرۆدەبوون بریتییە لە لایەنی دەروونی و ڕۆحی داگیربوون. هیچ جیاوازییەکی نییە کە تۆ ڕقت لە داگیرکەر بێ یان شەیدای بیت، لاسایی دەکەیتەوە یان لێی دوور دەکەوی، دەتوێیتەوە تێیدا یان خۆتی لێ دەپارێزی، دژی چەک هەڵدەگری یان ڕادەست و دەستەمۆی دەبی، بەکورتی لە هەموو دۆخێک و لە هەموو وەختێک و لە هەموو شوێنێکدا تۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان گیرۆدەی داگیرکەری. بەم چەشنە ژیانی مرۆڤی داگیرکراو لەڕاستیدا نە ژیانێکی ئاسایی خۆیە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ژیانی سەردەستی داگیرکەرە لەسەری و وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ئەو هەمیشە سێبەرێک لە ژیانی داگیرکەرەکەی دەژی. سێبەرێک کە پێی دەگوترێ نارێکی «گیرۆدەبوون».

## پرسیارە ناڕێکەکان

ئەوەی ڕاستی بێ مرۆڤ و جڤاکی بندەستی کورد بندەستییەکی ئاسایی ناژی تا بە گوێرەی ئەم بندەستییە ژیانێکی ئاسایی بژی. بە درێژایی مێژوو گەلانی دی ئەگەر بندەست بووبن بندەستی یەک نەتەوە بوونە، ئەگەر داگیرکراو بووبن داگیرکراوی یەک دەوڵەت بوونە، ئەگەر هێرشێکیان کرابێتە سەر لە یەک لاوە بووە، یەک یاسای داگیربوون بە سەریاندا سەپاوە، یەک ئایین بە سەریاندا زاڵ بووە و ...هتد. بەلام کورد ڕێک بە پێچەوانەی ڕەوتی هەموو داگیربوونە کلاسیکەکانی مێژوو، هاوکاتی داگیربوون دابەشیش کراوە و لە ئەنجامدا هەمیشە داگیربووی چەند دەوڵەت، چەند ئایین، چەند نەتەوە، چەند فەرهەنگ، چەند ئایدۆلۆژی و ... هتد بووە. هەر بۆیە کاردانەوەکانی کورد هەمیشە لە یەک کاتدا دژ بە چەندین دەوڵەتی داگیرکەربووە، چەندین شێوازی داگیربوون ژیاوە، چاوی لەسەر چەندین فەرهەنگی هێرشکار بووە و بەرپەرچی چەندین نەتەوەی پاوانخوازی داوەتەوە و لەگەڵ چەندین دیکتاتۆردا بە شەڕدا هاتووە. لە ئەنجامدا هیچکام لە هەڵوێستەکانی هەڵوێستێکی ئاسایی دژ بە داگیربوونێکی ئاسایی نەبووە و هەر کارێکی کردبێ بەشێک لە ناڕێکی تێدا هەبووە و هەر هەنگاوێکی نابێ چەندین پرسی ناڕێک لەبارەیەوە سەریانهەڵداوە. مەراق و پرسیارەکانی خوارەوە تیشک دەخەنە سەر هەندێ لەم ناڕێکییانە.

ـ گەلۆ ئەو سەرۆکە، ئەو پارتە و ئەو پێشمەرگەیە کە دژی پارچەیەکی دیکەی کوردستان هاوکاری داگیرکەرێک دەکا هەست بە «جاشایەتی» دەکا؟!

ـ کێ دەتوانێ بە قەدەر ئەو گەنجە کوردە سەربازەی کە لە ڕیزی سوپای داگیرکەردا لە ساتەوەختی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ گەریلایەکدا لە مانای «بێچارەگی» تێبگات؟.

ـ کەس هەیە بتوانێ وەکوو ئەو پێشمەرگەیەی کە دژ بە داگیرکەر دەوەستێتەوە و لە شەردا پێدەزانێ خەریکە فیشەک بە سەربازیکی بێگوناهی کوردەوە دەنێ، «بێهۆدەگی» مانا بکا؟.

ـ گەلۆ ئەو جاشەی بە دزی و دوور لە چاوی داگیرکەر هەواڵی شۆڕشگێڕێکی بەندکراو دێنێتەوە بۆ بنەماڵەکەی چقاس هەست بە «نیشتمانپەروەری» دەکا؟.

ـ وڵاتپارێزێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە بەندی داگیرکەر دەربازی بێ، ناچار پەنا دەباتە لای جاشێک و لێی دەپاڕێتەوە یارمەتی بدا. تۆ بڵێی لەو کاتەدا هەست بە «بێز» لە خۆی ناکا؟.

ـ مامۆستا و خوێندکارێکی کورد هەردوکیان خەریکن بە زمانێکی سەردەستی خوێندنگە لەگەڵ یەکدی دەپەیڤن. گەلۆ شتێک لە مانای چەمکی «سێوی حەرام» دەزانن؟.

ـ شۆڕشگێڕێ دوای تەمەنێ تێکۆشانی دژەداگیربوون، ئێستا ئاوارەی تاراوگەیە و وڵاتەکەی هێشتا داگیرکراوە. ئایا ئەو چەند بیر لە مانای «پووچی» دەکاتەوە؟.

**ـ کێ دەتوانی هێندەی ئەو باوکەی کە کوڕێکی جاشە و کچێکی پێشمەرگە لە واتای «بێز و ڕێزی هاوکات» تێبگا؟.**

**ـ هیچکەس هێندەی ئەو باوکەی کە تەمەنێک لەگەڵ منداڵەکەی بە زمانی ناکوردی قسەی کردووە و منداڵەکەی لەکاتی کوردی گوتن لەگەڵ هاوڕێکانی دەبینێ هەست بە «ڕەنجەڕۆیی» خۆی دەکا؟.**

**ـ دایکێ کە کچەکەی لە زمانی خۆی دادەبڕێ چۆن چۆنی ڕۆژی جیهانی «زمانی دایکی» پیرۆز دەکات؟**

**ـ کێ دەزانێ ئەو وەختەی داگیرکەر پەسنی کوردێک دەداتەوە، لە «پێداهەڵدان» و «سووکایەتی» مەبەستی کامەیانە؟.**

**ـ ئەو زارۆکەی لە خوێندنگە دەڵێ بە شانازییەوە تورکم و لە ماڵەوە دایکی پێی دەڵێ کوردبوون شانازییەتی چۆن لە واتای «سەرگەردانی» تێدەگا؟.**

**ـ ئەو کوڕەی کە تێدەگا بۆ چەندین ساڵ بە هەڵە خەریکی شانازیکردن بە کوورشی کوژەری باپیرانی بووە، چەندە هەست بە «گەمژەیی» خۆی دەکا؟.**

**ـ ئەو کچ و کوڕانەی کە زیاتر لە دە ساڵ بە زمانی فارسی یان عەرەبی خوێندبێتیان «چۆن لە ڕوویان دێ بڵێن ئالفابێی کوردی ئارامی سەختە»؟.**

**ـ ئەو کوڕ و کچانەی لە ئاستی باڵا خوێندنیان بە تورکی تەواو کردووە «بە چی مێشکێ دەڵێن ئالفابێی کوردی لاتینی ئەستەمە»؟**

ـ ئەو وەختەی کە دە کەسی کورد بەهۆی ئامادەبوونی تاقە یەک کەس لە نەتەوەی سەردەست لەنێویاندا هەموو ناچارن بە زمانەکەی ئەو بپەیڤن، ئایا هەست بە «بەردەگی» ناکەن؟.

ـ ئەو سەرۆکەی کە کوردێک بە زیندوو یان بە مردوویی ڕادەستی داگیرکەرێکی کوردستان دەکاتەوە, خۆی بە «سەرۆکی کێ» دەزانێ؟.

ـ ئەو حیزبەی شەڕی براکوژی کردووە چی شرۆڤەیەکی بۆ چەمکی «برایەتی» هەیە؟...

### پووکانەوە

ئەم میناکانەی ئێستا دەیانهێنم ڕەنگە تا ئێستا مەراقی ئێوەشی ڕاکێشابێ. لە سەردێڕی هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنێکی فارسیدا دەڵێ زانایەکی ئێرانی بۆ یەکەمجار لە ئاستی جیهانیدا فلانە داهێنانی ناوازەی ئەنجام دا، کە دەچیتە ناوەڕۆکی هەواڵەکەوە دەبینی ئەم کابرا ئێرانییە کە لەوانەیە فارسیش نەبێ، یەکێکە لە تیمێکی سەد کەسی کە لەسەر پرۆژەیەک کاریان کردووە، کەچی لەم هەواڵەدا هەموو شانازییەکە لە کەسایەتی ئەودا بە ناوی ئێران(کە لە ڕاستیدا مەبەستیان فارسە) تاپۆ دەکرێ. لە هەواڵێکی هونەریدا دەڵێ هەڵپەڕکێی ئێرانی لە فلانە فێستیڤاڵدا بوو بە یەکەم، کە چاو لە گوزارشتی هەواڵەکە دەکەی دەبینی ئەوە هەڵپەڕکێی کوردی بووە کە پلەی یەکەمی هێناوە و بەناوی ئێرانی دەدرێ بە گوێی خەڵکدا. لە نموونەی دیکەدا، کاتێ لەو دیرۆکە کە بە ناوی ئێران دەرخواردی ئێمەی دەدەن دەبینی کە بە ئەنقەست هەخامەنشی هێندە گەورە دەکەنەوە کە وەک ئەوەی لە مێژوودا هیچ پاشایەتییەک بە ناوی ماد و ساسانی وەک دوو ئیمپەراتۆری پێش و پاشی هەخامەنش بوونیان هەر نەبووبێ. یان کاتێ باسی ئیسلام دەکەن، کەسێکی وەک سەڵمانی فارسی تا ئاستی وەزیرێکی گەورەی پەیغەمبەر بەرز دەکەنەوە، کەچی تەنانەت ئەگەر پرسیاریش بکەی نەتەنیا ناوی کەسایەتییەکی وەک جابانی کوردی لە ڕیزی یارانی پێغەمبەردا ناهێنن، بەڵکوو دەیشارنیشەوە ...

کرۆکی ئەو نموونانەی ژوورەوە بەکورتی بریتییە لە ڕێباز و تێگەیشتنێک کە تێیدا نەتەوەی فارس یەکەم، ئەوانەی کە توانیویەتی بە ناوی خۆیەوە تاپۆیان بکا، بەردەوام گەورە و بەرجەستەیان دەکاتەوە. دووەم، لە بەرانبەردا تا بۆی دەکرێ هەموو جۆرە شانازییەکی نەتەوەکانی دیکەی بندەست دەشارێتەوە. و سێیەم، هەوڵدەدا ئەو شانازییانەی کە بۆی ناشاردرێنەوە ئەمجارە بە ڕووکەشی ئێرانی و لە چوارچێوەی ئێرانیبووندا(هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە مەبەستی نەتەوەی فارس لە ئێران ئەو شارستانییەتە و ئەو جوگرافیا سیاسییەیە کە هێما و سێمبۆلی نەتەوەی فارسە)، دیسان وەک شانازی خۆی تۆماریان بکا. ئەڵبەتە ئەو نموونانەی سەرەوە تەنیا تایبەت بە فارس نین و ئەم ڕێبازە بە هەمان تێگەیشتن و بە هەمان چەواشەکاری و بە هەمان زەقی لەلایەن دەوڵەت نەتەوەکانی تورک و عەرەبیشەوە پەیڕەو دەکرێ.

با بە هەندێ میناکی بەردەستتر تۆزێک وردتر لەم پرسگرێکە بڕوانین. بێگومان دەزانین کە تاکوو ئێستاش تەلەڤزیۆنی زمانە سەردەستەکانی کوردستان چاوگێکی سەرەکی زانیاری ڕۆژانەی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کوردن. بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵات بەشێکی فراوانی ئەم خەڵکە کە بەهۆی نامۆبوون بە تەلەڤزیۆنی کوردی کەمتر پسپۆڕ و شارەزا دەبینن کە بە زمانی کوردی دەرکەون، لەژێر هەژمۆن و هەیمەنەی تەلەڤزیۆنی فارسیدا ڕۆژانە لە هەر بوارێکدا چاویان بە هەموو کەسانێکی پسپۆڕی بە زمانی فارسی و بەناوی ئێرانییەوە دەکەوێ. لە ئەنجامدا ئەمجۆرە بینەرانە بە شێوەیەکی

ئاسایی لەباری دەروونییەوە ئەم هەستەیان لەلا دروست دەبێ کە هەمیشە پسپۆڕ و شارەزایان یان فارسن یان دەبێ بە فارسی بدوێن و ئەوەی کورد بێ و بە کوردێ بێژێ هیچ شارەزایی و پسپۆڕییەکی لێ ناوەشێتەوە. لە نموونەی دیکەدا، من زۆر کەسم بینیوە کە بە دیتنی زنجیرە فیلمێکی تورکی وای زانیوە کە هەموو تورک لە ئاستێکی باڵای خۆشگوزەرانیدا دەژین و ئاواتی پێ خواستوون. ئەم هەستە لە هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانی مرۆڤی بندەستی کورددا دێتە ئاراوە. بۆ وێنە کوردێک کە وا ڕاهاتووە کە لە شوێنی هەموو سەرکۆمار و سەرۆک وەزیر و هەموو کاربەدەستێکی وڵاتدا کابرایەکی فارس، تورک یان عەرەب دانیشتووە، یان لەنێو کتێبەکاندا تەنیا زانا و شاعیر و بلیمەتی فارس دەبینێ و ئاگای لە ئەوانەی خۆی نییە، بەردەوام باسی عوسمانی و سەفەوی و ئەمەوی بۆ دەکرێ و تاقە میرێکی خۆشی ناناسێ و ... هتد، بێگومان لە نەست و ناخودئاگای خۆیدا تووشی دۆخێکی دەروونی دەبێتەوە کە تێیدا هەست بە خاڵیبوون و پووچبوون دەکا. بە واتایەکی دیکە مرۆڤی بندەستی کورد لە ئەنجامی ئەم دۆخە ژیانکردنەدا دوچاری ناڕێکییەکی دەروونی دەبێ کە دەتوانین پێی بڵێین «پووکانەوە».

پووکانەوە بریتییە لە هەستکردن بەوەی کە مرۆڤ خۆی هیچ شانازییەکی بۆ نیشاندان نەبێ، کۆمەڵگەکەی شتێکی ئەوتۆی بۆ پێشکەشکردن نەبێ، پێشینەیەکی درەوشاوەی بۆ نیشاندان نەبێ و ... هتد و بەگشتی دۆخێک کە مرۆڤ تێیدا هەست بە خاڵیبوون لە هەر بەها و شانازی و بایەبوونێک بکات و شتێکی گرانبەهای نەبێ

که خۆی پێوه گرێبدا. پووچەڵبوون و هەستی پووکانەوە له بندەستیدا دەگاتە ڕادەیەک که مرۆڤی بندەست هەست دەکا جگه له بندەستی بە کەڵکی هیچێکی دیکه نایێ. ئەم دۆخی پووکانەوەیە که نەتەنیا له ئاستی تاکەکەسیدا، بەڵکوو له ئاستی گشتی کۆمەڵگەی کوردیشدا دەبینرێ ئاکامی ڕاستەوخۆی ڕەوتێکه که تێیدا داگیرکەر هاوکات خۆی گەوره نیشان دەدا، نکۆڵی له داشتەکانی نەتەوەی داگیرکراو دەکا و تا بۆی بکرێ دەیانشارێتەوە، له هەرکوێ بتوانی بە ناوی خۆیەوه تۆماریان دەکا. بە واتایەکی دیکه سیستەمی سەردەست بە شێوەیەکی هاوتەریب، بە هەمان ڕاده که له ناوەوه بە خۆی فشار دێنێ تا خۆی بە فشه گەوره بنوێنێ، هەر ئەوەندەش بە گوشارهێنان هەوڵی بچووک کردنەوەی بندەستەکەی دەدا. ئەم نارێکییه بەردەوام یەکێ بووه له بنەما سەرەکییەکانی چۆکدادانی مرۆڤی بندەستی کورد بۆ داگیرکەرەکەی و هەتا ئەو کاتەی که کورد له هەبوونی خۆی، پێشینه، جەوهەر و شانازییه ڕەسەنەکانی خۆی بەئاگا نەیێتەوه بێگومان نارێکی پووکانەوه بەردەوامی دەبێ.

ئەڵبەته ئەم ئاماژەیه له کۆتاییدا پێویسته که بە دەسپێکی سەدەی بیست و یەکەم جۆرێک له خودئاگایی و وریابوونەی بەکۆمەڵ لەنێو کورددا هاتووەته ئاراوه که ئەگەرچی هێشتا نەیتوانیوه بە تەواوی کورد له هەستی خاڵیبوون ڕزگار بکا، بەڵام بەهۆی ئەم بەئاگا هاتنەوه بەکۆمەڵه تا ڕادەیەکی باش پووکانەوه جێگەی خۆی بە بووژانەوه داوه.

## کۆچی ناچاری و توانەوەی یەکجاری

ئەگەرچی ژیانی سەد ساڵی ڕابردووی مرۆڤی کورد بە تۆخی لەگەڵ کۆچ تێکئالاوە و چارەنووسی کۆچ و کورد پێکەوە گرێدراون، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ پێچەوانەی ئەو گوتەیەی شێرکۆ کە دەڵێ «ئەوەتەی کۆچ هەیە من کۆچ ئەکەم»، جڤاکی کوردی جڤاکێکی جێگیر و مایندەیە و زۆر حەزی لە جێگۆڕکێ و کۆچکردن نییە. ئەم تایبەتمەندییە دەروونییە کۆمەڵایەتییە هێندە بەهێزە کە تەنانەت لە پەندی پێشینانی وەک "بەرد لە جێی خۆی سەنگینە"، یان "سان لە شوێنی خۆی سا دەگرێ" ڕەنگی داوەتەوە. هەر بۆیەش مرۆڤی کورد کە بە گرانی هۆگری زێد و پابەندی نیشتمانەکەیەتی مەگەر چەقۆ گەیشتبێتە ئێسقانی، دەنا بەدەگمەن شوێن و واری خۆی بەجێدێڵێ. بەتایبەتی بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هەلومەرجە لەبارەی کە سروشتی کوردستان بۆ دابینکردن و بەڕێوەبردنی ژیانێکی ئاسایی و بێ مەترسی بە هەزاران ساڵ بۆ دانیشتووانەکەی خوڵقاندوویەتی، بێگومان مرۆڤی کورد لەسەر کوردستان هەست بە هیچ جۆرە مەترسی و هەڕەشەیەک ناکا و تەنیا هۆکارێ کە مرۆڤی کورد ناچار بکا نیشتمانەکەی بەجێبێڵێ ئەو سیستەمە داگیرکارەیە کە کوردستانی بە کۆلۆنی کردووە. بە گوتنێکی دی، کۆچکردن بۆ مرۆڤی کورد هاوکات ناڕێکییەکە زادەی داگیربوون و ڕاکردنێکی بەناچارە لە داگیربوون و تەنیا بە ئاواتی ڕەهابوون لە ستەمی سیستەمی داگیرکەر ڕوودەدات. بەکورتی، بێگومان سەرەکیترین هۆکاری دیاردەی کۆچ لەنێو جڤاکی کوردیدا دیاردەی داگیربوونە و

کۆچکردن زۆر زیاتر لەوەی کردەیەکی کۆمەڵایەتی ئەم جڤاکە بێ، لێکەوتەیەکی دیاری داگیربوونی کوردستانە. ڕێژەی کوردانی دانیشتووی گەورەشار و پێتەختەکانی دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان و هەروەها وڵاتانی ئەورۆپی بە ڕوونی ڕێژەی کاریگەری و ئەندازەی باندۆری داگیرکاری لەسەر کۆچی کورد وەک دیاردەیەکی لێکەوتەی داگیربوون دەخاتەڕوو.

ئەگەرچی کۆچکردنی کورد بەرەو کەلانشارەکانی دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان لە خۆیدا نارێکییەکی گەورەیە، بەڵام ئەوەی کە ئەم نارێکییە گەورەتر دەکاتەوە لێکەوتەیەکی دیکەیە کە لەنێو کۆچبەرانی کورددا بە ئاشکرا بووە بە دیاردەیەک لە دیاردەکانی توانەوە و لەناوچوون. دەتوانین ئاشناترین وێنای ئەم دیاردەیە لە هەڵسوکەوتی گەڕانەوەی کەسانێکدا ببینین کە ماوەیەک بە کرێکاری ڕوو دەکەنە کەلانشارێکی سیستەمی داگیرکەر و لە سەردان بۆ زێدی خۆیان، هاوشانی بەبیر هێنانەوەی دواکەوتوویی و بێ فەرهەنگی و ناشیرینی گوند و شار و دەڤەرەکەی خۆیان لە کوردستان، باسی هەموو دانیشتنێکیان دەبێتە باسی جوانی و پێشکەوتن و ئاستی باڵای فەرهەنگی ئەو شارانە. مرۆڤ بە دانووستان لەگەڵ ئەم کەسانەدا بەڕاستی دەکەوێتە مەراقەوە کە ئاخۆ ئەم شەیدابوونە لە کوێوە دێ؟!. لەڕاستیدا کۆچکردن بە ئاراستەی کەلانشارەکان و بەرەو دامانی داگیرکەران وەک دیاردەیەکی کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لە سیما ترسناکەکانی داگیربوون کە ڕوویەکی لە کوردستان و ڕوویەکی دیکەی لە

کەلاّنشارەکانی ولاّتانی داگیرکەردا خۆی نیشان دەدا. وەک دەزانین داگیرکەرانی کوردستان جگە لەوەی وەک غەنیمەت دەڕواننە دەوڵەمەندی و سامانی ئابۆری کوردستان و بە هەموو شێوازێک تالاّنی دەکەن، بە پێشگرتنی بەئەنقەست لە هەرجۆرە پێشکەوتنێکی خۆڕسک و خوەزایی، کوردستان لە دۆخێکی هەژاریدا دەهێڵنەوە و ئەم دۆخەش وەک چەکێکی بەهێز بۆ دەستەمۆکردن و سەرکوتکردنێکی بێدەنگ بەکار دێنن. ڕێک ئا لێرەوە داستانی کۆچی مرۆڤی کوردی داگیرکراو بەرەو ماڵی دژمن دەست پێدەکا. ئەم مرۆڤە بەهۆی داگیربوونەوە لە ماڵی خۆی کارێکی دەست ناکەوێ، هەژاری یەخەی دەگرێ و بەریناداا، ژیانی ناگوزەرێ و لە کۆتاییدا بەو ئاکامە دەگا کە نەفرەت لە هەموو شتێکی نیشتمان بکا و جگە لە گلەییەکی تووڕە وەک ئەوەی شێرکۆ دەڵێ «من چیم ئەویست لە نیشتمان ــ جگە لەوەی کە نانێک و ــ کە کونجێکی دڵنیایی و ــ گیرفانێکی بە حورمەت و ــ مشتێ هەتاوی ئارام و ــ بارانێکی خۆشەویستی و ــ پەنجەرەیەکی کراوەی ــ سەر ئازادی و عەشقم باتێ...»[10]، هەموو شتێکی نیشتمان لە شوێن خۆی بەجێبێڵێ و لە یاخیبوونێکی لە شێوازی تۆراندا و لە شەڕێکی دەروونی لەگەڵ خۆیدا بە تەعبیری شێرکۆ دڵێ «من چیم ئەویست لەوە زیاتر و نەیدامێ ــ بۆیە ئیتر نیوە شەوێ ــ

١٠دیوانی ئێستا کچێک نیشتمانمە، شێرکۆ بێکەس

دەروازەکەیم شکاند و چوومە دەرێ ــ بە ئێجگاری چوومە دەرێ»[11]. ئیتر ئەو بە هیوای دۆزینەوەی بەختەوەری، کار و ژیانێکی باشتر، ڕاکردن لە دۆخی هەیی و یان هەر شتێکی دیکەی نیشتمانەکەی دەکەوێتە ڕێی کۆچ بەرەو شارە گەورەکان. ئەم کۆچە زیاتر لە ڕواڵەتی گەڕان بە دوای دۆخێکی باشتر، لەڕاستیدا شێوازێکە لە ناکۆکییەکی قووڵتر کە ئەویش بریتییە لە ڕاکردن لە داگیربوون، بەڵام بەرەو ئاراستە و مەنزڵی خودی داگیرکەر و لەم داستانەدا نارێکییە مەزنەکە هەر ئەمەیە و بەمجۆرە ئانوساتی ئەم ڕاکردنە دەبێتە ساتەوەختی سەرهەڵدانی نارێکییەکی مەترسیدارتر. لەوێ بە هەر شێوەیەک بێ، لەو سامانەی کە لێی دزراوە و لە ماڵی داگیرکەر لۆدە کراوە پاروەنانێکی دەست دەکەوێ و هەر ئەمەش بەسە بۆ سپاسگوزاری و منەتباری لەو فەرهەنگەی کە لەڕاستیدا هۆکاری ماڵ بەکۆڵی و دەربەدەری ئەوە و کەچی لە خەیاڵی خۆیدا ئێستا بە ڕاسکانی بووە داڵدە و پەنا بۆی.

ئەم دوئالیتەیە ڕەنگە یەکێ لە دەگمەنترین دۆخە ناکۆکەکانی گەردوون بێ کە تێیدا قوربانی دەبێتە شەیدا و سپاسگوزاری جەلادەکەی. ئەم مرۆڤە بەستەزمانە وا بیردەکاتەوە کە هەموو چەرمەسەری و بەدبەختییەکانی پێشووی دەرهاویشتەی ئەو نیشتمان و فەرهەنگە نەگبەتە بووە کە پێشتر لە بێبەختیدا تێی کەوتووە و هاوکات پێشی وایە کە ئارامشی ئێستای بەرهەمی

[11] دیوانی ئێستا کچێک نیشتمانمە، شێرکۆ بێکەس

بەخشندەیی ئەم نیشتمان و فەرهەنگەیە کە بە ڕواڵەت باوەشی بۆ ئاوەڵا کردووە و لە ئامێزی گرتووە. ئیتر ئەمیش باوەشی تامەزرۆی بۆ ئەو فەرهەنگە دەکاتەوە و بەرەو توانەوە تێیدا ڕادەکێشرێ. بەمجۆرە ڕێژەیەکی بەرچاوی کۆچبەرانی کورد لە فەرهەنگی سەردەستدا ون دەبن و بە یەکجاری دەتوێنەوە. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەم توانەوەیە ئەگەر لەگەڵ مانەوەی هەتایی و درێژخایەنی کۆچبەردا بێ ئەنجامەکەی لەدەستدانی بەشێکی سامانی مرۆیی و بچووکبوونەوەی دیمۆگرافی کوردییە. لە ئەگەری گەڕانەوەشدا کۆچبەر دەتوانێ لەنێو جڤاکی کوردیدا وەک مەکینەیەکی بچووک لە مەکینەکانی هێرشی فەرهەنگی سیستەمی داگیرکەر ڕۆڵ بگێڕێ و ببێتە مەترسی لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردی.

## کوردبوون

لەبیرمە کاتێ بۆ یەکەمجار لە تەمەنی شازدە هەڤدە ساڵیدا ڕۆمانێکی یاشار کەماڵم بە فارسی دەخوێندەوە، وەرگێڕی فارس جگە لەوەی کە یاشار کەماڵی وەک نووسەرێکی دیاری تورک پێناسە کردبوو، لە داناسینەکەشیدا ئاماژەیەکی زەقی بەوە دابوو کە باوکی یاشار کەماڵ لەلایەن کوردێکی گوندییەوە کوژراوە. دوای دوو سێ ساڵ کە زانیم یاشار کەماڵ نووسەرێکی گەورەی کوردە، ئەوسا لە ئامانجی ئەو دێڕانەی وەرگێڕی فارس لە پێناسەی یاشار کەماڵدا تێگەیشتم. بە دەربازبوونی تەمەن زیاتر بۆم دەرکەوت کە ئەمجۆرە لە چەواشەکارییە لەڕاستیدا سیاسەت و ڕێبازێکی بەردەوامی هەم دەوڵەت و هەمیش نەتەوەکانی سەردەستی کوردستانە بۆ تێکشکاندنی کەسایەتی تاکی کورد و لە ئەنجامدا نەتەوەی کورد. و ئەڵبەتە هەرکەسێ بە سەرنجەوە بڕوانێتە ڕەفتاری جڤاکی کوردی، بە ڕوونی دەتوانێ ڕێژەیەک لە سەرکەوتنی ئەم ڕێبازە لە پارچەکردن و لەتوپەتکردنی مرۆڤ کە مەریوان وریا قانع بە «شکاندنی کەرامەتی نەتەوەی داگیرکراو لە پەیوەندییەکی کۆلۆنیالیدا»[١٢] پێناسەی دەکا، بە سیمای ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاک و کۆمەڵگەی کوردییەوە ببینێ.

دەوڵەت نەتەوەکانی سەرەستی کوردستان بەردەوام هەم بە کردار و هەم بە زمان بە شێوازێک ڕەفتار دەکەن کە بندەستەکانی خۆیان

---

١٢مرۆڤ و کەرامەت، مەریوان وریا قانع

بچووک، بێ قیمەت، بێ پێشینە، سەرەتایی و دوور لە هەر بەهایەکی مرۆڤایەتی سەردەم نیشان بدەن و بەکورتی ئەوەی باشەیە بانگەشەی خاوەندارێتی بۆ دەکەن و لە بەرانبەردا بە چەواشەکاری هەموو جۆرە چاکەیەک لە نەتەوە بندەستەکان ڕادەماڵن. پەیوەست بە دۆخی کورد، سەردەستەکانی کوردستان هەمیشە بەئەنقەست خۆیان لە ئاستی فەرزانەگیدا نواندووە و هاوکات نەتەوەی کوردیشیان لە دۆخی بێمایەگی و پەستدا وێنا کردووە. لە ئاکامی ئەم وێناکردنەی سەردەستەکاندا کوردی داگیرکراو بە دوو ئاراستەدا تووشی نارێکی هاتووە. یەکەم، کورد هێندە لەو بەدبەختی و هەژاری و دواکەوتووییەدا کە بندەستی بە سەریدا هێناوە ماوەتەوە کە چیدی مرۆڤی داگیرکراوی کورد بە جۆرێ لە جۆرەکان کوردبوون و ژیانی بەدبەختی و چەرمەسەری بە یەک واتا دەزانێ. و دووەم، لە دۆخێکی دەروونی نارێکدا ئەوەی نارێکی بێ دەیخاتە پاڵ خۆی و ئەوەی داکەوتن بێ بە خەسڵەتی خۆی دەیزانێ. با لە ئاستی تاکەکەسیدا بە میناکی بەردەست هەر دوو دۆخەکە وێنا بکەین. هەرکەسێ ڕۆژی لە ڕۆژان ڕێی کەوتبێتە خوێندنگە و فەرمانگەکانی دەوڵەت لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان، بە ئاشکرا دەبینێ کە دەوڵەت سەبارەت بە پۆشینی جلوبەرگی کوردی کارمەندەکان چقاس بە هەستیارییەوە دەجووڵێتەوە، لە بەرانبەردا ئەوەی فەڕاش و چایچی بێ لە هەرجۆرە بەرگێکی کوردیدا بێ کاریان پێیەوە نییە. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەدا بە دەیان ساڵ پۆشاک و سیپاڵی کوردی لەلای گەلێ کەس هەم هێمای

هەژاری و فەقیری و هەمیش نمادی نارێکی کۆمەڵایەتی بووە. ئەڵبەتە سالانێکە بە گەلێ هۆکار ئەم دۆخە خۆشبەختانە بە پێچەوانەوە گەڕاوەتەوە و لەم ناوچانەدا پۆشاکی کوردی بەڕاستی بووەتە هێمای ڕێکوپێکی و هۆکارێکی شانازی پێکردن.

من لە بەرکەوتنی ڕۆژانەی خۆمدا زۆر کەسان دەبینم کە بە قەومانی هەر کارەساتێکی گەورە و بچووک یەکسەر بە گوزارەی وەکوو «کورد هەر بەشی بەدبەختی و دەردەسەرییە»، «کورد کەی ڕۆژی خۆشی بە خۆوە بینیوە»، «خوا کوردی هەر بۆ سەختی و مەینەتباری دروست کردووە» و ... هتد، دێنەگۆ. دەیان گوزارەی لەم شێوەیە ئەگەرچی لە لایەکەوە سکالایە لەو ژیانەی کە داگیربوون سەپاندوویەتی، بە لایەکی دیکەدا بە جۆرێک ڕاهاتن و پەژێراندنی ئەم ژیانەیە لە باری دەروونییەوە. لەڕاستیدا ئەم شێوەیە لە گرێدانی نارێکییەکانی بەردەم ژیان بە کوردبوونەوە بە ئاشکرا بووەتە بەشێک لە کەسایەتی مرۆڤی داگیرکراوی کورد. لە نموونەیەکی دیکەدا لە سەروبەندی سەرهەڵدانی دیاردەی کۆرۆنادا فاشیزمی تورکی بە ئاشکرا بانگەشەی دەکرد کە ژنتیکی تورک بە شێوازێکە کە کۆرۆنا ناگرێ، یان هەرکەس بە تورکی قسە بکا ئەگەری تووشبوونی کەمترە. فاشیزمی فارسیش کە هەمیشە خۆی لە پۆششی شیعەگەریدا دەرخستووە بە هەمان شێوە بانگەشەی دەکرد کە شیعە کۆرۆنا ناگرێ. ئەمە لەحاڵێکدایە کە مرۆڤی بندەستی کورد ڕێک بە پێچەوانەوە بە ڕستەگەلی وەک «کورد ئەوەندە سەختی بینیوە کە کۆرۆنا هیچی پێناکا» و «ژیانی ئێمە بۆ

خۆی کۆرۆنایە» و ... هتد بە ئاشکرا جیاوازی تێڕوانینی هەرکامە لە تورک، فارس و کورد بۆ کەسایەتی خۆیان دەردەخا. ئەم ڕۆحییەتی خۆ بە کەم و بندەست و دەستەوەستان و هەژار زانینە تەنانەت لە ئەدەبی سەد ساڵی ڕابردووی کوردیشدا بە تۆخی ڕەنگی داوەتەوە. ئەو بەیتەی هێمن کە دەڵێ «بەژنەکەت سێدارەیە کەزیەت تەنافە زوو بە دەی ـ بیخە ئەستۆی من کە کوردم، کورد بەشی خنکاندنە»[١٣] جگە لەوەی کە گوزارەیەکی ڕوونە لە گرفتاربوونی مرۆڤی کورد لەم ناڕێکییە ڕۆحییەدا، تەنانەت ئاماژەیەکی گرینگیشە بە ئەوەی کە ئەم گرفتارییە تەنانەت چینی نوخبە و پێشڕەوی کوردیشی تووش کردووە.

با نموونەیەکی جیاوازتر و گەورەتر بێنینەوە. خەڵکی باشووری کوردستان هەتا ئێستاش لەباتی ئەوەی بیخەنە ئەستۆی نەتەوەی عەرەب، تەواوی تاوانەکانی دەوڵەتی عێراق دژ بە کورد دەخەنە ئۆباڵی تاقە کەسێکی وەک سەدام، یان ئەوپەڕی دەیخەنە ئەستۆی حیزبی بەعس. بەڵام لەملاوە دەبینی هەموو گەندەڵی و چەوتییەکانی دەسەڵاتی چەند پارت و بنەماڵەیەکی دیاریکراو بە شێوازێک دەخەنە گەردنی دەسەڵاتی کوردی کە گوایە ئەوەی دەسەڵاتی کوردی بێ جگە لە گەندەڵی و چەوتی هیچی دیکە نازانێ. ئەمجۆرە تێگەیشتنەیە ناڕێکە لە هەموو بەشەکانی کوردستان چقاس لەلایەن دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەستەوە

---

١٣دیوانی تاریک و ڕوون

بانگەشەی بۆ دەکرێ، بە هەمان ڕادەش لەلایەن خودی کوردیشەوە وەک ڕاستییەک بە هەند وەردەگیرێ. کابرای فارس کوردبوونی یاشار کەماڵ دەشارێتەوە، بەڵام بە ئەنقەست کوردبوونی کوژەرەکەی باوکی کە هاوگوندی ئەوە بەرجەستە دەکاتەوە. تاکی بندەستی بێئاگای کوردیش لە یەک ئاندا نووسەرێکی تورک و کوژەرێکی کورد دێنێتە بەرچاو خۆی و ئاکامە دەروونییەکی دیارە بە کوێ دەگا. ئەگەر ژنێک لە تاران بکوژرێ، بەبێ ئەوەی لە فارس بوونەکەی بەرجەستە بکرێتەوە وەک نووچەیەکی ئاسایی باسی دەکرێ و بۆ وێنە دەیبەستنەوە بە دۆخی نالەباری ئابۆری بنەماڵەکەوە، بەڵام کاتێ ژنێ لە کرماشان دەکوژرێ زیاتر لە ناوەڕۆکی هەواڵەکە کرماشانی بوون و کوردبوونی پیاوەکەیە کە لەلایەن ڕاگەیاندنی سەردەستەوە بەرجەستە دەکرێتەوە و لە شرۆڤەی هەواڵەکەشدا هەوڵدەدرێ کردەوەکە زیاتر ببەسترێتەوە بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کوردەوارییەوە. ئەنجامی چۆنێتی گواستنەوەی ئەم هەواڵە بێگومان بریتی دەبێ لە وێنابوون و ڕەنگدانەوی فەرهەنگی کوردی وەک نەریتێکی ژنکوژ لە مێشکی خوێنەری بێئاگادا...

ئەگەرچی دەتوانین بە ئاسانی هەزاران نموونەی دیکە لەم نارێکییە لە ژیانی تاک و جڤاکی بندەستی کوردیدا بدۆزینەوە، بەڵام پێم وایە میناکەکانی پێشوو بەشی تێگەیشتن لە کرۆکی باسەکەمان دەکەن. چەندە نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان بە پشتیوانی و پەرەپێدانی ئەم نارێکییە لەنێو کورددا توانیویانە سەردەستی و

باڵادەستی خۆیان بسەپێنێنن، بە هەمان ڕادەش کورد بە پەژێراندنی ئەم نارێکییە لەباری دەروونی و ڕەوانییەوە هەم لە ئاستی تاک و هەمیش لە ئاستی جڤاکیدا خۆی هۆکاری بەردەوامی ئەم سەردەستییە لەسەر خۆی بووە. لەم ڕوویەوە هەتاکوو کورد پێناسەیەکی نویێ بۆ خۆی نەدۆزێتەوە، بێگومان ئەم دۆخە بەردەوام دەکا. لەم ڕێبازەدا کورد لەباتی ئەوەی نەهامەتییەکانی بە کوردبوونەوە گرێبدا و کوردبوون بە داب و نەریتی پاشکەوتوو ببەستێتەوە، دەبێ لە پێناسەیەکی نوێدا لەباری دەروونییەوە کوردبوون بە بەرزەفڕی و فەرزانەگی گرێبداتەوە و بە کوردبوونیش بۆ گەیشتن بەو بەرزەفڕییە تێبکۆشێ و لەم پێناوەدا دەبێ چەمکەکانی گرێدراو بە کوردبوون بگۆڕێ. و ئەڵبەتە تاکوو ئێمە لە پیشاندانی ڕەسەنایەتی فەرهەنگیدا لەباتی مەشکە و داس و سێپا دیوانی هەزار ساڵەی عەلی حەریری نمایش نەکەین، لەباتی کاوێژی بەیت و بالۆرەی فۆلکلۆری هەڵبەستی مەولەوی و خانی و جزیری لە مێشکماندا جێگیر نەکەین، ... و هتد، بێگومان ناتوانین وێنایەکی بەرز لە خۆمان لەنێو مێشکماندا دروست بکەین.

بە واتایەکی دی تاکوو لەباری ڕۆحییەوە کورد لە چەمکی چارەنووس ئازاد نەبێ و بە واتای ئەوەی شایانی هەموو جۆرە ڕێزێکە نەبێتە خوڵقێنەری خەونی کوردبوون، بە ئاسانی ناتوانێ ئەم نارێکییە وەلا بنێ و لێی دەربازی بێ. هەر بۆیە پێویستە کوردبوون گرێبداتەوە بە چەمکی کەرامەتەوە بەو مانایەی کە مەریوان وریا قانع وەکوو «هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو پارچەپارچەبوونە ئەخلاقی و سیاسی

**و ڕەمزییانەش کە مێژووی درێژی بێمافی و بێڕێزی داگیرکەران لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دروستی کردوون»[١٤] پێناسەی دەکا.**

١٤مرۆڤ و کەرامەت، مەریوان وریا قانع

## شەیدایی قوربانی بۆ جەلاد

ڕەنگە ئێوەش کەسانێکتان بەرکەوتبێ کە لە هەر دەرفەتێکدا باسی باشە و فەرهەنگی بالای خەڵکی گەورەشارێکی بۆ وێنە وەکوو تاران دەکەن و لە بەرانبەردا بۆ گلەییکردن لە ئاستی نزمی فەرهەنگی ناوچەکەی خۆیان هیچ دەم ناپارێزن. تەنیا بەڵگەشیان ئەوەیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕێیان کەوتووەتە ئەو شارە و لەوێ ڕێبوارێ ناونیشانێکی پێ نیشانداون. یان کەسانێکتان بینیبێ کە بە دیتنی زنجیرەیەکی تورکی هەزارجار لەو ژیانەی خۆیان نەفرەت دەکەن و پێیان وایە ئەوەی تورک بێ لەو کۆشک و ڤێلایانەدا دەژین کە لەو زنجیرانەدا پیشاندەدرێن...

ئەم ڕەفتارە جگە لەوەی کە جۆرێکە لە حەسرەت خواردن بەو ژیانەی کە سەردەستان بە ئاستێکی زۆر لە ڕووکەشی درۆ نیشانیدەدەن و مرۆڤی بندەستی کورد بە تاسەوە دەیڕوانێتێ، دەرکەوتنی جۆرێکە لە نارێکییەک کە بریتییە لە شەیدابوون و سەرسامبوون بە نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان کە جۆرێکە لە جۆرەکانی شەیدابوونی قوربانی بۆ جەلاد. لەم نارێکییەدا مرۆڤی بندەستی کورد هەموو شتێکی سەردەستان بە ناوازە دەزانێ و بە پیرۆزییەکی دەروونییەوە سەیری دەکا و پێی خۆشە هەموو هەڵسوکەوتێکی ئەندامانی نەتەوەی سەردەست جوان ببینێ و ... هتد. بێگومان بەشێکی زۆری تامەزرۆیی بۆ فەرهەنگی سەردەست بەرهەمی پەروەردەی ئەو سیستەمەیە کە بەردەوام تاکی کورد بەرەو توانەوە لە خۆیدا ڕادەکێشی و هاوکات لەگەڵ پەست و ناچڵ

نیشاندانی هەر شتێکی پەیوەست بە کورد، هەموو شتەکانی خۆی وەک باڵادەست و تەواو پێشکەش دەکا. سیستەمی داگیرکاری سەر کوردستان تەنانەت تێدەکۆشی هاوتەریب لەگەڵ خۆ گەورەکردندا، خودی کوردبوونیش وەک ناتەواوییەک وێنا بکات. هەر بۆیە دەتوانین بەشێک لە نارێکی شەیدابوونی مرۆڤی بندەستی کورد بە سەردەستەکانییەوە بخەینە ئەستۆی سیاسەتی داگیرکاری و ئۆباڵی دۆخی داگیربوونی کوردستان.

ئەگەر لە ئەم لایەنەی پرسی شەیدابوون گەڕێین و چاو لە دیوی دووهەمی ئەم نارێکییە بکەین، بێگومان دەتوانین گەلێ هۆکاری نێوخۆیی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا بدۆزینەوە کە هاندەری ئەم نارێکییەن. دیسان هێلان بدەن بە میناکی بەردەست و هەست پێکراو لە بواری دیکەشدا ئەم دیاردەیە وێنا بکەین.

لەحاڵێکدا کە تا ئێستاکە تەنانەت یەک فەرهەنگی گشتگیری زمانی کوردیمان نییە کە تێیدا هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی پێکەوە کۆ کرابێتەوە و هەموو زمانی کوردی لە خۆ بگرێ، کەچی بە دەیان فەرهەنگی دوولایەنەی کوردی بۆ سەر زمانە سەردەستەکانی کوردستان لەلایەن خودی کوردەوە بەرهەم هاتووە. ڕەنگە ئەمە شتێکی ئاسایی بێتە بەرچاو، بەڵام لە ژمارەی زۆری ئەو فەرهەنگانەی کە زمانە سەردەستەکان دەگێڕنەوە بۆ سەر زمانی کوردی بە ڕوونی خولیای مرۆڤی داگیرکراوی کورد بۆ ئەم زمانانە دەبینرێ. لە ئاستی جڤاکیشدا ئەم دیاردەیە زۆر بە ئاشکرا دیارە. ئەگەر تاقە یەک کەسی بیانی لەنێو کۆمەڵێ خەڵکی کورددا

دانیشتبێ و بەتایبەت ئەگەر ئەو کەسەش سەر بە نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان بێ، لەباتی ئەوەی ئەو تاقە کەسە هەوڵبدا بە زمانی ئەمان قسە بکا بەپێچەوانەوە ئەم کۆمەڵە کەسە گشتیان چاویان لە دەمی ئەوە و لەبەر خاتری ئەو تەنانەت لە ئاخافتنی نێوان خۆیانیشدا بە زمانی ئەو دەگۆڕن.

نموونەیەکی دیکەی ئەم شەیدابوونە ئەو حەشیمەتە زۆرەی ئەو هۆزان و هەڵبەستڤان و نووسەرە کوردانەیە کە وێڕای نووسین بە کوردی هێشتا بەشێک لە بەهرە و خەیاڵی خۆیان بە زمانی سەردەست دەهۆننەوە و پێیان وایە ئەگەر بەرهەمێکیان بە زمانی سەردەست هەبێ زیاتر گەورەیی و بلیمەتییان وەدەر دەکەوێ . لەپاڵ ئەمەشدا سەرسامبوونێکی بێوێنە لە بلیمەتانی کوردەوە بۆ بلیمەتانی فەرهەنگی سەردەست دەبینری. بۆ وێنە لەحاڵێکدا کە مەگەر بەدەگمەن، دەنا هیچ هەڵبەستڤانێکی کورمانجی یان کەلهوڕی تا ئێستا وەرنەگێڕدراونەتە سەر سۆرانی، کەچی چەندین وەرگێڕانی خەیام بۆ کوردی لە بەردەستدایە. ڕواڵەتی ئەم شەیدایییە بە ئاشکرا و بە ڕوونی بە سیمای ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی کوردەوە دیارە. کەمتر دیدارێکی هونەری هەیە کە تێیدا لە هونەرمەندانی کورد داوا نەکرێ کە گۆرانی فارسی و تورکی و عەرەبی بڵێنەوە. پرسیارگەلێکی وەک «حەزت لە کام گۆرانیبێژی تورکە، یان گوێ لە کام هونەرمەندی فارس دەگری؟» کە بە شێوەیەکی زەق گوزارە لە شەیدایی خاوەن پرسەکە دەکا، پرسیاری هەمیشە ئامادەی هەموو دیمانەیەکی ڕاگەیاندنە کوردییەکانن.

**هەموو نووسەرێکی کورد دەبێ لە گشت هەڤپەیڤینێکدا ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە بە مەراقە ببێتەوە کە «تۆ بە چەند زمان ئاشناییت هەیە؟» و ئەڵبەتە لە هیچکەس شاراوە نییە کە مەبەستی سەدا نەوەدی ئەم مەراقانەش زمانە سەردەستەکانی کوردستانە. ئالایە هیچ پێناسەیەک لە هیچ کەسایەتییەکی کورد نادۆزرێتەوە کە تێیدا بە ڕستەگەلێکی وەک «دوو زمانی فارسی و عەرەبی دەزانی»، یان «جگە لە کوردی تورکیشی دەزانی و تا ڕادەیەکیش لە عەرەبی تێدەگەیشت» و ... هتد پێیدا هەڵنەگوترێتەوە.**

**ئەم شەیدابوونە بە فەرهەنگە سەردەستەکانی کوردستان تەنیا بەم بوارانەکۆتایی پێ نایێ. هەر کەسێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیابێ بە باشی لە ئاستی خولیای خەڵکی کورد بۆ سەفەر بۆ شارەکانی وەک ئەسفەهان و شیراز و باککوری ئێران بەئاگایە. لە ڕۆژهەلات ڕادەی گرینگی ناوچە باکوورییەکانی ئێران بۆ ئەو کوردانەی کە حەزیان لە سەفەرە لە هیچ کەسێک شاراوە نییە. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا سالانە هەزاران کەس لە خەڵکی باشوور بۆ سەیران ڕوودەکەنە شارەکانی ئێران و تورکیا و بە ملیۆنان دۆلار لە سامانی ئابۆری نیوە و ناچڵی باشوور ئاودیوی ئەو وڵاتانە دەکەن. هەرکەسێ لە ڕێژەی سەفەری خەڵکی باشووری کوردستان بۆ شارە گەورەکانی ئێران و تورکیا ئاگادار بێ بە جوانی ئەم شەیدابوونە بە فەرهەنگی تورک و فارس هەم لە ڕەفتار و هەمیش لە زیهنییەتی ئەم خەڵکەدا دەبینێ. لە کاتێکدا ئەستێرەکانی هونەری کوردی ئەوپەڕی هەژاری دەژین، بانگهێشتکردنی گۆرانیبێژانی فارس و تورک و عەرەب**

لەلایەن بەرزترین ئاستەکانی دەسەڵاتی باشوور و هەروەها پێشوازی بێ وێنەی خەڵک لەم کۆنسێرتانە تابلۆیەکی زۆر ڕۆشنی شەیدابوونی خەڵکی باشووره بۆ ئەم فەرهەنگانە. ئەم شەیدابوونە گەلێ جار بێ شەرمانەتر و ڕاشکاوانەتر لە زاری گەورەترین سیاسییەکانی ئێمەوە وێنا دەکرێ. دەتوانین نموونەیەکی بچووکی ئەم وێنایە لە شیفتەگی بنەماڵەی تاڵەبانی بۆ دەنگی شەجەریان و یارمەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ ڕێکخستنی کونسێرتی هونەرمەندانی بەتایبەت فارس لە هەرێم بەدی بکەین...

وەک دەبینرێ مرۆڤی بندەستی کورد هەمیشە لە شەیدابوونێکی وێڵدایە کە تێیدا بەردەوام لە خوارەوە بەرەو ژوور دەڕوانێتە نەتەوەی سەردەست و هەمیشە لە ئارەزووی ئەم ژیانە سەردەستییەدا دەژی. ژیانێکی ناڕێک کە تێیدا بەو بڕوایە گەیشووە کە هەرچی ئەم هەیەتی چەوتی و ناڕێکییە و ئەوانەی نەتەوەی سەردەست هەمووی ڕێک و ڕاستە. ئەم ناڕێکییە ڕۆحییە ئەگەرچی لەوانەیە دوای ڕزگاربوونی کورد لەم بندەستییەش بۆ ماوەیەکی زۆر بە سیمای ژیانی تاک و جڤاکی کوردیدا بمێنێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا تەنیا و تەنیا بە دابڕانی تەواوەتی تاک و جڤاکی داگیرکراوی کورد لە سەردەستەکانی کۆتایی پێدێت. بەڵام تەنانەت لە دۆخی داگیربوونیشدا هەم تاکی کورد و هەم کۆمەڵگەی کوردی دەتوانێ بە ڕادەیەکی زۆر لە شەیدایی بۆ داگیرکەران ڕزگاری بێ. بەو مەرجەی کە یەکەم، لەوە تێبگا کە نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان ئەگەر ژیانێکی بەرزیشیان هەبێ، بێگومان بەشێکی

زۆریان له ئەنجامی تالانکردنی سامانی کوردستان بەدەست هێناوه. دووەم، وەک له بەشی پێشوودا ئاماژەی پێکرا بە ناسینەوەی خۆی لەباری دەروونییەوە واتایەکی ئەرێنی نوێ له کوردبوون بۆ خۆی پێناسه بکا. به واتایەکی بەردەستتر کورد بۆ ڕزگاری لەم شەیدابوونه دەبێ بگاته ئەوەی که بۆ وێنه بەشێکی زۆری ئەو حەیرانییەی که ڕواڵەتی بریقەداری ئەستەمبۆڵ و ئەسفەهان له چاوی ئەودا دروستیان کردووه له ئەنجامی تالانکردنی دەوڵەمەندی و سامانی کوردستان پێکهاتووه، بەشێکی زۆری ئەو جێگه گەورەیەی که سەعدی و شاملوو له مێشکی ئەودا داگیریان کردووه له ئاکامی شاردنەوەی به نارەوای مەولەوی و پەشێوە لەلای ئەودا و ... هتد. کورت و کورمانجی مرۆڤی کورد ئەگەر بگەڕێتەوه بۆ خۆی، له هەر بوارێکدا ئەگەر زیاتر له نەتەوەکانی داگیرکەر نەبێ بێگومان لەوان کەمتری نییه و له هەر زەمینەیەکدا بایی ئەوه سامانی هەیه که بتوانێ خۆی پێدا هەڵکێشێ و شانازی پێ بکا و له کۆتاییدا تاکوو کورد به خۆی شەیدا نەبێ، له خۆی حەز نەکا و ڕێز له خۆی نەگرێ ناتوانێ له دۆخی داگیربوون ڕزگاری بێ.

## داگیرکەری باش، داگیرکەری خراپ

«سەیر بوو، ئەو ڕۆژەم قەت قەت لەبیرناچێ ـ لە تاقە ڕاستەشەقامی ئەم لەشە ساردوسڕەدا ـ چاوی زەقم بڕیبووە پاسدارێکی ڕیش نوورانی ـ بەسەر منی هەڵبجەوە ئەگریا و ـ کەچی خێرا خێرایش دەستی ئەکرد بە گیرفانیدا و ـ لە دەنکە مێوژی گلێنەکانی سنە و سابلاخی ئەخوارد»[15]. شێرکۆ بێکەس لەم چەند دێڕەدا باس لە پەتایەک دەکا کە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو و هەتا ئێستاکەش کورد لەبەر نەخوێندنەوەیەکی ڕاست بۆ داگیربوون و داگیرکاری و داگیرکەران پێیەوە گیرۆدەیە. ئەم ناڕێکییە کە کورد بەردەوام تێیدا ژیاوە و دەژی بریتییە لە هەبوونی هاوکاتی چەندین تێڕوانین بۆ داگیرکەران و بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی داگیرکەران بە باش و خراپ لەگەڵ یەکدیدا. هەم تاک و هەم جڤاکی کوردی لەبەر ئەوەی لەگەڵ یەک دژمن و یەک داگیرکەردا سەروکاری نەبووە و نییە، بە شێوەیەکی ئاسایی و بەپێی بەرکەوتنی لەگەڵ هەرکامەیان، لەم داگیرکەرانە دەڕوانێ و هەڵیاندەسەنگێنێ. با بە چەند میناک ناڕێکییەکە شی بکەینەوە. ڕەنگە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی لە دوورەوە بە پاساوی ئەمەی کە چۆنکە کورد لە تورکیا دەتوانێ بۆ خۆی پارتی هەبێ و لە ڕێگەی پارتەوە بچێتە پارلەمان و شارەدارییەکان کونترۆڵ بکا و لەملاشەوە لە ئێران کورد لە پارت و ڕێکخراوەی سیاسی بێبەشە و ڕێگری لێدەکرێ،

---

[15] دیوانی دەربەندی پەپوولە، شێرکۆ بێکەس

**کەواتە تورکیا لە ئێران باشترە. زۆر کەس لە باشوور نازانن کە ئێران بەر لە عێراق فەرمانی جیهادی بەسەر کورددا سەپاند، بەلام بەهۆی ئەوەی کوردی ڕۆژهەلات زوو شکستی خوارد، ئەنجامی ئەم جیهادە نەگەیشتە کۆمەلکوژی گەورەی وەکوو ئەنفال و هەلەبجە. ڕەنگە کوردێکی باشوور بێئاگا لەم پێشخوانە پێی وابێ کە دەولەتی ئێرانی چۆن کۆمەلکوژی وەها گەورەی لە کوردستان نەکردووە کەواتە لە دەولەتی عێراق باشترە. ڕەنگە کوردێکی ڕۆژهەلاتی بلێ ئێران گەرچی بە یاسا قەدەخەی نەکردووە، بەلام بە شێوەی نافەرمی دەبێ کوردی ڕۆژهەلات ئەو ناوانە هەلبژێرن کە لە کتێبی ناوەکانی دەولەتدا ڕێگە پێدراون، لە هەمان کاتدا کەسێکی ڕۆژاوایی گلەیی ئەوە بکا کە دەولەتی سووریا خراپترە و تەنانەت کوردەکان لە ناسنامەی ولاتیبوونیش بێبەش دەکا، لە هەمان کاتدا کوردێکی باکووری پێی وابێ کە تورکیا لەوان خراپترە، چۆنکە ناوی کوردی تەنانەت بە یاسا و بە ئاشکرا قەدەخە کراوە.**

**وەک دەبینری هەر کەسەو بەپێی ڕادە و جۆری ئەو ستەمەی کە دەیبینێ، ئەو مەودایەی نێوان خۆی و هەرکام لە داگیرکەران هەیەتی، ئاستی هەست پێکردن بە ستەمەکانی داگیرکاری و بەگشتی چوونێتی ئەزموونی ژیانی داگیربوون، لە داگیرکەران دەڕوانێ و لە سەریان داوەری دەکا. ئەم دۆخە تەنیا تایبەت بە تاکی داگیرکراوی کورد نییە، بەلکوو کورد هەم لە ئاستی گشتی جڤاک و هەمیش لە ئاستی پارچەکاندا ئەمجۆرە نارێکییە دەژی. بۆ وێنە زۆرجار ڕوویداوە کە دەولەتێک بۆ بەشێکی کورد داگیرکەر بووە و**

لە هەمان کاتدا لە چاوی بەشەکەی دی خۆی وەک دالْدە و پشتیوان نواندووە. ئەم تێگەیشتنە لە داگیربوون و ئەمجۆرە تێڕوانیینە بۆ داگیرکەران هەتا ئەمڕۆ هۆکارێکی گرینگ بووە کە بە هۆیەوە کورد پێناسەیەکی دروستی بۆ پرسی داگیربوونی کوردستان نەبێ. لە ئاکامدا کورد هەمیشە داگیربوونی وەک پرسێکی گشتگیری نەتەوەیی و کۆی دەوڵەتانی سەردەستی وڵاتەکەی وەک سیستەمێکی یەکپارچەی داگیرکاری نەبینیوە و بە پێچەوانەوە هەر بەشە و هەستی بە داگیربوونی خۆی کردووە، هەر پارچە و بە شوێن مافەکانی خۆیدا گەڕاوە. دەتوانین نموونەی زەقی ئەم تێڕوانین و تێگەیشتنە لە قوربانیکردنی بەرژەوەندی پارچەکانی دیکە لەلایەن باشوورەوە بە ئاشکرا ببینین.

پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە کورد بەگشتی هەمیشە لەنێو بەرداشی داگیربووندا دۆخی دەستی شێر و چنگی پڵنگدا ژیاوە. ئەم دۆخە ناڕێکە لە دید و بۆچوونی تاکەکان، پارت و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان و تەنانەت پارچەکانی کوردستانیش لەسەر دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەست باندۆرێکی دووئالی و دژوازی هەبووە. وەک میناک، ئەو وێنا ئەرێنییەی کە خەڵکی باشوور لە ئاکامی پەناهێنانی بەساڵان و کۆڕەوەکانیان بەرەو ئێران، سەبارەت بەم وڵاتە لەلایان دروست بووە هەتا ئێستاش بە ئاشکرا و بە ڕوونی دەبینرێ. ئەمە لەحاڵێکدایە کە هاوتای ئەم هەستە سەبارەت بە دەوڵەتی عێراق لەلای ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە ماوەیەک لە عێراقدا ژیاون بە ئاشکرا بەدی دەکرێ. دەتوانین ئەم ئەزموونە لە تێڕوانین سەبارەت بە

داگیرکەران لە ئاستی تاکەکەسیشدا ببینین. کەسێکی ڕۆژهەڵاتی کە لە ڕێگەی تورکیاوە بەرەو ئەوروپا لە داگیربوون هەڵدێ، بێگومان لەم وڵاتە وەکوو دەریچەیەکی ڕزگارکەر، بە ئەرێنی لە خەیاڵیدا دەمێنێتەوە، لەحاڵێکدا بۆ کوردێکی باکووری تورکیا جگە لە داگیرکەر و هیچی دیکە نییە. لە ئاستی پارت و سیاسییەکانی کوردستانیشدا هەر وایە. بۆچوون و بیرەوەری سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە تاران و بەغدا ڕێک بە پێچەوانەی تێڕوانین و یادەوەرییەکانی سیاسییەکانی باشوورە بۆ ئەم دوو پێتەختەی داگیرکەران...

ئەم ناڕێکییە لە تێڕوانین سەبارەت بە داگیرکەران و نەبوونی تێگەیشتنێکی یەکپارچە سەبارەت بە پرسی داگیربوون و سیستەمی داگیرکەر، هەمیشە ژێدەری ناڕێکییەکی گەورەتری دیکەش بووە کە ئەویش بریتییە لە جیاوازی و تەنانەت زۆرجار دژوازی کاردانەوەکانی کورد لە هەمبەر پرسی داگیربوون. بەم هۆیەوە کورد هیچکات هەڵسوکەوتێکی تایبەت و دیاریکراوی سەبارەت بە داگیرکەران نەبووە و بەڵکوو هەمیشە ڕەفتاری کورد بریتی بووە لە کۆمەڵێ هەڵوێستی پەرتەوازە و تەنانەت دژواز و دژبەیەک. دەبینین لە کارەساتی وەک هەڵەبجەدا هەموو هێزەکانی باشوور کە لە تێگەیشتنێکی کاڵفامانەدا ئێران وەک هانا و هاوکاری خۆیان دەبینن، هەموو کردەوە داگیرکارییەکانی دەشارنەوە، لە بەرانبەردا بەشێک لە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە بەغدا هەوڵدەدەن تاوانی لایەنی عێراقی کەمڕەنگتر بکەنەوە. یان لە

نموونەیەکی دیکەدا، زۆربەی هێزە کوردییەکانی دەرەوەی باشوور هێشتا داگیرکەرانی پارچەکانی خۆیان هێندە بە خراپ دەزانن کە ئامادە نین بە تەواوی دەست لە چەک هەڵگرن، کەچی هێزەکانی باشوور کە زۆربەی دەسکەوتەکانیان لە شەڕی چەکداریدا بەدەست هێناوە، بەم پاساوە هەڵەیە کە گوایە دەوڵەتانی ئێران و تورکیا هێندەی دەوڵەتی بەعسی عێراقی دڕندە نین و دەکرێ لە ڕێگەی کاری سیاسییەوە داوای مافی کورد بکرێ، شەڕی چەکداری لە بەرانبەر ئەوان بە ڕەوا نازانن و دژی دەوەستنەوە. یان لە نموونەیەکی دیکەدا کە لەوانەیە لە ئاستی تاکەکەسی یان جڤاکیشدا بێتە ئاراوە، ڕەنگە بە هەمان ڕادە کە هەندێ لە کوردان بە برەودانی ئیخوانیزمی سوننە لەلایەن تورکیاوە خۆشحاڵ دەبن، هەندێکی دیکە لە کوردان پشتیوانیکردنی ئێران لە شیعەگەرییان پێ خۆش بێ، لەحاڵێکدا هەردوو ڕەوتەکەی داگیرکەران دژی کوردن و هەردوو هەڵوێستەکەی کوردیش هەڵوێستی ناوخۆیی شاش و هەڵەی دژبەیەکن...

بە هەر حاڵ لەپاڵ ئەوەی کە کورد بەهۆی نزیکایەتی و ئەزموونی جیاوازییەوە بە شێوازی جیاواز لە داگیرکەران دەڕوانێ، داگیرکەرانیش بەپێی پارچەکانی کوردستان ڕەفتاری بە ڕواڵەت جیاواز دەنوێنن. لە ئەنجامێکی ناڕێکدا هەمیشە هەم داگیربوون بە وێنای جیاواز دەرکەوتووە، هەم ژانی ستەمی داگیرکاری بە ڕادەی جیاواز هەست پێکراوە و هەمیش خودی داگیرکەر لە کەسایەتی جیاوازدا دەرکەوتوون. لە ئاکامدا کورد بەردەوام بە تێڕوانینی

**جیاواز، چارە و داخوازی جیاواز و ڕێباز و نەخشەڕێی جیاواز بەشوێن وەڵامدانەوەی داگیربووندا وێڵ بووە. تاکوو کورد پرسی داگیربوون وەک پرسێکی گشتگیری یەکپارچە نەبینێ و وەک چۆن پەندی پێشینان دەڵێ «قەرسەقول بیکەن بە دوو لەت، تف لە هەردوو سەری»، هەموو داگیرکەران لە یەک ئاستدا بە داگیرکەر نەزانێ داگیرکەران بە باش و خراپ پۆلین بکا، ناتوانێ پرسی داگیربوون تەنانەت بۆ خۆشی یەکلایی بکاتەوە، چی بگاتە ئەوەی ڕێگەچارەیەکی کۆتایی و مسۆگەر بۆ ئەم پرسە بدۆزێتەوە.**

## ناسیۆنالیزمی سەرەتایی

«کاتێک لەگەڵ ئەو کیژە عەرەبانەدا دەخەوتن پێیان وابوو تۆڵەی ئازارەکانی خۆیان دەکەنەوە، بەتایبەت دەهاتن بۆ ئەوەی شکانی شەرەف و نوشوستی خۆیان بەو جۆرە هەستێننەوە. پێیان وابوو خەوتن لەگەڵ عەرەبێکدا بەسە تۆڵەی نوشوستی و کاولکارییەکانی نیشتمانیان بۆ دەکاتەوە»[١٦]. ئەم گرتەیە یەکێکە لە بەسەرهاتە بێشمارەکانی ڕۆمانی «شاری مۆسیقارە سپییەکان» کە باسی ئەو پۆلە سەربازە کوردانە دەکات کە ڕێیان دەکەوێتە ئەو شارەوە. لێرەدا بەختیار عەلی لەڕاستیدا زیاتر لە گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی ئاسایی، یەکێ خەسڵەتە هەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤی داگیرکراوی کورد وێنا دەکا کە ئەویش بریتییە لە ناڕێکییەکی مەزن بەناوی «ناسیۆنالیزمی سەرەتایی».

ناسیۆنالیزمی سەرەتایی بریتییە لە گرێدراوییەکی کاڵ و ناتەواو و ناچڵ بە بنەما ڕەسەن و گرینگ و گشتگیرەکانی نەتەوە. بە مانایەکی دیکە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی واتە بەستنەوەی نەتەوە بە برێ تایبەتمەندی نەزۆلاڵ، پێناسەکردنی بە هەندێ هێمای ڕواڵەتی، پەیوەستکردنی بە هەندێ خەسڵەتی سەرەتایی، وێناکردنی لە هەندێ هەڵسوکەوتی سووک، بچووککردنەوە و بەسنوورکردنی تێگین و چەمکەکانی نەتەوە لە پانتاییەکی تەسکتری جۆگرافی، دیرۆکی و دیمۆگرافی و فەرهەنگیدا و کورتکردنەوەی نەتەوەپارێزی

---

١٦بەسەرهاتێک لە زاری عەلی شەرمفیارەوە، لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان دا

له بەرجەستەکردنی ئەم خەسڵەتانە و پاراستنی هەندێ داب و نەریتی سەرەتایی. بە کورتی دەتوانین بێژین کە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی بە جۆرێ لە جۆرەکان بریتییە لە چەواشەکردن، بەلاڕێدا بردن، کورتکردن و بچووککردەنەوەی هەستی نەتەویبوون و بەکارهێنان و خەرجکردنی هێماکانی نەتەوە لەپێناو بەرژەوەندی کەسیدا. دۆخی داگیربوونی کوردستان نەتەنیا هیچ وەختێ ڕێگەی نەداوە نەتەویبوونی کورد بە ڕەوتی ئاسایی خۆیدا بڕوا و گەشە بستێنێ، بەڵکوو هەمیشە بە شێوازێک ئاراستە کراوە تا چەمکی نەتەویبوون لەلای مرۆڤی بندەستی کورد بە ناتەواو و ناچڵ پێناسە بکرێ. ئەمڕۆ دەتوانین ئەم ناسیۆنالیزمە سەرەتاییە بە تۆخی لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەی داگیرکراوی کوردیدا بە ئاشکرا ببینین. نموونەکانی خوارەوە بە جوانی دەتوانن ئەم نەتەویبوونە کاڵ و ناچڵە وێنا بکەن.

ئەگەر هەندێ بە دەروونناسی جڤاکی خۆماندا ڕۆبچینەوە بە ئاشکرا دەبینین کە ئێمە گەلێکین کە دیمەنی هێرشی هێزێکی داگیرکەر لەسەر گەنجێکی کورد ئازارمان دەدا، بەڵام بۆ ڕەوینەوەی ئازارەکەمان کاناڵەکە دەگۆڕین و دەیخەینە سەر زنجیرەفیلمێکی هەمان داگیرکەر. زنجیرەیەک ناشیاوترین سیما لە ژیانی جڤاکی کوردی نیشاندەدا و ئێمە نەتەنیا پێی تووڕە نابین، بە پێچەوانەوە بە دیارییەوە دادەنیشین تەنیا بەهۆی ئەوەی کە بازیگەری سەرەکی زنجیرەکە ناوی بێریڤانە. درامایەک داب و نەریتی کوردەواری بە ناشیرینترین شێواز چەواشە دەکاتەوە و کەچی ئێمە نەتەنیا هەستی

پێناکەین، بەڵکوو بۆ بەیانی بە شانازی و باییبوونەوە باس لە دەرکەوتنی دەنگی حەسەن زیرەک لەو درامایەدا دەکەین. ئەگەر پارلەمانتارێکی کوردی دەستەمۆی داگیرکەر جارێک بە بەرگی کوردییەوە بچێتە هۆڵی پارلەمان، لەلای خەڵکی ئێمە زۆر بەڕێزتر و گەورەتر دەبێ لە نووسەرێکی کورد کە پانتۆڵ لەبەر دەکا. جاشێکی فەرهەنگی کە لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنێکی سەردەستدا چەند ڕستەی شەلوبرِی کوردی کاوێژ دەکاتەوە زۆر گرینگتر و بەرچاوتر لە نووسەری فەرهەنگێکی چەندین هەزار واژەیی دەنگ دەداتەوە. گەلێ جاران زۆرێکمان لە پێناسە و داناسینی فەرهەنگی کوردی بۆ کەسێکی بیانی، لە جیاتی نووسەرێکی خاوەن چەندین کتێبی زەنگین و بەنرخ، بالۆرەبێژێکی سەرشەقامی وەک هێمای نەتەوەیی خۆمان پێشکەش دەکەین. لەکن زۆرێکمان شاڵ و جامانەی سەرکردەیەکی نەخوێندەوار زۆر پیرۆزترە لە هەزاران لاپەڕە نووسینی هزری کە سەرکردەیەکی دیکە لەپێناو دۆزی کوردستاندا بەرهەمی هێناون. ئەم ناڕێکییانە تەنانەت لە ئاستی تاکەکەسیشدا بە ئاشکرا لێمان سەردەدەن. بۆ وێنە من لە ژیانی ڕۆژانەمدا کەسانێکم بینیوە کە بۆ وێنە لەباتی هێنانەوەی بەرهەمێکی ناوازە یان نووسەرێکی گەورە بۆ سەلماندنی دەوڵەمەندی زمانی کوردی، بە گوزارەی تووڕە و لاوازی وەک «ڕامکە بە تورکی دەبێتە چی؟»، یان «زمانی فارسی بۆ هەموو وشەگەلی قاسپە، گارە، جیرە، قیرە و قیژە و ... هتد، هەر دەڵێ سەدا» هاتوونەتە گۆ. زۆر کەسی کوردم دیوە کە بە بیستنی ڕستەی وەکوو «کورد مەرد و مێواندۆستە» زۆر زیاتر

شاگەشکە بووە تا ئەو وەختەی کە باسی ئاسەواری شارستانییەتێکی دە هەزار ساڵەی کوردستانیان بۆ کردووە. یان بیستوومە کەسانێ زۆر بە ئاسانی گەنجینەی شوێنەواری هەزاران ساڵەیان دەرهێناوە و تالانفرۆشیان کردووە، بەڵام لەسەر ئەوەی کابرای تالانچی بۆ وێنە گوتوویە کورد لە مامەڵە کەلەڕەقن بە تووڕەییەوە بەرۆکی گرتووە.
ئەگەر بە شوێن میناکی لە شێوەی نموونەکانی سەرەوە بگەڕێین، بێگومان زۆر نموونەی دیکەشمان دەست دەکەوێ کە بە ئاشکرا نیشاندەدەن کە پەیوەندی زۆرینەی ڕەهای مرۆڤی داگیرکراوی کورد لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی نەتەوە وەکوو خاک، دێرۆک، زمان، فەرهەنگ، بەرژەوەندی گشتی و ... هتد، پەیوەندییەکی ساویلکە و ناتەواوە و لە ئاکامدا نەتەویبوونی زۆرینەی ڕەهای خەڵک ناسیۆمالیزمێکی سەرەتاییە. بە واتایەکی دەقیقتر، ڕەگەزەکانی نەتەویبوونی لە ناخی مرۆڤی کورددا هێندە کاڵن کە ئەوپەڕێ دەتوانن ناسیۆنالیزمی کوردی لە بازنەیەکی تەسک و بچووکدا پێناسە بکەن. یەکێ لەو چەمکانەی کە ڕاوەستەکردن لە سەری دەتوانی تا ڕادەیەکی بەرچاو بمانگەیێنێتە ناخ و کرۆکی ناسیۆنالیزمی سەرەتایی بریتییە لە دەستەواژەی «کوردایەتی». تاک، کۆمەڵە و جڤاکی کوردی لە نەبوونی تێگەیشتنێکی گشتگیری تۆکمە و یەکسان لە چەمکی نەتەوە و ناسیۆنالیزم، لە کەسایەتی دەستەواژەی «کوردایەتی» و لەژێر ناوی ئەم دروشمەدا هەزاران ڕێباز لە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی سەرانهەڵداوە. هەتا ئێستاش بەکارهێنانی «کوردایەتی» هەم وەکوو چەمک، هەم وەکوو

**تێگەیشتن و هەمیش وەک دروشم لەلایەن کەس و ڕێخستنی جیاوازی کوردەوە لە جۆر، شێواز، شوێن و وەختی جیاوازدا ئاوێنەیەکی بالآنمایە کە هەموو نموونەیەکی جۆراوجۆری ناسیۆنالیزمی سەرەتایی و دواکەوتوی کوردی تێدا دەبینرێ.**

**کوردایەتی هەتا ئێستاش دەمامکێکە بۆ حیزباتیکردن، زۆرێ لە خیانەتەکانی کاروانی دژەداگیربوونی کوردستان بە ناوی کوردایەتی ئەنجام دراون، زۆرینەی شەڕە براکوژییەکانی کورد لەپێناو کوردایەتیدا هاتوونەتە ئاراوە، گەلێ سەردانەواندن و خۆفرۆشتن لەژێر ناوی کوردایەتیدا پێکهاتوون، تەنانەت نسکۆ و شکستەکانیش هەندێ جار بە پۆششی کوردایەتییەوە کراون، هاوکاری داگیرکەران دژی پارچەکانی دیکە، قوربانیکردنی تێکۆشەران، ڕاکێشکردن و چاوساغی بۆ داگیرکەران، چەواشەکردن و بەلاڕێدا بردنی کاروانی دژەداگیربوون، بە فیڕۆدانی سامانی خوەزایی کوردستان و ... هتد، لەژێر ناوی کوردایەتیدا بە ڕوونی دەریدەخات کە تەرازووی ناسیۆنالیزمی کوردی چقاس بەلای ناسیۆنالیزمی سەرەتاییدا خوار و لاسەنگە. ناسیۆنالیزمی سەرەتایی وەک ناڕێکییەکی هەم تاکەکەسی و هەمیش کۆمەڵایەتی لەڕاستیدا نەتەنیا بەردەوام سووککردنەوەی کوردە وەک نەتەوە، بەڵکوو لەمپەرێکی گەورەشە لە بەردەم دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ڕاستەقینەی پرسی داگیربوونی کوردستان. لەم ڕوویەوە تاکوو کورد تێگینی ناسیۆنالیزم ڕاست نەکاتەوە و چەمکەکانی بە دروستی وەرنەگرێ، بێگومان نەتەنیا لە ناڕێکی داگیربوون بە تەواوی تێناگا، بەڵکوو ناتوانێ چارەیەکی شیاویش بۆ**

**ئەم دۆزی داگیربوونە بدۆزێتەوە. بەکورتی ناسیۆنالیزمی کوردی هەرچی بەلایەنی ناسیۆنالیزمی ڕاستەقینەدا هەڵکشێتەوە دەتوانێ پاشەکشە بە داگیربوون بکا و هەرچی بەلای ناسیۆنالیزمی سەرەتاییدا لاسەنگ بێتەوە ڕێگە بە سواربوونی زیاتری داگیرکاری دەدا. هەر بۆیە کورد بۆ ئەوەی خەباتی دژەداگیربوونی بخاتە سەر ڕێبازێکی ڕاست، پێویستە دوبارە بەو تێگەیشتنەدا بچێتەوە کە تا ئێستا لە نەتەوە و ناسیۆنالیزم هەیبووە و دوبارە پێناسەیەکی ڕاسکانی بۆ نەتەویبوون بنیان بنێتەوە.**

## بەها بێنرخەکان و بەهاکانی بێنرخی(و پێناسەی سیاسیبوون)

وەک دەزانرێ لە هەر جڤاکێکدا دەوڵەت هەرچۆن تا ڕادەیەکی زۆر زادەی بەهاکانی کۆمەڵگەیە، بە هەمان شێوەش وەک بوونەوەرێکی جڤاکی بەهێز و بەدەسەڵات و بەباندۆر هەمیشە دەیەوێ بەسەر ئاراستەی بەهاکانی کۆمەڵگەوە کاریگەری خۆی هەبێ. بە واتایەکی دیکە ئەگەر فەرهەنگ بە کۆی هەموو بەهاکانی جڤاک بزانین، دەوڵەت هەم زادەی فەرهەنگی جڤاکە و هەمیش دەتوانێ لەسەر ئاراستەی فەرهەنگی جڤاک باندۆر بکا. هەرچەند ئەندازە و ڕێژەی ئەم باندۆرە بەپێی جۆر و تایبەتمەندی دەوڵەتەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا جیاوازە، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هەرچی دەوڵەت و فەرهەنگێک زیاتر گرێدراوی یەکتری بن، هەم ئەو دەوڵەتە

زیاتر دەبێتە دەوڵەتێکی فەرهەنگی(بە مانای ئەوەی کە بە گوێرە و هەڵقولاوی بەهاکانی فەرهەنگی جڤاک دەبێ) و هەمیش فەرهەنگی کۆمەڵگە زیاتر بەرەو فەرهەنگێکی دەوڵەتی(بە واتای ئەوەی فەرهەنگێ کە دەوڵەت بەهاکانی دیاری دەکا) هەنگاو دەنێ.

ئێنجا دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان نەتەنیا بە تۆخی زادە و هەڵقولاوی بەهاکانی نەتەوەکانی سەردەستن، بەڵکوو تا ئاستی فاشییەت گرێدراوی ئەم بەهایانەن و خۆیان بە نوێنەر، گەشەپێدەر و پارێزەری فەرهەنگی ئەم نەتەوانە دەزانن. بە مانایەکی دی هەموو فەرهەنگەکانی سەردەستی کوردستان فەرهەنگی دەوڵەتین و دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەستیش هەموویان دەوڵەتی

فەرهەنگین. لەم ڕوویەوە دەتوانین بڵێین کە داگیربوونی کوردستان لەڕاستیدا بەستەری شەڕێکی هاوکاتی کیانی کوردییە لەگەڵ دەوڵەتە فەرهەنگییەکان و فەرهەنگە دەوڵەتییەکانی سەردەستی کوردستاندا. یەکێ لە ڕێبازە هەرە سەرەکییەکانی دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان بۆ سەپاندنی زیاتری داگیرکاری هەمیشە بەم شێوازە بووە کە سەرەڕای ئەوەی کە بەهاکانی نەتەوەی سەردەستیان بۆ نێو جڤاکی کوردیدا شۆڕ کردووەتەوە، هەوڵیشیان داوە کە هەموو نرخ و بەهاکانی دەوڵەتیش بەسەر ئەم جڤاکەدا بسەپێنن.

بێگومان ئەم بەها و نرخانە وەک هەموو دیاردەیەکی دیکەی لێکەوتەی داگیربوون سەرچاوەی دوئالیتەیەکی نارێکی دیکەن لەنێو جڤاکی کوردیدا. ئەم دوئالیتەیە بریتییە لە دابەشبوونی کۆمەڵگە بەسەر دوو بەرەدا. بەرەیەکیان بێئاگا لە داگیربوونی خۆی بەهاکانی دەوڵەت بە پیرۆز دەزانێ و بە هەند وەریاندەگرێ و ملیان پێدەدا. بەرەی دووەمیش ئەو بەشەی جڤاکە کە بە داگیربوونی خۆی ئاگایە و دەوڵەت وەک داگیرکەری خۆی دەزانێ و بە دروستی بەهاکانی دەوڵەت وەک دژەبەها چاو لێدەکا و بەرتەکیان دەداتەوە. ئەم بەرتەکدانەوەیە بە گوێرەی ڕادەی هەستکردن بە داگیربوون و ئەندازەی بەجێهێنانی ئەرکی دژەداگیربوون دەتوانێ لەلایەن تاک و جڤاکی کوردییەوە هەر ئاستێکدا بێتە ئاراوە. بەڵام لە دڕاندنی پەڕۆیەکی بچووکی هێمایەکی دەسەڵاتی سەردەستەوە بگرە هەتا چەک هەڵگرتن دژ بەو دەسەڵاتە، لە هەر ئاستێکیشدا بێتە ئاراوە

لەچاو سیستەمی داگیرکەر تاوانێکی گەورەیە بەناوی سیاسیبوون. بەواتایەکی دی سیاسیبوون بریتییە لەو مۆرکەی کە دەوڵەت نەتەوەکانی سەردەست بۆ پێناسەی هەر شێوازێکی بەرهەڵستکاری لەهەمبەر بەها بێنرخەکانی ئەوان بەکاری دێنن. دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان بە کردەوە نیشانیان داوە بە ئاسانی ئامادەن لە قرێژترین تاوانە کۆمەڵایەتییەکان ببوورن و تەنانەت لەنێو جڤاکی کوردیدا پەرەیانیش پێبدەن، بەڵام قەت ئامادە نین لە تاوانی سیاسیبوون خۆش بن. حەلیم یووسف لە ڕۆمانێکیدا ئەم ڕوانگە و هەڵسوکەوتەی دەوڵەت لە ڕەفتاری کاربەدەستانی دەوڵەت لەگەڵ چەند بەندکراوێکدا بەمجۆرە وێنا دەکا:

«ڕووی قامکی کردە لای ڕاست و شەش کەس چوونە لای ڕاست. پیاوانی چونیەک بەم شێوەیە بەوانیان ڕادەبوارد: دزیش هەموو بۆ لای ڕاست، ئالوودەی حەشیش و کۆکایین و مادەی هۆشبەریش لەلای چەپی ئەوان بەڕیز بن، تەنیا کەسانی سیاسی و گەوادانی دوارۆژ لێرەدا بمێننەوە»[١٧]. ئەم هەڵسوکەوتە و ئەم دیالۆگە کورتە کە گرتەیەکی بچووکە لەنێوان چەند کەسێکی گیراو و بەرپرسێکی ئەمنی دەوڵەتدا، بەڵام لەڕاستیدا دەتوانێ دیمەنێک لە ژیانی هەرکام لە ئێمەی کورد بێ کە هەست بە داگیربوونی خۆمان دەکەین و لەچاو دەسەڵات گەوادین. بە واتایەکی دی، مەبەستی بەرپرسی ئەمنی وەک هێمای دەسەڵاتی سەردەست لە سیاسی ئەو

---

١٧ ڕۆمانی دڕندەکەی دەرروونم، حەلیم یووسف

کەسە کوردانەیە کە ژیانیان بەپێی بەهاکانی دەسەڵاتی داگیرکەر نییە و سیاسیبوون لە کوردستانی داگیرکراودا بریتییە لە هەرجۆرە لادانێ لە دەستەمۆیی داگیرکەر و هەرچەشنە کاردانەوەیەک لەهەمبەرە داگیربوون و بەکورتی بێرێزی بە نرخە بێرێزەکانی دەسەلات. بە هەمان شێوەش ئەوانەی کە هەست بە داگیربوون ناکەن و بەها و نرخەکانی دەوڵەت وەکوو بەها و نرخی ژیانی خۆیان قبووڵ دەکەن لەڕاستیدا تا ئەوپەڕی دیلبوون بەهای بێنرخکردنی خۆیان دەدەن.

کە وابوو، هەرکەسێکی کورد کە هەست بە بندەستی دەکا، لە سەریەتی کە نەتەنیا لە هەموو بەها و نرخەکانی سەردەست بە گومانەوە بڕوانێ، بەڵکوو بە بێبەها و بێنرخیش سەیریان بکا و بە هەند وەرگرتنی هەموو بەهایەکی بێنرخی دەسەلات(ئەو ڕێباز و چەمکانەی لەلای دەسەلات وەک بەها پێشکەش دەکرێن) لەپێناو بێنرخکردن و بێبەهاکردنی زیاتری مرۆڤی کورددا ببینێ و بەکورتی ببێتە سیاسی.

## ماڵی وێران و ویژدانی بیمار[18]

بە گریمانە وا بگرن کە هەر ئەمڕۆ کوردستان لە داگیربوون ڕزگاری دەبێ و چارەنووس و بەڕێوەبەری کورد دەکەوێتە دەست خۆی. گەلۆ نارێکییەکانی داگیربوون بە تەواوەتی کورد بەردەدەن، چقاس کورد لە لێکەوتەکانی سالآنی درێژی داگیربوون ڕزگاری دەبێ، نارێکییەکانی داگیربوون تا کەی لە گەڵیدا دەمێننەوە؟... و هتد.

زۆر کەس پێیان وایە کە ساتەوەختی ڕزگاربوونی کورد لە داگیربوون یەکسانە بە ڕزگاربوونی لە گیرۆدەبوون. بەلآم ئەوەی ڕاستی بێ کورد هێندە بە نارێکییەکانی داگیرکەران گیرۆدە کراوە، هێندە بەرەو نارێکی شێوێنراوە و هێندە نارێکی دەرخوارد کراوە کە تەنانەت دوای ڕزگاربوونیش بە سالآن نارێکییەکانی داگیربوون لێی جیا نابنەوە و تا سالآنێکی زۆر لەگەڵیدا دەمێننەوە و دەژین. داگیرکاری کە لە کوردستان جگە لە ماڵێکی وێران هیچێکی نەهێشتووەتەوە، مرۆڤی داگیرکراوی کوردی بە شێوازێ پەروەردە کردووە کە نەتەنیا ژیانی ئاسایی لەبیر چووەتەوە، بەڵکوو جگە لە نارێکی هیچی دیکەش فێر نەبووە. نەتەوەکانی سەردەستی کوردستان هەموویان مێژوویەکی سەدان ساڵە لە نارێکی ژیاون و داگیرکاری و پاوانخوازی ئەوان جگە لە نارێکی بۆ بندەستەکان هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبووە. لەم بەینەدا کورد وەک گەلێکی

---

١٨لە ناوی کتێبێکی فاروق ڕەفیق بەناوی ماڵێکی لێکترازاو و ویژدانێکی بیمار وەرگیراوە

**بندەستی هەرسێ نەتەوەکە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەیەکی زۆر لە نارێکی گۆش کراوە و تا ڕادەیەکی زۆر لە سروشتی خوەزایی خۆی لادراوە. بێگومان ئەم ڕێژەیە کە لە ماوەی زیاتر لە سەدەیەک لەسەر ڕۆح و ویژدان و مێشکی کوردیدا کەڵەکە کراوە هێندە گەورەیە کە تەنیا بە کۆتاییهاتنی داگیربوون کۆتایی پێ نایێ و ڕەنگە بۆ ساڵانێکی زۆری دوای ڕزگاربوونیش لە دیاردەی گیرۆدەبووندا درێژە بکێشێ و بەردەوام بێ.**

**دەتوانین لەم زەمینەیەدا نموونەی باشووری کوردستان وەک نموونەیەکی بەرجەستە و بەردەست بە میناک بێنینەوە. دوای ڕزگابوونی بەشێکی باشووری کوردستان لە سیستەمی داگیرکەری عێراق زۆرینەیەکی ڕەها پێیان وابوو کە هەموو نەهامەتییەکانی داگیربوون بە تەواوی لە سیمای باشوور دەڕەوێنەوە. ئەڵبەتە سەرەڕای دەرکەوتنی بەشێکی بەرچاو لە خەسڵەتەکانی وڵاتێکی ڕزگار و گەلێکی ئازاد، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە لەڕاستیدا باشوورماڵێکی وێرانە کە لەسەر ئۆباڵێکی بیمار کەوتووە. بە ئاسانی دەتوانین بەشێکی زۆری ئەو نارێکییانەی کە لە داگیرکەراندا بوونی هەیە لە هەڵسوکەوتی بەڕێوەبەرانی باشووردا ببینین و تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانین بڵێین کە تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی باشوور بۆ فەرمانڕەوایی و بۆ خەڵکیش لەڕاستیدا جۆرێکە لە لاساییکردنەوەی هەمان دەسەڵاتدارانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان. ئەڵبەتە جگە لەمەش تێگەیشتن و دانووستاندنی خەڵک لەگەڵ دەسەڵاتدا**

هەمان تێگەیشتنی بندەستە بۆ سەردەست کە بە ساڵان لەژێر کاریگەری داگیربووندا پێی ڕاهاتووە.

هەر وەک پێشتر گوتمان ڕزگاری لە داگیربوون بە مانای ڕزگاری لە گیرۆدەبوون نییە و ڕەنگە دەیان ساڵ دوای ڕزگاربوونیش ئێمە نەتوانین خۆمان لەو خێ و خەسڵەتانەی داگیرکەران کە بە دەیان ساڵ گیرۆدەیان کردووین دەربازمان بێ و هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ڕزگاری لە داگیربوون ناتوانێ بە تەواوی ئاسەوارەکانی داگیرکاری لە سیمای کورد بشۆرێتەوە و ئەم ئاسەوارانە ڕەنگە بە ساڵان لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەنگ بدەنەوە و ناڕێکی بەرهەم بهێنن. دەقیقتر بڵێین، کۆمەڵگەی ڕزگاربووی کوردی لە ئایندەدا، بۆ ماوەیەک لە دۆخی پەروەردەی سیستەمی داگیرکەردا دەمێنێتەوە و تا چەند وەختێ کە لەوانەیە دەیان ساڵ بخایەنێ، مرۆڤی کورد لەو بازنەیەی کە داگیرکەر بە ساڵان تێیدا هێشتوویەتەوە و پەروەردەی کردووە دەخولێتەوە و لە چوارچێوەی ئەو بازنەیەدا لە هەموو چەمکەکانی ژیان دەڕوانێ. لەحاڵێکدا کە دەسەڵاتی کوردی بە هەمان تێگەیشتنی سەردەستانی پێشوو لە فەرمانڕەوایی دەڕوانن، بە هەمان شێوە خەڵکی ئاساییش بە هەمان تێگەیشتنی بندەستبوونی پێشوو دەسەڵاتی کوردی دەبینن و لە ئەنجامدا ئەوەی ڕوودەدا بریتی دەبێ لە ژیانکردن لە هەمان بارودۆخی سەردەمی داگیربوون. هەر بۆیە کورد دەبێ هاوتەریب و هاوکاتی تێکۆشان دژ بە داگیربوون، بە ئاراستەی کاڵکردنەوەی گیرۆدەبوون بە خەسڵەتەکانی داگیرکەرانیش هەنگاو بنێ و بە واتایەکی دیکە بەر

لەوەی لە داگیربوون ڕزگاری بێ، پێویستە خۆی لە گیرۆدەبوون ڕزگار بکا. ئەگەرچی لەوانەیە کورد لە دۆخی داگیربووندا نەتوانێ بە تەواوی بەر لە وێرانکردنی ماڵی خۆی لەلایەن داگیرکەرانەوە بگرێ، بەڵام بێگومان دەتوانێ تا ڕادەیەکی زۆر بە سەرکێشی و جڵەوداری ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینەی خۆی پەروەردەیەکی خۆڕسکی دەروونی و نێوماڵی پەیڕەو بکا تا لانیکەم ببێتە خاوەن ویژدانێک کە دەتوانێ لە دوارۆژدا بەشێکی زۆری نارێکییەکانی داگیربوون بڕەوێنێتەوە. ئەگەر کورد نەتوانێ بەم ئاقارە هەنگاو هەڵگرێ بە ئەگەرێکی زۆر لە دوارۆژی ڕزگاربووندا ئەوەی کە بۆی دەمێنێتەوە بریتی دەبێ لە ماڵێکی وێران و ویژدانێکی بیمار.

## بزە و کزەی هاوکات

ئەوەی ڕاستی بێ هەر کیانێکی زیندوو چی وەک بوونەوەرێکی تاک و چی وەک کۆمەڵگایەک لە بوونەوەرە زیندووەکان لەم جیهانەدا بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی بە شکستی دژمنەکانی شاد دەبێ و بە سەرکەوتنیان نیگەران. بەڵام پرسیارێ، گەلۆ دۆخی کورد لەم بوارەدا بە چی شێوازێکە؟. ئایا کورد دەتوانێ بە شکستی دژمنانی شاد و بە سەرکەوتنیان ناشاد بێ؟. بۆ وێنە ئەگەر ئامەریکا بە مەبەستی گوشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتی ئێران لە تورکیا نزیک ببێتەوە، یان یەکێتی ئەوروپا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نزیکبوونی ڕووسیا لە ئێران خۆی لە عێراق نزیک بکاتەوە، عەرەبستان بۆ پاشەکشە پێکردنی بزاوتی شیعەگەری یارمەتی ڕەوتی سونە بدات، ڕووسیا بۆ بەرتەکی هەژموونی تورکیا هەوڵبدات ئێران لە ناوچەکە بەهێز بکات، لەم حاڵەتانە و لە دۆخەکانی هاوشێوەی دیکەدا، گەلۆ کورد بەگشتی دەبێ خۆشحاڵ بێ یان نیگەران. گەڕان بەدوای بەرسڤی مەراقی لەم شێوەیەدا دەمانگەیێنێتە یەکێ لە نارێکییە هەرە گەورەکانی ژیانی کیانی داگیرکراوی کوردی. لەکاتێکدا کە تێڕوانین و مەڕاقی کۆی ئەندامانی هەر نەتەوەیەک لەمەڕ هەرجۆرە شکست و سەرکەوتن و هەرجۆرە بەهێزی و لاوازییەکی دژمنانی ئەو نەتەوەیە لە یەک شێواز و یەک هەڵوێستی هەماهەنگدا خۆی دەنوێنی، بەڵام زۆرجار کورد لە دۆخێکی نارێک و دژوازی وەهادا گیر دەکا کە قەت نازانێ و ناتوانێ سەبارەت بە کەوتن یان هەستانی داگیرکەرانی خۆی چۆنە هەڵوێستێک وەربگرێ.

هەموو کەسێ دەزانێ کە داگیرکەرانی کوردستان وێڕای هاوبەشی لە داگیرکردنی کوردستان هەمیشە لەنێو خۆیانیشدا خاڵی جیاواز و بەرژەوەندی دژبەیەکی زۆریان هەبووە. ئەمجۆرە پەیوەندییەی داگیرکەران لە ڕەوتی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە جۆرێکە کە کەوتنی هەرکامەیان هەستانەوەی ئەوی دی و بەهێزی هەر لایەنێ لاوازی لایەنەکەی دیکەیانە. هەر بۆیە هەموو کاتێ ئەم داگیرکەرە ڕکابەرانە هەوڵیانداوە لەباری هێزەوە بە سەر یەکدیدا بشکێنەوە و لەم ڕکابەرییەشدا هیچیان دوانەکەوتوون. و ئەڵبەتە لەم نێوەندەدا زۆرجار کوردی دەستەوەستان لەنێو هاوکێشەکاندا لە بەزین یان دابەزینی هێز و پێگەی داگیرکەرێکدا بێچارەیە و نازانێ چۆن هەڵوێستێک بنوێنێ و ڕەنگە لە یەک کاتدا و سەبارەت بە یەک ڕووداو چەندین دوئالیتەی جیاواز و تەنانەت دژواز لەنێو کورددا پەیدا بکرێ. بۆ وێنە بەگریمانە وا بگرن ئەمڕۆ هاوسەنگی نێوان ئێران و تورکیا بەلای تورکیادا بشکێتەوە. گەلۆ دەتوانین بڵێین کە کورد لەهەمبەر ئەم ڕووداوە کاردانەوەی چۆن دەبێ و ئایا کورد دەتوانێ سەبارەت بەمە یەک هەڵوێستی هەبێ؟. بێگومان نا. سەیری دابەشبوونی جڤاکی داگیرکراوی کورد بکەن کە چۆن بەسەر ئەم هاوکێشەیەدا پەرش و بڵاو دەبێتەوە. جارێ لەنێو ئەو بەشە لە جڤاکی کوردی کە تواونەتەوە و خۆیان لە چوارچێوەی ئەو دوو دەوڵەتەدا دەبینن(ئەم بەشە بەشێکی بەرچاوی کورد دەگرێتەوە)، بێگومان هەستێکی جیاواز و دژبەر دروست دەبێ. با ئەم بەشەی کۆمەڵگەی کوردی وەلا بنێین. لەحاڵێکدا بۆ وێنە کوردی

داگیرکراوی ڕۆژهەڵات لە کەوتنی ئێران وەک داگیرکەری خۆی خۆشحاڵ دەبێ، کوردی باکوور بە سەرکەوتنی تورکیای داگیرکەری خۆی نیگەرانە. ئەم ناکۆکییە لە نێوخۆی هەر پارچەیەکیشدا بوونی هەیە. لە هەمان کاتدا کە ئەو بەشەی کورد لە باکوور کە خۆی بە داگیرکراو دەزانێ بە شکستی تورکیا شادمانە، ئەو بەشەکەی دی کە تواوەتەوە نیگەران و خەمبارە...

ئەم حاڵەتە دەروونییە دژوازە لە هەموو پێکهاتەکانی جڤاکی کوردی و لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا بە ئاشکرا دەبینرێ و تەنانەت لە سەرنجێکی ئاساییشدا بە ڕوونی بەدی دەکرێ. لە یارییەکی فوتبۆڵی نێوان یانەکانی تورکیا و ئێرانەوە بگرە، هەتاکوو شەڕێکی گەورەی وەک شەڕی هەشت ساڵەی دەوڵەتانی ئێران و عێراق، ئەنجامی هەموو ڕکابەرییەکی داگیرکەرانی کوردستان بریتی دەبێ لە دابەشبوونی کورد لەنێوان لایەنگری و دژایەتی، نیگەرانی و شادمانی و کزە و بزەی هاوکات. بە واتایەکی دیکە دابەشبوونی کوردستان هێندە ناڕێکە کە تەنانەت ڕکابەری و ڕقەبەری نێوان ئەوانیش دیسان هەر بە دابەشبوونی زیاتری کورد تەواو دەبێ و هەرکام لەوان سەرکەون و هەرکامیان بنکەون ئەنجامەکە تەنیا بریتی دەبێ لە بەهێزبوونی هێزی داگیرکەری سەر کوردستان و لە ناڕێکییەکی سەیر و سۆسرەتدا ڕاسەڵەی پەیوەندییەکانی داگیرکەران لەنێوان ڕکابەری و هاوکاریدا هەرچۆنێک بێ، بێگومان بە ئاراستەی داگیربوونی زیاتری مرۆڤی کورد و زیاتر پتەوبوونی سیستەمی داگیرکەری کوردستان دەڕوات.

با لە سۆنگەیەکی دیکەوە تەماشای پەیوەندی نێوان داگیرکەران بکەین، بەڵکوو باشتر لە دۆخ و چارەی کورد لەنێوان بەرداشی ئەم پەیوەندییانەدا تێبگەین. بێگومان هەرکەسێکی ژێر دەرکەوتنی ئاژاوە و شەڕ لەنێوان دژمنانیدا وەک دەرفەت دەبینێ و پێی خۆشحاڵ دەبێ و بەپێچەوانەوە ڕێکەوتن و هاوکاری نێوانیشیان بە مەترسی لەسەر خۆی دەزانێ و پێی نیگەران دەبێ. گەلۆ ئێمەی کورد لە کوێی دژمنایەتی یان دۆستایەتی داگیرکەراندا وەستاوین و لە هەرکام لەم دۆخانەدا چارەمان چییە و کامەیان بە سوودی ئێمەیە؟. کارڵ مارکس قسەیەکی هەیە کە ڕەنگە لە تێڕوانینی ئێمە کاریگەری هەبێ. مارکس دەبێژێ «سیاسەتمەداران لە ئەگەری ڕێککەوتندا ماڵمان دەستێنن و لە ئەگەری ڕێکنەکەوتندا گیانمان»[١٩]. بەپێی ئەم قسەیەی مارکس لە وەڵامی پرسەکەی پێشوودا دەبێ بڵێین باشترە داگیرکەران نێوانیان باش بێ. بەڵام ئاشکرایە کە ئەم بۆچوونەی مارکس سەبارەت بە پەیوەندی نێوان سیاسەتمەدارانی دەوڵەتدار و خەڵکی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەکان گوتراوە. ئەگەر لە چاوی کەسێکی داگیرکراوەوە بڕوانین، بەو پێیەی کە کورد دەوڵەتی خۆی نییە و بەو مانایەی کە مارکس مەبەستییەتی سیاسییەکانی سەردەستی کوردستان نە دەوڵەتدارانی کورد، بەڵکوو داگیرکەران و تاڵانکەرانی کوردستانن و هەروەها بەپێی ئەزموونی سەد ساڵەی داگیربوونی کوردستان، لە ئەگەری

---

١٩سەرمایە، کارڵ مارکس

ڕێککەوتندا نەتەنیا ماڵ، بەڵکوو ماڵ و حاڵی کورد پێکەوە تالآن دەکەن و لە ڕێکنەکەوتنیشدا دیسان حاڵ و ماڵی کورد تالآن دەکەن. بە واتایەکی دیکە گشتاندنی قسەکەی مارکس لەسەر کورد بێگومان هەڵەیەکی گەورەیە و ئەگەر بمانەوێ ئەم گوتەیە شیاوی بارودۆخی داگیربوونی کوردستان ڕاست بکەینەوە و دایبڕێژینەوە دەبێ بەمجۆرە ڕێکی بخەینەوە کە سیاسییەکان(ـــی سەردەستی کوردستان) لە ئەگەری ڕێککەوتندا گیان و ماڵمان دەستێنن و لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنیشدا دیسان گیان و ماڵمان دەستێنن. کەوابوو هەرجۆرە کزە و بزەیەکی هاوکاتی کورد لە ئەنجامی بەزین و دابەزین، بەهێزبوون و لاوازبوون و لێکئالآن و پێکهەڵچوونی نێوان لایەنە جیاوازەکانی سیستەمی سەردەستی کوردستان بێگومان هەڵەیە و دەبێ کورد تێبگات کە ئەگەر داگیرکەران لەگەڵ یەکتریدا بە باشی و تەبایی بژین، وەک گەلە کەمتیاری لەسەرخۆ سەر دەکەنە کەلاکی کوردستان و هاوئاهەنگتر پرۆسەی داگیرکاری بەڕێوە دەبەن و ئەگەریش ببێتە شەڕ و ئاژاوە لە نێوانیاندا، بێگومان ئەو شەڕە شەڕی دوو مارە لەنێوان هێلانەی چۆلەکەدا و کێ بێ نەزانێ هێلانە و چۆلەکە کوردستان و کوردە. هەر بۆیە پێویستە کورد وەک قەوارەیەکی یەکپارچە و بە یەک چاو بڕوانێتە پەیوەندییەکانی نیوان گەمەکەرانی سیستەمی سەردەستی کوردستان و سەرەڕای خۆ دەربازکردن لەم دوئالیتە دژوازە هەمیشە بە چاوی گومانەوە سەیری ئەم پەیوەندییانە بکات.

## نارێکی مەزن و شەڕی مەزن(پاشگوتن)

**ئەوەی ڕاستی بێ ئەو نارێکییانەی کە تاکوو ئێستا باسمان لێوە کردوون بەشێکی زۆر زۆر بچووکن لە چەوتییەکانی داگیربوونی کوردستان. دیاردەی داگیربوونی کوردستان بێگومان یەکێکە لە دەگمەنترین جۆرەکانی داگیربوون لە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتیدا و زۆرترین نارێکی لەنێو جڤاکی داگیرکراودا بەرهەم هێناوە. بە واتایەکی دەقیقتر ئەگەر خودی دیاردەی داگیربوون بۆ گەلانی دیکەی ئەم جیهانە کێشە و نارێکییەکی مەزن بووبێ، بۆ نەتەوەی کورد زیاتر لە نارێکی، بۆ خۆی ژێدەر و چاوکی گەلێ نارێکی گەورە و گچکەیە. بازەی ئەم نارێکییە هێندە گشتگیر و بەرفراوانە کە هەر لە قەدەخەکردنی تیپێکی زمانی کوردی(تیپی وەک «ێ» و «ڤ» لە ڕۆژهەلات بە شێوەیەکی نافەرمی و تیپی وەک «خ» و «ق» لە باکوور بە فەرمی قەدەخەن) دەست پێدەکا، هەتاکوو دەگاتە قڕکردنی بەکۆمەڵی مرۆڤی کورد(ئەنفال لە باشوور، جیهاد لە ڕۆژهەلات، گەلییێ زیلان لە باکوور). لە ساتەوەختی گەرابەستن لە هێلکەدانی دایکدا(هەموو منداڵێکی کورد بەر لەوەی لەدایک بێ ناوە ڕەسەنەکانی زمانەکەی خۆی لێ سەندراوەتەوە) تاکوو سالانێکی دوای مردنیش(شکاندنی کێلی گۆڕ، دەرهێنان و بێڕێزی بە لاشەی مردووی کورد و ... کارێکی لەپێشینەی هەموو داگیرکەرانە) هەموو چرکەکانی تەمەنی مرۆڤی کورد دادەپۆشێ...**

**لەم کۆلۆنییە کە لەڕاستیدا قوربانگایەکی گەورەی هاوبەشی نەتەوە پاوانخوازەکانی سەردەستی کوردستانە، لەو کەسەی کە قەت هەست**

**بە داگیربوونی خۆی ناگا تاکوو ئەو شۆڕشگێڕەی کە بەگژ داگیربووندا دەچێتەوە، هەمووومان قوربانین و هەر کەسێ بیهەوێ قوربانی بدۆزێتەوە وەک موزەفەری سوبحدەم[٢٠] لە «دواهەمین هەناری دنیا»ــی بەسەر دێ و لە گەڕان بە دوای سەریاسێکدا[٢١] بێگومان چەندین سەریاسی دیکە دەدۆزێتەوە. محەمەد ئوزون ئەم بارودۆخە ناڕێکە بە ڕستەگەلی وەک «بندەستی ماڵوێرانییە، زمانی مرۆڤی بندەست کلۆم کراوە، دەستی زنجیر کراوە، نە دەتوانێ قسە بکات و نە بنووسێت»[٢٢] شرۆڤە دەکا. ناڕێکی داگیرکراوی و بندەستبوون پەتایەکە کە بەشوێن خۆیدا هەزاران نەخۆشی دیکەی بۆ کۆمەڵگەی کوردی هێناوە و لەڕاستیدا دایکی گشت ناڕێکییەکانی جڤاکی بندەستی کوردە. هەر بۆیە ئەمڕۆ یا سبەی هەر دەبێ ئێمە بۆ ڕزگاری لەم نەخۆشییانەدا بەسەر ناڕێکی دایکدا سەرکەوین. هەمیشە لە داگیرکەر وەک بوونەوەرێکی ناڕێک بڕوانین و لەمەڕ ئەو بگەینە ئەو ڕق و نەفرەتەی کە ڕەفیق سابیر گوتەنی «تا خاکی لە خاچدراو و ئاو و مێژوو و ئاسمانی داگیرکراومان ــ نەستێنمەوە ــ لە سروشتی ئینسانیتان بەگومانم ــ لە هاوسێیی و لە ناسینتان ــ پەشیمانم ــ پەشیمانم»[٢٣].**

---

٢٠یەکێ لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانی دواهەمین هەناری دنیا

٢١ناوی کوڕەکەی موزەفەری سوبحدەم و دوو کەسی دیکە لە دواهەمین هەناری دنیادا

٢٢ڕۆمانی هاواری دیجلە، محەمەد ئوزون

٢٣دیوانی ڕەفیق سابیر

لەم ڕێبازەدا ئەگەر ئێستا بۆمان ناکرێ لەسەر زەوی بە سەریدا زاڵ بین، لانیکەم دەبێ لە ڕۆحی خۆماندا بەگژیدا بچینەوە و ناخی خۆمانی لێ بستێنینەوە. بە ڕۆح و بە مێشک لە بوونەوەری داگیرکەر و دیاردەی داگیربوون خۆمان جیا بکەینەوە و بە سەریدا سەربکەوین و لەم ڕێگایەدا بەردەوام ئەم قسەیەی محەمەد ئوزون بکەینە پێوەری ژیانی ڕۆژانەمان کە دەڵێ: «سەرنەکەوتن برینێکی غەدارە کە هێدی هێدی بریندارەکەی خۆی دەکوژێت، وتەی مرۆڤی سەرنەکەوتوو هێدی هێدی بزر دەبێت، زەمەن و سەردەمەکەی دەکەونە بەر شەپۆلی زەمەن و لەناو دەچن، مرۆڤی سەرنەکەوتوو نە وشەیەکی دەمێنێتەوە و نە مێژوویەک. لەناوچوون هەر بۆ خۆی لە ناوەکەیەوە دیارە، مردنە. دەنگی مرۆڤی مردوو نابیسترێت و ناتوانیت هەست بە هەناسەی بکەیت»[٢٤]. بە واتایەکی دی، ئێمە دەبێ پێش هەموو شتێ ببینە «کوردێکی ئازاد»[٢٥] و بەردەوام لە ناخی خۆماندا «کەڕنای جەنگ»[٢٦] لێبدەین، کەڕەنای جەنگێکی پیرۆز و نەمر ...

---

٢٤ڕۆمانی هاواری دیجلە، محەمەد ئوزون

٢٥دەستەواژە و کتێبێک بە هەمان ناو لە عەبدوڵا ئۆجالان

٢٦سەردێری هەڵبەستێکی عەبدوڵا پەشێو لە دیوانی شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم

# NARÊKÎ YÊN DAGÎRBÛNÊ

JÎRO ZAGROS